ڕۆمان

عومەر سەید

# سەرزەمینی زیکزیکە

# سەرزەمینی زیکزیکە

عومەر سەید
دیزاینی ناوەوە : جەبار سابیر
بەرگ: زەردەشت رەئوف
بابەت: ڕۆمان
چاپ: یەکەم : ٢٠١٨
چاپخانە: چاپخانەی یاد
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
لــە بەڕێوەبەرایــەتیی گشــتیی کتێبخانــە گشــتییەکان ژمارە(١٠٩٥)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە

بە

میمکەکانم

مەهروب و جەهان و ئەفرۆز

کۆستکەوتوانی دوای ئەنفال و نێو ئۆردوگای

زۆرەملێ.

پێشکەشە

## -١-

ئۆردوگـــاکە، لە کەمپێکـــی ئاشـــڤێز دەچێـــت. یـــا لە ئەژدیهایەکی رەشـی حەوت سـەر، بە هەزاران برینـی پڕ لە کێمەوە، کە دوا پەپکەی سـەرەمەرگی بە دەوری خۆیدا لێداوە. چوار رۆژە باران خۆشـی نەکردووەتەو. ئاسمان خۆڵەمێشـــــی، ئۆردوگـــــایەکی خوســـــاوی رووخســـــار خۆڵەمێشـــــی. لە پەنـــجەرەی تەڵخـــــی هەورەبـــــانەکەوە، دەڕوانمە نیمچە بـازاڕەکەی بەرامبەرم، یەك دوو دوکـانی شـڕکەوپڕکە، کـۆڵانێکی قـوڕ و چڵپـاوی پـڕ گەنـدوگوو. دەڕوانمە سەگە تەڕ و بەرەڵاکان، کە لەم ئێوارە غەمگین و تـاریکەدا، لمـۆز دەژەنـنە هەمـوو شـتێکەوە، بە ئومێـدی دۆزینـەوەی کەمە خواردنێك. دەڕوانـم و رۆحـم ئـاوێتەی ئەو سـەگە بەرەڵایـانەیە، کە لە تـای تەرازوودا، کەمێـك ژیـان بە لای ئەوانـدا قورسترە! هەر هیچ نەبێت، لە من

ئازادترن و بە دڵی خۆیان بە تەواوی ئۆردوگاکەدا دێن و دەچن. لە کاتێکدا من تاك و تەنیا، ڕۆژانم لەم هەورەبانە تەزیوە شێدارەدا بەسەر دەبەم. کە سەرما تا سەر ئێسك و نێو خوێنم ڕۆچووە. خێرا خێرا تەمی سەر پەنجەرەکە دەسڕم کە هەڵمی هەناسەی ساردم دایدەپۆشێ. وەك کرمە لوولپێچەکان، خۆم لە بەتانییەکی ڕەنگ قەوزەییدا پێچاوە. هێواش هێواش دەرەوەی خۆڵەمێشی بەرەو ڕەشی و تاریکی وەردەگەڕێت. تۆزێکی تر دیمەنی سەگەکانیش نامێنن. دەگەڕێمەوە سەر تەختەخەوە شڕەکەم و لەبەر ڕووناکی کزی چراکەدا، ئەڕوانمە وێنەی (کافکا)ی سەر بەرگی کتێبەکە، کە بە گوێیەکی زل و دوو چاوی زەقەوە، لێم دەڕوانێ و چاوەڕوانە ببمە دەعبا! وتم بە یەك گوێوە، ههههههههههه هاوینی ڕابردوو قالۆنچەیەکی ڕەش، تۆڵەی خۆی لێکردەوە و بە بەر چاومەوە گوێی ڕاستی داکرمان و کرتە کرت خواردی! ڕەنگە مەبەستی تۆڵەکردنەوە بووبێت، بەرامبەر بەوەی کە مرۆڤی شوبهاندووە بە ڕەگەزە جوان و ناتوند و تیژەکەی.

تەماشایەکی گەرمیپێوی سەر دیوارەکە دەکەم، لە پلەی دوودا لەنگەری گرتووە. هەست ئەکەم دەرەوە لەم ژوورە شێدارەی من گەرمتر بێت! بۆ تاقینەکەمەوە؟ گەرمیپێوەکەم هێنا و پەنجەرەکەم واڵا کرد، تاوێك دەستم بردە دەرەوە. بینیم هاتۆتە سەر یەکەکە، کەواتە جیاوازی ئاستی دەرەوە و ژوورەوە تەنها یەك پلەی سیلیزیە. گەڕامەوە ژێر بەتانییەکانم و پەنجەرەکەشم هەر بە

کراوەیــی جێهێشــت. یەك پــلەی گەرمیــی ئەوە نــاهێنێ پەنــجەرەی بــۆ داخەم و خــۆم لە هەوای پــاكی دەرەوەش بێبەش بکەم. وەك هەمــوو مەغریبیێکــی تــر، لە خــوارەوە میمکم هاواری کرد:

- بێ ئاشەکە بووە.

باشــتر وایە بڵێــت، وەرە ســاوەرەکەت بەرە. خــۆ لە مــاڵەکەدا، جــگە لە ســاوەر و پیــاز و نــان زیــاتر، هیچیتــر دەســتناکەوێت. پــاش ســاوەر خــواردن، دەســت دەبەم و رۆمــانەکەی دوێنــێ شــەو لە کتێبخــانە چکــۆلانەکەم دەردەهێنم. لە ژێر بەتــانییەوە دەچمە دنیــای پڕ سیحر و جوانی وشە و خەیاڵەوە. سووڕی ژیانم لە سووڕی ژیانی بۆق بچووکتر و بێ بەهاترە. دەخوێنمەوە، دەخوێنمەوە، دەخوێنمەوە... تا بێئاگا دەبم و خەوم لێدەکەوێ.

ســەرخەوێکی کەم، تــا ئەو کــاتەی کــاتژمێرە قورمیشــکراوەکەی ژوور ســەرم زەنــگ لێــدەدات جــڕ... جــڕ... جــڕ... رادەپەڕم، جەڕەســە. ئیــدی گەڕانەوە بــۆ رۆژێکیتــر، بــۆ واقیــع ســەلەنوێ دەســت پێــدەکاتەوە. بە پەلەپەل خــۆم دەگــۆڕم، بە قــادرمەکەدا نەرم و لەســەرخۆ دێــمە خــوارەوە و جــووتە جــزمە رەشــەکە لە پێیەکــانم هەڵدەکێشم، ئاودیوی کۆڵان دەبم.

ئەوەی هەیە سەرمای تیژ و تاریکی، قوڕ و چڵپاوی کۆڵانە مت و چۆڵەکانە. بە هەنگاوی خێرا و پەلە، خۆم دەگەیەنمە نانەواخانەکە. کاتێ مەلای مزگەوتەکە هاوار دەکات (الصلاة خیر من النوم) من دەبێ دوو تەشتی

گەورە هەویرم شێلا بێت. تا دواتر ورد ورد، بیانکەم بە گونك و بەسەر مێزە بە خام داپۆشراوە ئارداوێیەکەدا ریز تەنیشت ریز دایاننێم. لە نێو وڕوگوڕی تەنووری داخبوودا من گونك دەبڕم، وەستاش بەسەر مایەکەوە پانی دەکاتەوە و دەیدا بە دیواری تەنوورەکەدا. بەرەبەیان تاکوتەرا خەڵکی نیوە مردوو، بە پرتاو خۆیان دەکەن بە ژێر چەرداخی نانەواخانەکەدا و پارەکانیان دەخەنە ریزەکەوە. نیمچە رووت و نیمچە تەڕی بەر باران، لەم تاریکی و سەرمایەدا، بە تۆزێك هەناسەی ساردەوە، وەك (ئیسماعیل) سەریان بۆ چەقۆی رۆژگار کەچ کردووە. ئەو ژنە کز و خەمبارەی دەڕوانێتە نێو تەنوورە داخبووەکە، هەموو بەیانییەك دێت و تەنها دوو نان دەبات. رۆژانێك کۆڵێ خێزانی هەبوو، ئێستا تاک و تەنیا هەر خۆی ماوەتەوە! رۆژگاری بەر لە ئەنفال، لە گوندەکەی خۆیدا، هەموو سپێدەیەك یەك تەشتی گەورە هەویری دەشێلا و بە نانی دەکرد. ئەوەتا ئێستا تەنها دوو نان دەبات و دەڕوا، لە نێو کەلاوەکەیدا بێ پیاو، بێ منداڵ و کەسوکار، ژیانی پێ رایی دەکات. ئەوانیتریش حاڵیان لەم باشتر نییە، دەردی هەموویان شوێن بزربوونی ئازیزانیانە.

بەر لە نیوەڕۆ، ئارداوی و ماندوو ملی رێگای هەورە بانەکەم دەگرمەوە بەر. بەڵام وەك هەر رۆژێکیتر لائەدەمە چایخانەکەی (مام دێو) ئەو پیاوە کەتە و زلە رۆح سووکەی کە هەموان بە مام دێو بانگی دەکەن. رۆژانە

لای ئەو نۆکاوێك، یا هێلکەورۆنێك دەخۆم و گوێبیستی هەندێ هەواڵ و قسە و باسی خەڵکیی دەبم. تۆزێکیش بەدەم قسە و فشەکانی (حەمە فاشی)یەوە پێدەکەنم و خەمی رۆژ بە با دەدەم. حەمە پاش سی ساڵ پێشمەرگایەتی و دەربەدەری، تاك و تەنیا لەم ئۆردوگا مەرگهێنە گیرساوەتەوە. خۆی هەمیشە دەڵێ:

- مووم لێنەهاتبوو کاتێ چوومە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی.

لە بارەی نازناوی فاشییەوە، حەمە دەڵێ:

- تازە چووبوومە شاخ، رۆژێ کادری مەفرەزەکەمان باسی فاشیزمی بۆ ئەکردین. کە چۆن فاشیزم بە بەلاش و خوتوخۆڕایی خەڵکی دەکوژێ، ماڵ و منداڵ لە ناو دەبات. روو بکاتە هەر کوێ، وێران و خاپوری دەکات. بە کورتییەکەی فاشیزم دەکوژێ و دەدزێ و وێران دەکات.

حەمە دەڵێ:

- منیش هەستام وتم:

- بۆ فاشیزم ئەمەیە؟ وەڵا کاکە من فاشیزمم. رێك و ڕەوان من لەگەڵ کوشتن و تاڵانیدام.

ئیتر لە دوای ئەوەوە ئەم فاشییەیان نا بە پاشەڵمەوە.

حەمە زۆربەی رۆژی لەم چایخانە بچووکەدا بەسەر دەبات. هەمیشە لای ژووری گرتووە و بەدەم جگەرە کێشانەوە یادەوەری دەگێڕێتەوە و خوتبەی سیاسی دەدات. ئەو سیاسەتەی خۆی لێی تێیگەیشتووە. کە من چووم،

هەنـدێ گەنـج و کاسـبکاری بـازاڕەکە دەوریـان دابـوو، ئەویش بە دڵی خۆی قسەی بۆ دەکردن:

- جا ئێمە بۆ هەر شۆڕش و راپەڕینێك، پێویستمان بە تاکتیـك و سـتراتیژ هەیە. ئەم دووەت نەبـێ قـوڕ ئەکـرێ بەسەری ئەژداد و ئابادتا. جا بە برایانی خۆم بڵێم، تاکتیك چییە؟ تۆ بـا بڵێین مەفرەزەیەکت لە گەڵدایە و بە دۆڵێکدا دەڕۆی. لە پڕ دەکەویتە کەمینـی دوژمنەوە، باشـە تـۆ چـی دەکەی؟ نـاتوانی نە بگەڕێیـتەوە، نە بەرەوپـێش هەنگـاو هەڵبێنی. ئەی کەواتە چی ئەکەی؟

یەکێك لەوانەی دەوریان لێدابوو، وەك رۆژانیتر هاوار دەکات:

- دەبێ چی بکرێت!

حەمەش مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی داو وتـی:

- ئـا... ئەمە پرسـیارە قورسـەکەیە... دەبـێ چیـبکەی؟ ئالێرەدا تۆ دەبێ تاکتیك بە کاربێنی. تاکتیك چییە؟ کـاتێ لە هەمـوو لاوە تەقەت لێـدەکرێ و رێگـای دەربازبوونـت لێگیراوە، پەنا دەبەیتە بەر تاکتیك و بە هەموولایەکدا چاو دەگێڕی. تا پەنا و پەسێوێك، یا گابەردێك دەدۆزییەوە و بە پرتـاو خـۆتی لە نێـو مەڵاس دەدەی، دەسـت دەکەیـتەوە و تەقە لە دوژمن دەکەی، ئەمە پێیدەوترێت تاکتیك.

یەکێك لەگەنجەکان بە لاقرتێوە پێی وت:

- ئەی ستراتیژ؟

من کە خەریکی نۆکاو خواردن بووم، ئـاوڕم لە کـاکی شۆڕشـگێڕ دایەوە، تـا بـزانم چـۆن وەڵام دەداتەوە. حەمە

دەستیکرد بە گیرفانی قەمسەڵە سەربازییەکەیدا و پاکەتەکەی دەرهێنا، جگەرەیەکی تری خستە سەر لێوی و لەگەڵ مژێکی قووڵدا وتی:

- ئا ئەمە پرسیارە قورسەکەیە، ستراتیژ چییە؟ ئەویش کوتومت لە تاکتیك دەچێت. بۆ نموونە، تۆ بە دۆڵێکدا دەڕۆی، لە پڕ دەکەویتە بۆسەی دوژمنەوە. لە هەموو لاوە فیشەکباران دەکرێیت، تۆ چی ئەکەی؟ چاو دەگێڕی بۆ پەناوپەسێویێك، یان تاشەبەردێك، تا خۆتی تیا حەشاربدەیت. ئەوجا هەروەك تاکتیك، جاروبار دەکەویتە تەقە کردن، تا تاریکی شەو دادێت. ئیتر ورد ونهێنی بە دۆڵەکەدا شۆڕدەبیتەوە، تا خۆت دەرباز دەکەیت. ستراتیژ ئاوهایە، تێگەیشتن؟

زۆربەی رۆژ کە دەگەڕێمەوە، دەبینم چەند قەیرە کچ و بێوەژن و پیرێژنێك، لە دەوری میمکم دانیشتوون. بەدەم گریان و نزا و پارانەوەوە، باسی کەسە ئەنفال کراوەکانی خۆیان دەکەن. هەواڵ و قسە و باسەکانی نێو ئۆردوگاکە بۆ یەك دەگێڕنەوە. ئەمڕۆ کە خۆم کرد بە ژووردا، بینیم میمکم، لەگەڵ نەنە سەلەدا، بەرامبەر یەك دانیشتوون، بەدەم خەم و گریانەوە بۆ یەك دەدوێن. نەنە سەلە، یەکێکە لەو سەدان پیر و پەککەوتانەی کە لە نوگرەسەلمانەوە گەڕاونەتەوە. شەوێك لە چەند پاسێکدا کۆمەڵە خەڵکێکی پیر و کەنەفتیان هێنا و لە ئۆردوگاکەدا هەڵیانڕشتن. ئەوە ئەو ئەنفالکراوانە بوون پاش شەش حەوت مانگ، دەست بەسەرکردنیان لە بیاباندا، نیوە مردوو گەڕاندیانیانەوە بۆ

ئۆردوگاکــان. بە مەبەسـتی فرێـودانی خەڵـك و هەمـوو جیهان، بەعسییەکان وتیان ئەوە کەسوکارەکانتانە، وابۆمان گەڕانـدنەوە. بەڵام ئەوان تەنهـا دڵۆپێـك بـوون لە دەریـای ئەنفالکراوەکان. نەنە سەلە، پاش شەش مانگ ژیانکردن لە دۆزەخــی نوگرەســەلماندا، دوو چـڵە ئێسـکی مــابوو، ئەو باسی سەگە رەش و عەجاجی دەکرد:

- خــاڵە عەبە وەبەر چــاومەوە عەجــاج دارێکــی داوە تەوق ســەریا و دەس وەجــێ رمیــاو رۆحــی دەرچــووی. بردیـان و تـۆزێ لمیـان کـرد وەبانیـا و دوایـی قـاچی وەدەم سەگە رەشەوە بی!

باسی قافڵەی دوور و درێژی نێو رێگای قووڵی بیابانی دەکرد:

- بردمانیــان، بردمانیــان، بردمانیــان... دویـر دویـر دویر... ئاو نەوی، نان نەوی، گەرم بی، ئەڕمیاین وەسەر قـاچ و قـولی یەکـا، منـاڵ ئەگیـرا، ژن و پیـاو وەبـان یەکـا ئەڕمیـان. حەیدەر قچـی شکیا، سـابیر ئەگیریـا، ژن و کـچ ئەڕشیانەوە، گەنجەکـان ئـاخ و ئۆفیـان بـی، عەسکەرەکان لێمان تووڕە ئەوین و دژمانیان ئەدا و ئەخەنیانەوە...

چوومە سەرەوە بۆ هەورەبانەکە و لە دڵی خۆمدا وتم:

- ئەم دنیایە چ گاڵتەجاڕییەکە، وەك دەتکا بە قوربـانی، زمانیشـت پێنابەخشـێ تـا بتوانیـت گوزارشـت لە خـۆت و ئازارەکانت بکەیت.

خۆم کێشایە سەر تەختە خەوەکەم، گوێم دایە گریـان و لاوانەوەی بە ئــازار و ســۆزرێژی نەنە ســەلە و مــیمکە

داماوەکەم، کە بەدەم ناڵە و هاوارەوە ناوی کەس و کارە بزربووەکانیان دەهێناو دەیانلاواندنەوە. خەم و ئازاری دایك و کەسوکارم، لە ناخەوە هورژمیان بۆ هێنام، تا نەرم نەرم، ریزە دڵۆپی گەرم گەرم، بە هەر دوو لا روومەتە قوپاوەکانمدا چۆڕاوگەیان بەست و رژانە لا ملمەوە. فرمێسك و گریان و لاوانەوەی جەرگبڕ، بوونەتە هاوەڵی رۆژانە و هەمیشەییم. فرمێسکی خۆم و لاوانەوەی هەموو رۆژی میمکم. شەوانی درەنگیش زریکە و گریانی بەرز و ئازارهێنی ئەو قەیرە کچە شێتەی ئەو ماڵە دراوسێیەم، کە نیوە شەوان وەك دێڵەسەگێك، دەقروسکێنێ و دەلووریێنێ، شەو پڕ لە پووچگەرایی دەکات. هەندێ بەرەبەیان بەر لە زەنگی کاتژمێرە قوڕمیش کراوەکەم، دەنگی بە سۆزی گریانی ئەو شێتە بێدارم دەکاتەوە، ئەو شێتەی لە ژوورێکدا زنجیر لە مل زیندانیان کردووە. زۆربەی نیوە شەوان، پەنجەرەی تەڵخی هەورەبانەکە دەخەمە سەر پشت و بەدەم گوێگرتن لە گریانی بە سۆزی قەیرەی شێتەوە، چاوانم دەخەمە سەر ئەو تاقە پنتە رووناکییەی هەورەبانی بەرامبەرم، کە تاقە رووناکی ئۆردوگاکەیە. تاقە رووناکی کزی ئەو مامۆستا بێکەس ماوەی پاش ئەنفال، ئەوی شەوان تا کازیوە بە دیار چرایەکەوە هاوکێشەی حەل دەکرد. ئەو دەیویست لە رێگای زانستی بیرکارییەوە، لە رێگای تیۆری فیساگۆرسەوە، بیسەلمێنێ کە ئەنفال ئاماژەیەکە بۆ نەبوونی خودا.

هەمیشــە نیــوەڕوان کە دەگەڕێــمەوە، چەنــد نــانێکی لاســووتاو دەدەمە دەســتی مــیمکم و ســڵاوێك لە بــاپیرە کەنەفت و ئیفلیجەکەم دەکەم. بە قادرمەکەدا سەردەکەومە سەرەوە بۆ نێو هەورەبانە تەزیوەکەم. راستەوخۆ دەچمە ژێر جێگاکەم و تا دەمە و ئێوارە لێی دەنووم. ئێوارەش دیســانەوە لە پەنــجەرە تەڵــخەکەوە دەڕوانــمەوە ســەگە بەڕەڵاکانی نێو کوچەی نیمچە بازاڕەکە. ئەو سەگانەی لە تای تەرازووی ژیاندا، ئەوان لە من خۆشتر دەژین. هەر هیچ نەبێ، ئەوان هەمیشە وەك کۆمەڵێ هاوڕێ بەردەوام پێکەوەن. کەچی من هەمیشە تەنیا و بێ یار و هاودەردم.

لەم مالەدا، من ومیمکم و باپیرەم دەژین. لە باوك و دایك و سێ برا و دوو خوشك، هەر بە تەنها خۆم ماوم، ئەوان هەر هەموویــان ئەنفــالن. میمکیشــم حەوت بــرا و چوار خوشکی بێسەروشوێنی ئەنفالە. هەرچی باپیریشمە لە ساڵی (شەست و سێ)وە ئفلیجی سەر عارەبانەیە، کە لە نــاو قەد بە خــواریەوە مــردووە. ئەوی رۆژێ کــاتێ (حەرەس قەومییەکان) هێرش دەهێننە سەر گوندەکەمان. باپیرم وەك پیشمەرگەیەك بە بڕنەوەکەی لێیان دێتە دەست و بەریان پێدەگرێت. تا خەڵکی ئاوایی خۆیان دەرباز بکەن و فریای هەڵهاتن بکەون. پاشان دوا کەس گوندەکە جێدێڵی و بە دامێنــی چەمەکەدا بۆی دەرئەچــێ. لەو کاتەدا کە لە دواوە بەر فیشەکیان داوە، لە نێو چەمەکەدا ژنێك دەبینــێ، بەدەم ئازاری منداڵبوونەوە ئەتلێتەوە و توانای هەڵهاتنی نییە. شپرزە و بەپەلە دادەگەڕێ بۆ لای ژنە، تا فریای

بکەوێت. بەڵام بەر لە گەیشتنە ژنەی داماو، لە دواوە ڕێك فیشەکی بڕنەوێك بڕبڕەی پشتی دەپێکێ و تەختی نێو بەردەلانی لاپاڵەکەی دەکات. بەوەی باشە، هێندە توانای دەمێنێ، بە سکە خشکێ خۆی بگەیەنێتە نێو کونە ئەشکەوتی (دێوە سپی) قەد لاپاڵەکە و بە ئازار و خوێنەوە خۆی تیادا مەڵاس بدات. لە چاوی پیسی جەلاد و دزەکان خۆی بپارێزێ. ئیدی لەو کاتەوە ئەو نیوە مردوو، نەیتوانیوە تەنانەت یەك هەنگاویش هەڵبێنێ. مات و غەمگین بیست و پێنج ساڵە، بەسەر عارەبانەکەیەوە ژیان بەڕێ دەکات.

پاش ساوەر و پیاز خواردن، تەماشایەکی (کافکا)ی گوێ بڕاوم کرد. دەستمدایە ڕۆمانەکەی دوێنێ شەو، کە چەند لاپەڕەیەکی کەمی ماوە تەواوی بکەم. ڕۆمانێکی عەنتیکە و سەرنج ڕاکێشە، باسی مرۆڤگەلێکی چیانشین دەکات کە لە مێژووی کۆندا، بەر شاڵاو و داگیرکاری دوژمنێکێ وەحشی دەبنەوە، کە بە ناوی پەیامی خوداوە بە هەموو لایەکدا هێرش دەبەن و داگیرکاری دەکەن. چیانشینەکان تا بڵێی مەخلوقاتێکی سادە و ژیان دۆستن. بە مەڕومالات و کشاوەرزییەوە سەرقاڵن. هەرچۆنێك بێت خۆیان لەگەڵ سروشتی سەخت و ڕەقدا گونجاندووە.

کاتێ لەشکری دوژمن دێتە سەریان، داوای تەسلیمبوون و خۆ بە دەستەوەدانییان لێدەکەن. لە بەرامبەردا سەرو ماڵیان پارێزراو دەبێت. ئەگەر نا، ئەوا ئیبادە دەکرێن! خەڵکی نێو چیا دەبنە دوو بەرەوە،

بەرەیەکیان خۆیان رادەستی لەشکری دوژمن دەکەن. بەو بیانووەی کە شەڕی لەشکرێکی هەمەجی و تاڵانچی کاری نەکـردەیە و جـۆرێکە لە خۆکـوژی. بەرەیەکـی کەمـیش رووي تیـــر و شــــیرەکانیان دەکەنە دوژمـــن و مەردانە دەجەنگـن. لێـرە و لەوێ جەنــگ هەڵدەگیرســێ و لەهەر دوولا، کوشتاری زۆر روودەدات. تـا سـەرەنجام لەشکری بێشـوماری پیـاوانی خـودای بیابـان سـەردەکەون و نیـوە زیاتری بەرهەڵستکارەکان دەکوژن. سروشتی پاك و جوان پـڕ دەکەن لە پەڵەی خـوێن، کە تـا ئیسـتەش بەهـاران لە رەنگ و بۆنی گوڵیلکە سوورەدا دەردەکەونەوە. ئەوانـەی دەشمێننەوە، روودەکەنە نێو چیا و شیوە دوورە دەستەکان، کە دوژمنی بیابانشین هەرگیز ناتوانێ پێیان بگات.

ســاڵان دێـت و دەڕوات، رۆژ لە دوای رۆژ، خەڵکـانی یاخی و بەرهەڵستکاری نێو چیاکان کەم و کەمتر دەبنەوە. زۆرێکیـان لە کـاتی پەلامـاردانە پارتیزانەکانیـان بـۆ سـەر دارودەســـتەی دوژمـــن دەکـــوژرێن و دەبـــنە قوربـــانی. ئەوانیتریش یا بە هۆی سەختی و سەرمای چیـاوە دەمرن، یــا ســەری خۆیــان هەڵــدەگرن و دوور دوور رۆدەچــنە قووڵایی چیا سەرکەش و سەر لە هەورەکاندا، ئیدی کەس چاوی پێیان ناکەوێتەوە.

لە مەخلوقی چیانشین، تەنها ئەوانە دەمێننەوە کە هەر لە سەرەتاوە تەسلیم بە دوژمن بوون و ژیانی کۆیلایەتی و جاشـایەتییان هەڵبـژارد. جـاش بـوون تـاکە رێگـای مـانەوە

بوو! دواتریش ئەوەی لەوان بوو، لە ناخ و رۆحیدا تۆوی خۆفرۆشیی و دەستەمۆیی هەڵگرتبوو.

لە بەشی دووەمیشدا، رۆماننووس هەوڵدەدات بە پێی تیۆری داروین و زانستی ئەڤەلۆشن. پاشماوە و نەوەکانی چیانشینەکان هەڵسەنگێنێ و بیسەلمێنێت کە نەوەکانی ئێستا دەچنەوە سەر رەچەڵەکە کۆیلەکە، لە جیناتیاندا خۆفرۆشیی و نیشتمان فرۆشی و خیانەت هەیە. لە کرۆمۆسۆمەکانی باب و باپیریانەوە نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە. تا لە کۆتاییدا رومانەکە دەڵێت.

بۆیە مێژوویان نییە و هێز نییە کۆیان بکاتەوە. پڕپڕن لە شکست و شەڕی خۆکوژی و جاشایەتی بۆ دەرودراوسێ! بۆیە سەرکردە و نیشتمانیان نییە و ئەوەی هەیە قوربانییە.

# قەرسیلی

# کۆلارەکەی دارا، پیربوونی حەنزەڵە

بەسەر راستە شەقامێکەوە کە ئۆردوگاکەی دەکردە دوو بەشــەوە، دوو منــداڵ دەبینرێــت، دوو منــداڵی بــێ دایــك. یەکێکیــان بەســـەر شۆســـتەکەوە دانیشـــتووە و پشـــتی لە رێبـوارانە، بە سـەرێکی خڕەوە هەر دوو دەستی خستۆتە پشتی. پەنجەکانی وەك دوو کۆتر دەردەکەون کە دەنوك و باڵەکانیان پێکداچوون. ئەویتریشیان لاونیو وەستاوە و بە دەســـتێکی، دەزووی کـــۆلارەکەی گرتـــووە، کە بەســـەر ئۆردوگاکەوە دەشەکێتەوە.

ئەم دوو منــداڵە، تەنهــا باوکیــان هەیە، ئەوان هەرگیـز وەك منداڵانیتر لە دایك نەبوون. ئەوی دانیشتووە و پشتی لە ئێمەیە، ناوی (حەنزەڵە)یە، ئەو منداڵی (ناجی علیی)یە، گەرچـی تەمەنـی دە سـاڵە، بەڵام شەست، یـا حەفتـا سـاڵە هەیە؟ بــاوکە کاریکاتێریســتەکەی بڕیاریــداوە هەر بە دە

ساڵی بیهێڵێتەوە، تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە باوەشی دایکی. لەوەش زیاتر نابێت کەس سیمای ببینێ تا ڕۆژی ئازادی فەڵەستین. حەنزەڵە، مێژووی یەك سەدەیە لە داگیرکاری و خیانەت و تیرۆر، منداڵێکی سەرکزی بێ دایکی هەژارە، هێندە کاولکاریی و جەنگ و خیانەتی بینیوە، هەمیشە سەرکز و پشت کووڕە.

هەرچی منداڵە کۆلارە بە دەستەکەشە، کە تەمەنی هەر شەش ساڵێك دەبێ. کوڕی (ئیبراهیم ئەمین باڵدارە)، نزیکەی حەفتا ساڵ دەبێت، ئەم منداڵە خۆی و کۆلارەکەی شاهیدی زەمەنێکی پڕ جەنگ و داگیرکاریی و سیاسەتی زەوی سووتاندنە، خۆی و کۆلارەکەی هەمیشە بەشێکن لە یادەوەری ئێمە.

ئێستا ئەم دوو مەخلوقە، چیرۆك و یادەوەری تاڵی خۆیان بۆ یەك دەگێڕنەوە. حەنزەڵە، باسی داگیرکاری و خیانەتی هاوزمانەکانی خۆی دەگێڕێتەوە. باسی کۆمەڵکوژی (سەبرا و شاتیلا، بەیتلەحم و قودس) دەکات. چیرۆکی ڕاگواستن و دەربەدەریی و ڕەشەکوژی دەکات، خیانەتی مامەکانی بۆ دارا دەگێڕێتەوە، تا ماندوو ماندوو دەبێت.

ئەوجا دارا دەڵێ:

- کاتی منە چیرۆکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، ئیدی تۆ گوێبگرە حەنزەڵەی هاوڕێم، ببیستە مامە خائینەکانی تۆ چ تاوانێکیان دەرهەق بە ئێمە کردووە. ئەوان هەر خۆفرۆش

نین، ئەوان گەورە تاوانکارانی ئەم سەدەیەن، گوێ رادێرە بۆ چیرۆکی من، حەنزەڵە... گوێ رادێرە...

***

یەکەم کەس کۆلارەکەی من بوو، بە دوو چاوی گەشی رەش رەشەوە، لە کاتێکدا بەسەر ئاسمانی شین کاڵی گوندەکەوە گۆرانی دەگوت و بەدەم شنەبای بەهارەوە مەلەی دەکرد. لە دوور بەسەر یاڵەکەوە، دوو تانکی بینی بەرەو گوندەکە دەهاتن.

چێشتەنگاو، ئاسمان شینی پڕ پەڵەی سپی سپی سپی هەور، زەوی سەوز پۆشی پڕ پنتی سوور و زەردی گوڵی مانگی ئازار. بە قەد پاڵی چیاکەوە، کاکی شوان بلوێری دەژەند، مەڕ و کاریلەکان دەمیان ژەنیبووە گیا باڵاکە و دەلەوەڕان. لە دامێنی گوندەکەشدا کوڕگەل، بەسەر ئەسپەکانیانەوە غارغارێنیان دەکرد. مام زۆراب لە بەردەم قوتابخانە چکۆڵەکەی گونددا، سینییە پڕ مێوژی دانابوو هاواری دەکرد:

- وەرنەوە مێوژی نایاب...

دادە لە حەوشەی ماڵەکەیدا مەشکە دۆی دەژەند. ئازاد بەسەر دار سێوێکەوە هاواری دەکرد:

- راوەستە نەسرین، ئەمە سێوێك، ئەمە دوو سێو، ئەمە سێ سێو.

زەینەب بە تەنیشت دایکییەوە بەبەی خۆی هەڵدەپەڕاند، ئەو بەبە پەڕۆیینەی هەمیشە دەمی پڕ خەندەی شێوەی کەوانەیەکی بەرەو سەری وەرگرتبوو. مەلەکان

دەیانجریواند. زەردە بە دەور و خولی منداڵەکاندا کە خەریکی نەمام رواندن بوون، هەڵبەز و دابەزی بوو. بەدەم شنەی شەماڵەوە، دەغڵی گەنم کەروێشکەی دەکرد. ژیان پڕ ئارامی و پڕ پڕ جوڵە بوو.

دارا، کە هێدی هێدی پەنجەی شل دەکرد و دەزووی زیاتری دەدایە دەم کۆلارەکەیەوە. دووەم کەس بوو بینی بە دوای دوو تانکەکەوە، دوو زیلی تری پڕ جەیش و جاش دەرکەوتن. هاوکات بێ ئاگا زارا لە چیمەنەکەدا وازی دەکرد، گەلاوێژ دیلانێی دەکرد، نازێ گوڵی دەڕواند. دایە جلی هەڵدەخست و تەشتەکەی پڕ کەف بوو. لە کۆڵانەکەدا جوچکەکان، جیك، جیك، جیك، بە دوای دایکە مریشکەوە چینەیان دەکرد. گا بەڵەك بەقەد لاپاڵی شاخەکەوە دەلەوەڕا. نێرگز، دیمەنی نێو باخی دەکێشا. مامۆستا لە تەختەی نێو پۆلدا نووسیبووی.

(ئەوە کێیە تەپە تەپ دەکات، کاسە و کەوچکم پڕ لە خۆڵ دەکات)

کۆلارەکە لە ئاسمانەوە، بە دوو چاوی گەشەوە دەیڕوانی. بینی گورگە دڕندە برسییەکان رژانە نێو گوند. دۆی دادەیان رژاند، بە قۆناغە تفەنگ کەوتنە سەروگوێلاکی مام زۆرابی مێوژ فرۆش. کۆلارەکە لە قووڵایی ئاسمانەوە دەیبینی، خوێن و مێوژ چۆن تێکەڵاوی یەك دەبن. دەیبینی جاش و سەربازەکان، گیرفانیان پڕ لە مێوژی خوێناوی دەکرد!

تانك و زیلەكان نەمامە تازە رووا وەكانیان پلیشاندەوە و هاتنە ناوەڕاستی ئاوایی.

دارا و كــۆلارەكە، بەردەوام تەماشـــایان دەكـــرد و بە هەموو لایەكدا چاویـان دەگێڕا. ترسـاو و چـاو بە گریـان، حەپەســـابوون و نەیانـــدەزانی ئەمە چیـــیە كە روودەدات! كۆلارەكە بەسەر گوندەكەدا دەهات و دەچوو. دارا منداڵێك بوو، لە دەرەوەی شوێنكات، ئەو ئەفسانەی یـادەوەرییەكی گەورە بوو، تەماشاكەر و شایەتحاڵ بوو. بە كۆڵانە خـوار و خێچەكانـــدا رایـــدەكرد، دەگریـــا و هـــاواری دەكـــرد، دیمەنگەلـی كارەسـاتاوی دەبینـی. ژن و منـداڵ و پیرەكـانی بینـــی بە زەبـــری هێـــز و چەك، راپێچـــی نێـــو زیلەكـــان دەكـــرێن. بینـــی مەڕ و مانگـــا و ئەســـپەكان، دەخـــرێنە عارەبانەی تراكتۆری جوتیـارانی گونـد و دەدزرێن. سـەر تانكەكانیـان پڕ كردبوو لە فەرش و مـاڵ. كـۆلارەكەش بە ئاسـمانەوە دەگریـا، فرمێسـكی دادەبارانـد و دەیڕوانـی، كە چـۆن جاشــە شــەڕواڵ و مراخــانییە خەتـخەتەكە، چـووەتە ســـەر دار ســێوەكە و بە ئەفســـەرە (بەعس)یـیەكەی ژێـر دارەكە دەڵێ:

- هـا بگـرە دەحـام، سێوی سـووری كوردسـتان بخـۆ، ئەمە سێوێك، ئەمە دوو سێو، ئەمەش سێ سێو...

هەمـــوو خەڵكـــی ئاواییەكەیـــان پەســـتابووە پشـــتی زیلەكانەوە، هات و هاوار و قیژە و زریكەی ژن و منداڵ و پیرەكان بە درێژایی شیوەكە و نێو باخ و سـەر چیاكـان، دەنگیـان دەدایەوە. نەسـرین لە نێـو زیـلەكەدا هەسـتابووە

سەر پێی و سێوەکانی توند بە سینگییەوە گرتبوو، پڕ بە سروشتە سەوزەکە دەیزریکاند، بانگی دایکی دەکرد. دایکەش لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو. مام زۆراب لە سوچێکی نێو زیلەکەدا کروشکەی کردبوو، سەری خستبووە نێو کڵاو و جامانەکەیەوە، قوڵپ قوڵپ دەگریا. دادە کە جاشێك کڵاو و خەزێمەکەی سەری دزیبوو، چاوە تەڕەکانی بڕیبووە مانگا بەڵەکەکەی، کە بە زۆر و لێدان دەیانویست سەریخەنە نێو عارەبانەی مەکینەکەوە. سەربازێکی رەشتاڵە، پڕیکرد بە زریزەکەی ملی ئازاددا و دایپچڕی و وتی:

- ئەمە بۆ ملی (موسلم)ی کوڕم جوانە!

چەند جاشێکی تر لە حەوشەی ماڵێکەوە، بە مەنجەڵێکی پڕ کفتەوە هاتنە دەرەوە! هاواریان لە سەربازە عەرەبەکان کرد:

- وەرن کفتەی دەست و پەنجەی ژنی کورد بخۆن، شازی خواردنی کوردەواری پڕ تام و لەزەت.

لە ماوەیەکی کەمدا، وەك رەوە کوللەی برسی و چاوچنۆك، گوندەکەیان رووتاندەوە. هەرچی رۆح لەبەربوو، هەرچی بەهایەکی هەبوو، پێچایانەوە و بردیان. بە دوای خۆشیاندا گڕیان بەردایە گوند و ئەوی مابوو نێڵە نێڵ دەسووتا. لەو هەموو دەنگ و رەنگە، لەو هەموو جوانی و بەخشندەیی ژیانە جوان و سادەیە، تەنها دووکەڵ و قرچە قرچی سووتانی دارە راجەکانی میچي خانووەکان دەبیسترا و دەبینرا.

دارا، وەك شـــێت بەدەم لوشـــكە لوشـــكی گریـــانەوە رایـدەكرد، بە هەمـوو لایەكـدا دەیڕوانـــی. لە نــاو گــڕی قوتابخــانەكەدا، ئەو هەمـوو كتێبـی (ئەلـف و بێـی نـویٚ) كوردییەی بینی، دەسووتا. ئەو هەموو وێنە ڕەنگاوڕەنگە جوانـــانەی خـــاتوو(ترودی میتلمـــان)، وێـــنەی خـــۆیی و هاوگوندییەكانی، وێنەی مەل و ڕەز و درەخت كە دەبوون بە ســـووتماك! لە ژێـــر دارتـــووە زەبەلاحەكەی بەردەم مزگەوتـی نێـو ئـاگرەكەدا، پـڕ قورئـانی سـووتاودا، پێـی كەوت بەسەر شتێكی نەرمدا. كە ڕوانییە بەر پێی خۆی، بەبە پەڕۆینەكەی زەینەبی بینی، دانەوییەوە و هەڵیگرت. تەپ و تۆز و دووكەڵـی ڕەشـی لێتەكـان. بینـی دوو دڵۆپ فرمێسـك لە چاوانیـدا قەتـیس مـاون. دەمـی پـڕ خەنـدەی پێشووی كە لە كەوانەیەك دەچوو ڕووەو سـەر، گۆڕابـوو بـۆ كەوانەیەكـی ڕووەو خـواری پـڕ گریـان. لە كـۆڵانی ئەولاتـریش، ســەگە زەردەی بینـــی، لاڵوپـــاڵ كەوتبـــوو، خوێنێكی گەش لە ژێر دەستییەوە دەڕژایە سەر زەوییەكە، هێشتا ڕۆحی تێدا مابوو. لەو كاتەی ئەفسـەرە بەعسییەكە، دەیەویٚ ژنێكـی دووگیـان پەلكێشـی نێـو زیـلەكە بكـات. زەردە، پـڕ بە قاچیـدا دەكـات و نایەڵێـت ژنە بەرێـت. تـا جاشـێك فیشـــەكێكی پێـوە دەنێـت. كـۆلارەكە بینیبـووی ئەفسـەرەكە دەستی خستبووە سـەر شـانی جاشـەكە و پێـی وتبوو:

- تۆ لە سەگ بەوەفاتری!

به هۆی چڕە دووکەڵی ڕەشی پەنگخواردووی سەر گوندەکەوە، ئیدی کۆلارەکەی دارا نەیدەتوانی هیچ ببینێ! لەوەش زیاتر خەریك بوو بە دووکەڵی ڕەش، چاوە گەشەکانی کوێراییان دابێت. ناچار تا توانی و هێز لە باڵەکانیدا بوو، بەرز و بەرز تر بووەوە.

لە قووڵایی ئاسماندا و دوور زۆر دوور ڕوانی. لە دوور زۆر دوور، لە نێو بیابانی فراوانی باشووردا، قافڵەی درێژی ئەو زیلە سەربازییانەی بینی، کە بە دوای خۆیاندا گەردەلوولی تۆز و لمیان بڵاودەکردەوە. کۆلارەکە لە قووڵایی ئاسمانەوە، دوو هەزار زیلی بینی، زیلی پڕ لە مرۆڤ، کە بەرەو چارەنووسی نادیاری ئۆقیانووسی بیابان بەڕێخرابوون. کۆلارە چاوگەشە پڕ فرمێسکەکە، لە نێو زیلەکاندا، دوو هەزار مام زۆراب، دوو هەزار دادە و دوو هەزار زارا و دوو... هەزار... نەسرین و زەینەب و گەلاوێژی بینی...

***

پاش ئەم چیرۆکەی دارا، کە فرمێسك بە چاوی خۆی و کۆلارەکەیدا ڕیزیان بەستبوو. حەنزەڵە ڕووی وەرگێڕا. ئیدی ئەو منداڵە دە ساڵییەکە نەمابوو! ببووە پیرێکی ماندووی سەر و ڕیش سپی، بەدەم گریانەوە هاواری کرد:

- پێموابوو ئەوان، مامەکانم، تەنها خائینن! ئەم چیرۆکەی تۆ دارا، تێیگەیاندم ئەوان هەم خائین و هەم گەورەترین جەللادن.

-٢-

یەکەمجارە، لە بری زەنگی کاتژمێرەکەم، بە قاوقریشك و فیزاحی میمکم راپەڕم و بێدار ببمەوە. لەم نیوە شەوە سارد و بارانـاوییەدا، میمکم بۆ دەزریکێنیێ! بە هەنگاوی خێرا خۆم گەیاندە خوارەوە. لە بەر رووناکی چرا کزەکەدا، بینیم میمکم خۆی داوە بەسەر دەست و پێی باوە گەورەمدا، لە کەللەی سەر دەگری و دەقریشکێنیێ! دەست و قاچە لاواز و مردووەکانی رادەوەشێنی، پڕ بە ماڵەکە هاوار دەکات:

- باوە مەڕۆ باوە، توخوا مەڕۆ.

باوە گەورەم وەك پەیكەرێك بێ ورتە و بێ جووڵە، سەری بەلای راستدا شۆڕ ببووە سەر شانی و بە دوو چاوی خومارەوە دەیڕوانییە بەردەمی خۆی. لێی چوومە پێشەوە و دەستم خستە سەر دڵی. هیچ جووڵەیەكی تێدا نەمابوو. جەستەیەكی سارد و بێ رۆح بوو. میمكم دەیقیژاند و بە چەپۆكی توند و بە هێز بە سەر و گۆیلاكی خۆیدا دەكێشا. وەك دڕندەیەكی هار و تووڕە، جارێك لاشە بێ جووڵەكەی رادەوەشاند و جارێكیتریش بە نینۆك روومەتە چرچەكانی خۆی دەڕنی. بە هێڵی سووری خوێن لە سیمایدا، بێكەسی و نەگبەتی دەنەخشاند. هەوڵمدا دەستی بگرم و چیتر رێگە نەدەم خۆی ئازار بدات. بەڵام هیچ سوودی نەبوو. باوكەڕۆ و زریكە و فیزاحی، وەك لرفە و هاژەی دەریایەكی هەڵچوو شەپۆلی دەدا! تا لە پڕ دەرودراوسێ رژانە سەرمان. میمكە مروەت و ئاهو، میمكە جەهان و كچەكانیان، دواتر ژنانی تر و پیاوانی گەڕەك خۆیان كرد بە ژووردا. بوو بەقەرەباڵغی و هات و هاوار. ژنەكان وەك ئەوەی خودا تەنها بۆ ئەوەی خوڵقاندبن، بە دەوری تەرمەكەدا بازنەیەكیان دابەست و بە دەم گریان و سینگ كوتانەوە شینێكی گەورەیان سازدا. بە خۆیانا دەكێشا و دەیاننالاند. پیاوان و كوڕوكاڵیش، زەقزەق دەیانڕوانی. من لەسەر پلە دووی قادرمەكە كروشكەم كردبوو، بێدەنك دەگریام. چاوانم هەم فرمێسكی گەرمیان دەڕشت و هەم تێڕامابوونە سیمای مردووی باوە گەورە. ملێكی خوار و سیمایەكی تووڕە، بە دوو چاوی

کـراوەی بــێ ڕەونەقەوە، بە هەر دوو دەسـتی تونـد تونـد دەسکی عارەبـانەکەی ژێری گرتبوو. میمکە مروەت، بە دەنگە بە سۆزەکەی کەوتە لاواندنەوە و سۆزی پڕ گریانی هێندەیتر گڕی تێبەردابن.

بە هەموانەوە میمکمیان بۆ هێور نەئەکرایەوە کە شێت و هار بە سینگ و سیمای خۆیدا دەکێشا و شیوەنی دەکرد. زۆری نەبـرد ژوور و حەوشـە، تـا کـۆڵانیش پـڕ بـوو لە خەڵـك، حەشـاماتێك ڕژابـوونە سـەرمان. بـۆنی مـردن و تەڕی باران، دەنگی گریـان و چپەچپی خزم و دراوسـێ، لەگەڵ ڕوونـاکی چـرای نیوەشـەوە زەنـگەکە، لە شـەوی حەشـر دەچـوو. پیـرە پیـاوێکی دراوسـێ ڕووی تێکـردم و وتـی:

- کوڕم لە جیاتی گیـران. لێل کوڕانی مەحەلە بڕۆن قەورێ حــازرکەن. ئــێمەش ئەیشــۆین و کفــن و دفنــی ئەکەین.

زۆری نەبــرد، لەگەڵ چــوار کەســی تــردا، بە ژێــر بـــارانەکەدا، بە قـــازمە و بێڵـــی سەرشـــانمانەوە بەرەو گۆڕسـتانەکە کەوتینە هەنگـاو هەڵهێنـان. بە نێـو تـاریکییە خەستە تەڕەکەدا ڕێمان دەکرد. ئێمە ئەو شـەوە پێنج پیـاو بـووین، ئاراسـتەمان ڕووە و گۆڕسـتان بـوو. پێنج پیـاوی تەڕ و نەگـبەت، لە ژێـر ئاسـمانی لێـزمە بارانـدا ڕووە و تاریکی دەچووین. بە چرایەك و لایتێکەوە، خێرا و پڕتـاو خۆمـان گەیانـدە نێـو گۆڕسـتانەکە و کەمێـك دوورتـر لە گۆڕەکان کەوتینە چاڵ هەڵکەندن.

بەرەبەیان باران خۆشیکردەوە، بەڵام هەورێکی سپی چڕ نیشتە سەر گۆڕستانەکە، چاوانمان چەند هەنگاوێك دوور لە خۆی نەدەبینی. تەم و بێدەنگی هەموو شتێکی داپۆشیبوو. بە دەوری چاڵە گۆڕەکەدا تەڕ و ماندوو دانیشتبووین. لە پەنجەی پێمانەوە تا تەوقە سەرمان شەلالی قوڕ و چڵپاو بوو. لە سەرما هەڵدەلەرزین، کڕ و نابینای نێو تەمەکە چاوەڕێی جەنازەکەمان دەکرد. تا لە پڕ لە نێو رەنگی سپییەوە، یەك تۆپەڵی رەنگاورەنگ دەرکەوت. تۆپەڵێکی هێلکەیی گەورەی شێوە بۆڵە تریێ لە نێو سپێتی تەمەکەدا سەمای دەکرد. دڕکە پیاو بوو بە میزەڵانەکانییەوە هاتە سەرمان، بە دڕکی جەستەیدا شەونمی باران دەڕژا. کز و پچڕ پچڕ وتی:

- تۆزێك گۆڕەکە پانتر و قووڵتر بکەنەوە. خوالێخۆشبوو بە عارەبانەکەیەوە دەنێژین!

ئێمە سەرمان لە قسەکەی سووڕما! پێش ئەوەی دەم بکەینەوە، ئەو دیسانەوە وتی:

- مردووەکە ئامادە نییە دەست لە عارەبانەکەی بەردا. زۆرمان هەوڵدا، بێ سوود بوو، توند و قایم خۆی لێ گیرکردووە. مەلاکە وتی، گوناحە ناکرێ دەستەکانی ببڕینەوە، هەر ئاوها بینێژن. هەر بە عارەبانەکەیەوە بیشۆنەوە، بەڵکو خودا روحمی زیاتری پێبکا. منیان نارد تا پێتان بڵێم گۆڕەکە گەورەتر لێدەن.

دیسانەوە کەوتینەوە قازمە وەشان. دڕکەپیاویش بە دیارمانەوە هەڵکوڕما. ئەو بە دڕکە ماش و برنجێکانییەوە

زیاتر لە سوچەڕی دەکرد تا بەنیئادەم! زۆری نەبرد دەنگی تراکتۆرێك درزی خستە بێدەنگییەکەوە، وەك چۆن برووسکە درز دەخاتە ئاسمانی هەوراوییەوە. دڕکەپیاو کە تا ئەو ساتە بە چیچکانەوە بە دیارمانەوە کروشکەی کردبوو، هەستایە سەر پێ و لە گەڵیدا تۆپەڵە میزەڵان بەرزتر چوو بە تەمەکەدا. هاواری کرد:

- ئەوا گەیشتن.

وێنەی تەڵخی مەکینە و عارەبانەکە، کە وەك گایەك دەیبۆڕاند، قورس دەیتوانی لە قوڕەکەدا بێتە پێشەوە و فەنتەرناشی دەکرد، دووکەڵی ڕەشی فڕێدەدایە نێو تەمە سپێکەوە. هات و لە نیمچە سووڕێکدا لە تەنیشتمانەوە لەنگەری گرت. بە تەنیشت شۆفێرە گەنجەکەوە، بەم لا و ئەولایدا، چوار پیاوی کامڵ دانیشتبوون کە یەکێکیان بە مێزەرە سپێکەیدا دیار بوو مەلای تەلقینخوێنە. لە عارەبانەکەیشدا دە دوازدە زەلام و هەرزە خۆیان هەڵدایە خوارەوە. ئەوی مایەوە لە نێو عارەبانەی مەکینەکەدا، تەرمی باپیرم بوو، کە قنج و جوان بە کفنی سپییەوە و بەسەر عارەبانەکەیەوە، بە ملێکی خوارەوە دەیڕوانییە پێشی خۆی.

پیاوەکان هاتنە سەرگۆڕەکە و کەوتنە قسە و هەڵسەنگاندنی چاڵەکە. مەلای جبەپۆش کە قورئانێکی بەرگ سەوزی لەسەر سنگی توند گرتبوو، بە دەنگی بەرز وتی:

- خـودا پاداشـتی خێرتـان بـداتەوە، عەیبـی نییە، دەی خێراکەن تا باران داینەکردووەتەوە، بە خاکی بسپێرن.

کـوڕگەل بە پرتـاو چـوونە سـەرەوە، یەکێکیـان وەك ئەوەی لە نێو قاوشی نەخۆشخانەیەکدا نەخۆشێك پاڵنێ. تـا لێواری عارەبانەکە هێنـای. چەند کەسێك دەستیان دایە و هێنایـانە خـوارەوە تـا نزیـك گـۆڕەکە. مـن و هـاوڕێکەم چـــووینە نێـــو چـــاڵەکەوە، خۆمـــان ئامـــادەکرد بـــۆ شۆڕکردنەوەی.

نـــازانم بـــۆ ئامـــادە نیـــیە و نـــایەوێ دەســـتبەرداری عارەبانەکەی ببێت! ئاخۆ دەبێ بەر لە مردنـی چۆن بیری کـــردبێتەوە! ئەو کە بیســـت و پێـــنج ســـاڵە بەســـەر ئەم پێچەبەرەیە دوو تـایەوە ژیـان دەکـات، رەنـگە بە بەشێکی دانەبـڕاو و سـەرەکی جەسـتەی خـۆی زانیبـێ. دامـاوە ناهەقیشی نییە، هێندە باسی پردی سیراتیان بۆ کردووە، ترسـاوە بـێ ئەم پێچەبەرەیەی ژێـری بگەڕێـتەوە بـۆ لای خـودا، ترسـاوە بە دوو پێـی ئیفلـیجەوە، چـۆن دەتـوانێ بە پردی سیراتا بپەڕێتەوە، ئەگەر ئەم پێچەبەرەیەی ژێری لە دەست بدات.

تەرمەکە لە کفنی سپی جوانی خۆیدا بوو. وەك ئێمە کە لە کفنـی تەمـی سـپی سروشـتدا بـوین. قـژە تەڕە سـپێکەی شۆڕببووە نێو چاوانی. ئەو چاوانەی بە مردووییش وەك چاوی هەڵۆیەك لە کاتی پەلاماردانی نێچیرێکدا دەیڕوانـی. دوو پیـاو دەسـتیان دایە تـا شـۆڕیکەنەوە بـۆ نـاو گـۆڕەکە. بەڵام لە پڕ و تونـد و تیژ، بوونەوەرێکی رەش و غەرقـی

قـوڕكه كـه له بزنێكـی قـوڕاوی دەچـوو، له نێـو تەمه تەنكەكەوە دەرپەڕی و تیژ هات. وەك بای دەشت دەیناڵاند و دەیزریكانـد. خۆیـدا بەسـەر جەنـازەكەدا، تونـد تونـد باوەشی پێدا كرد و هاواری كرد:

- نـایەڵم بیخەنه ژێـر خۆڵەوە. به خـوا بەخـوا نـایەڵم. لێل خۆما ئەی وەمەوە.

پاشـان دەسـتیكرد به بـاوكەڕۆ كـردن و به هەر دوو دەسـته قوڕاوییەكـانی كەوته پـرچ رنیـنەوەی خـۆی. حەشـاماتەكه ترسـاو و سەرسـام كشـانه دواوە. ئەوە میمكم بوو، نازانم چۆن خۆی گەیاندۆته ئێرە! دەستی دایه دەسكی پێچەبەرەكه و كەوته پاڵنانی، دەیویست بیباتەوە بەرەو ماڵ و هاواری دەكرد:

- تووخوا مەیخەنه قەور توخوا، بیەڵن با بیوەمەوە. با سەرمای نەویێ...

له گۆڕەكه هاتمه دەرەوە، دەستم دایه ژێر باڵی وتم:

- میمـی وامەكه، بـۆ كـوێی ئەبەی، لاچـۆ دەی تـازە باوكـت مـردووە. وا له خـۆت مەكه، هەسـته دەی بـیەڵه كارەكەمان بكەین...

وەك چـــۆن مـــــردووەكه كورســـــی عارەبـــــانه كەمئەنـــدامییەكەی بەرنەئەدا، میمكیشـــم تەرمەكەی بەر نەئەدا و به سـەریدا دەیزریكانـد. پـڕ به گۆڕسـتانه تەڕ و تەماوییەكه هاواری دەكرد:

- نا... نایەڵم بیخەنە قەورەوە، بەخوا بە خوا لیل خۆما ئەیوەمەوە بۆ ماڵ. لاچن درۆ ئێژن نەمردووە... ئەو بەس خەوتووە...

بەدەم گریان و لاوانەوەوە، بەردەوام دەیقریشکاند:

- من لەم عالەمە، تەنها ئەم باوکە کەنەفت و ئفلیجە شك ئەوەم، ئەویشم لێدەشارنەوە. تووخوا مەیخەنە قەور، تووخوا بیەڵن بیوەمەوە بۆ کەلاوەکەم.

حەشاماتەکە دەوریان لێدابو، زەقزەق و سەرسام هەر تەماشایان دەکرد و هیچیان نەدەوت.

دیسانەوە دەستە قوڕاوییە گرنج گرنجەکانی خستە سەر پێچکی عارەبانەکە و بە نێو قوڕەکەدا کەوتە پاڵ پێوەنانی. هێدی هێدی تەمەکە رەوییەوە و باران دایکردەوە. خێرا مەلا چەترە رەشەکەی خۆی هەڵدا و بە دەنگی بەرز هاواری بە سەردا کردین:

- بۆخاتری خودا، بۆ وەك بت وەستاون و ناجووڵێن، ئەو جەنازەیەی لێبسێنن و بیخەنە گۆڕەکەیەوە تا ئاو نەیبردوین!

من و یەك دوو پیاوی تر، پرمان کرد بە عارەبانەکەدا و بە زۆر و زەحمەت، لە ژێر چنگی میمکم دەرمان کرد. پەلە و خێرا بۆ نێو گۆڕەکەی شۆڕمان کردەوە. میمکم وەك مریشکی سەربڕاو لە نێو قوڕ و چڵپاوەکەدا هەڵدەبەزییەوە. بە هەر دوو دەست قوڕاوی لە سەر و قژی هەڵدەسوویی، وەك دێڵە گورگێك دەیلووراند و

سینگی خۆی دادەدڕی. ئێمە پەلە و خێرا کەوتینە پڕکردنەوەی گۆڕەکە. هەر هێندەی بڵێی یەك و دوو، میمکم خۆی هەڵدایە بەردەم مەلاکە کە بە جبەیەکی سپی و کەوایەکی ڕەشەوە، قنج و قیت لە ژێر چەترەکەیەوە تەماشای دەستوپلی ئێمەی دەکرد، کە بەخاکەناس خۆڵی تەڕ و سوورمان دەهاویشتە سەر سەری باپیرە مردووەکەم.

میمکم هێندە گریابوو، بە ئاستەم نوزەی دەرئەهات. دەستی گرت بە دامێنی مەلاوە و هاواری کرد:

- تووخوا مامۆستا، بوومە قوروانت مامۆستا، مەیەڵە بینێژن. مامۆستا دەستم دامێنت مامۆستا گیان، وەقورعان نەمردوو، خەوتووە.

مامۆستا تۆزێ بۆی نووشتایەوە و وتی:

- نابێ دایکەکەم، نابێ خوشکەکەم، فەرمانی خودای گەورەیە، باوکت مردووە کچم، هەر دەبێ بنێژرێ.

دیسانەوە میمکم هاواری کردەوە:

- توخوا مامۆستا، بەخوا بێ باوکم ئەمرم. تاقە سەبووری ژیانی من ئەم پیاوە کەنەفت و ئیفلیجەیە، توو قەور باوکت تووخوا دەستم دامێنت مامۆستا.

مەلا سەری بادا و وتی:

- لاحەولەوە لا قوەتە ئیللا بیللا، تۆ بۆ گوناهبارمان دەکەیت، ئەرێ ئەم بەڵا پڕگوناهە دوورخەنەوە.

- توخوا مامۆستا، مەیەڵە بیخەنە چاڵ، مامۆستا توو قەور باوکت چ خوایەك ئەپەرستی، بەزەییت پێمابێتەوە. بەخوا تاقە تروسکایی ژیانم ئەم باوکە ناساغەمە.

بە سکە خشکێ بەسەر قوڕولیتەکەدا بە نێوماندا دەخولایەوە. بە گریان و پاڕانەوەوە پڕ بە گۆڕستانەکە دەیقیژاند و دەیناڵاند:

- بۆ خاتر خوا ئێوە چ بنیادەمێکی دڵڕەق و بێ ویژدانن، قەحپە باوکانە، گوی وەقەور باوکتان. سەگ بابێل... وازی لێ بێرن... توخوا کەسێك فریام کەوێ. وای باوکەرۆ مردم، جەرگم سووتیا، کەسم نەمیا، مالم رمیا...

دیمەنێك بوو جەرگی هەلاهەلا دەکرد. من لەوە زیاتر خۆم پێرانەگیرا، زوڕەزوڕ دەستم بە گریان کرد. دڵۆپی باران بە هەموو جەستەی قوڕاویمدا دەڕژا و لە چاوانیشمەوە فرمێسکی گەرم. ئەوانیتریش مات و خەمبار و حاڵ پەشێو، لە ژێر بارانە بە خوڕەکەدا پەیکەر ئاسا، بێجووڵە سەریان داخستبوو. وەلی بە هۆی بارانەکەوە، کەس فرمێسکی کەسی نەدەبینی. تۆزێك لەولاتری منەوە دڕکەپیاو، لە پڕمەی گریانیدا. لەسەر یەك و بەردەوام، بە قوڕگی پڕ گریانەوە زوڕەزوڕ هاواری دەکرد:

- دڵ دەگرێ... پڕ میحنەت و ئازارە دڵ... دڵ دەگرێ... پڕ میحنەت و ئازارە دڵ...

دوو کەس، بەردەوام و بێگوێدان خۆڵیان دەڕشتە گۆڕەکەوە. کاتێ میمکم بە سکە خشکێ خۆی هاویشتە

گۆڕەکەوە، تەرمەکە تەنها سەری بە دەرەوە مابوو، کە وەك تۆپێك دڵۆپە بارانی پێدا دەچۆڕا. باوەشی پێداکرد و توند لە سینگی خۆی گیرکرد. دەیلاواندەوە و خێرا خێراش ماچی دەکرد:

- باوە، باوە گیان، جێم مەهێڵە باوە، توخوا مەڕۆ، بێ تۆ من چۆن بژیم، باران و سەرمایە باوە هەستە، توخوا هەستە، بابڕۆینەوە، ئاخر نەخۆش ئەکەفیی...

ژنێك کە هەر هێندەی پریاسکەیەکە، خۆیداوە بەسەر تەرمێکدا، دەنووزێتەوە و دەزریکێنێ. ئێمەش کۆمەڵێ پیاوی تەڕ تەڕی بەر باران، بە دەوری چاڵەکەدا بازنەیەکمان دروستکردووە. مات و غەمگین و پڕ گریان تەماشا دەکەین. تۆپەڵێکی گەورەی میزەڵانی ڕەنگاورەنگیش کە جارجارە و لە ژێر کاریگەری دڵۆپە بارانەکاندا، تاق... دانەیەکیان لێدەتەقێ، بەسەر سەرمانەوە دەشەکێتەوە. میمکم نیوە مردوو خۆی بە دەوری سەری باوە گەورەمدا کە هێشتا هەر دەیڕوانی گرمۆڵە کردبوو. بە ئاستەم دەستێکی دەجووڵاند و خۆڵ و قوڕی لاملی سەرەکەی هەڵدەدایەوە. مەلا دیسانەوە دەنگی لێهەڵبڕییەوە:

- دەی تەماشای چی ئەکەن، خێرا ئەم پیرێژنە دەرکەن. با تەلقینی بدەین و بڕۆین. خۆ هەموو ڕۆژەکە بە دیار ئەم شێتە گوناهبارەوە ڕاناوەستین، خواهاوار!

دیسانەوە دوو کەس دەستیان دایە بن باڵی میمکم، بە زۆر هێنایانە لاوە و خاکەناس بە دەستەکان پەلە و خێرا

کەوتنە داپۆشینی. ئەو کە واهاتبوو باوکی لەگەڵ خۆیدا بەرێتەوە، بە ئاسانی دانەئەمرکایەوە. بەدەم پرچ رنینەوە هەمووومانی پر جنێو کرد. ناهەقی نییە، لەوەتەی فامی کردووەتەوە، خەریکی خزمەتکردنی ئەم پیاوە بووە کە ئێستا بە بەرچاویەوە بە خاکی دەسپێرن. نزیکەی بیست و پێنج ساڵە ژیانی خۆی نەزر کردووە. کاتی خۆی چەندین کوڕی باش و رێکوپێک هاتنە داوای. کەچی ئەو رەتیکردنەوە و ئامادە نەبوو شوو بکات و باوکی بەسەر عارەبانەیەکەوە جێبهێڵێ. هەموو ژیان و جیهان بۆ ئەم، لە خزمەتکردنی باوکیدا کورتکرابوەوە. تاقە کڵاورۆژنەیەك کە لێوەی دەڕوانی، ئەم پیاوە بوو کەوا مردن لێیفڕاند و ئێمەش لێی دەشارینەوە. هۆی مانەوەی من و میمکیشم لەم دنیایەدا، هەر بۆ ئەم باپیرە ئیفلیجەم دەگەڕێتەوە. ئەوکاتی شاڵاوەکە، من و میمکم چەند رۆژێك بوو لە خەستەخانەی سەدامی شاری کەرکوك بە دیارییەوە دانیشتبووین، کە خراپ نەخۆش کەوتبوو. ئەگەرنا ئێمەش وەك تەواوی بنەماڵەکەمان ئەنفال دەکراین و بزر شوێن ئەبووین، رزگارمان دەبوو لەم ژیانە دۆزەخییەی ئەم ئۆردوگایە.

جارێکیتر میکم خۆی هەڵدایەوە بەردەم مەلا، دەستەودامێنی بووە و ناڵاندی:

- سەگ باوك، پێیان بێژە با دەریکەنەوە! توخوا بەزەیت بە جەرگ سووتاویما بێتەوە.

مەلاکە چوك چوکێکی کرد و بە دەنگێکی پڕ بەزەییەوە پێی وت:

- دایکەکەم، خوشکەکەم، چی دەربێنینەوە! شوێنی مردوو ناو گۆڕە. دەربیێنینەوە چی لێدەکەی؟ دوو رۆژیتر دادەڕزێ و بۆگەن ئەکات.

میمکم توندتر دەیقیژاند:

- نایەڵم هیچی لێ بێت، خزمەتی ئەکەم. بەس با وەبەرچاومەوە بێ. تو خوا مامۆستا، ئاخر بێ ئەویش من دائەڕزێم. بێ ئەو ژیانم نامێنی.

ویستی دامێنی مامۆستا بگرێ. مامۆستاش لە ترسی دەستە قوڕاوییەکانی خۆی کیشایە دواوە. لە پڕ پێی لەسەر بەردەکێڵەکە ترازا و رێك بە پشتا کەوتە قوڕ و چڵپاوەکەوە. مێزەرەکەی فڕی و دورتر کەوتە نێو گۆلاوێکەوە، بوو بە بەلەم. مەلا نرکەیەکی لێهەستا و تەختی قوڕاو بوو. تووڕە و تەوسن، بەدەم هاوار و جنێوەوە هەستایەوە:

- خوا بتانبڕێ، نەفرەت لە خۆت و باوکت، خوا بمگرێ ئەگەر تەلقینی ئەم مردووە بدەم.

بەدەم جنێو و دوعا لێکردنمانەوە، مێزەرەکە و قورئانەکەی هەڵگرت. بە پاشۆڵی تەڕ و قوڕاوییەوە، بە هەنگاوی خێرا تێیتەقان و بەجێیهێشتین. بە دوای ئەویشدا شۆفێرەکە، خۆی هەڵدایە سەر مەکینەکەی و هاواری کرد:

- تەلقینی ناوێ، سەرکەون بابڕۆین، سەرما کوشتینی. ئەو پرسیارانەی مەلا لە تەلقینەکەدا فێری ئەکا، هێندە ئاسانە، خاترجەم بن هەمووی وەڵام دەداتەوە.

دیسانەوە لە لوولەکێشی تەراکتۆرەکەوە دووکەڵێکی ڕەش چوو بە ئاسماندا، بەر لەوەی بجووڵێ هەمووان خۆیان هاویشتە سەری و بە هەمان ڕێگای هاتوودا گەڕایەوە.

میمکم خۆی کێشابوو بەسەر هەرەمی گۆڕەکەی باوکیدا. ئاخر گۆڕەکە وەك هەر گۆڕێکیتر لاکێشەیی دەرنەچوو. ئەو ئامادە نەبوو دەست لە پێچەبەرەکەی ژێری بکاتەوە. بۆیە گۆڕەکە شێوەی وەك چاڵە بیرێك بازنەیی دەرکەوت! هەرەمێك لە خۆڵ، کە بە دەوریدا بەردەڕێژێکی بازنەیی هەیە، منیش لە لووتکەی هەرەمەکە، بەردێکی سپی خڕم دانا. دڕکە پیاویش کە تاقە کەسە جێینەهێشتوین. وەك وەفایەك بۆ ئەو پیاوەی، بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لە پێناو ئەم و دایکیدا ئیفلیج ببوو. دەزووی تۆپەڵە میزەڵانەکەی پێچا لە بەردە خڕە سپێکە و هێدی هێدی، بە دەم ورتەوە ورتەوە:

- دڵ دەگرێ. پڕ میحنەت و ئازارە دڵ...

بە ژێر بارانەکەدا ملی نا و جێیهێشتین.

میمکم هەر دوو دەستی واڵاکردبوو و توند باوەشی بە گۆڕەکەدا کردبوو. بە ئاستەم نووزەی دەردەهات:

- لەمەودوا مەچەکی کێ بگرم! قسە بۆ کێ بێژم؟ ئاش بۆ کێ بکەم، خزمەتی کێ بکەم؟ ئیتر من بۆ بژێم باوکەڕۆ خۆم ڕۆ... وای ئەم بێ شەرەفێلە چۆن تۆیان لێ شاردمەوە!

ئیدی تەڕیی و سەرما کاری خۆی کردبو و تا سەر ئێسکم ڕۆچووبوون. هەڵدەلەرزیم، لە قژە سەرمەوە دڵۆپە فرمێسکی ئاسمانم پێدا شۆڕ دەبووە و تا نێو پێڵاوەکانم نەئەوەستایەوە. چووم لە دواوە دەستم خستە سەر شانی میمکم و بە ئەسپاییەوە چرپاندم بە گوێیدا:

- میمی، هەستە بابڕۆینەوە.

نە بزوا و نە وەڵامی دامەوە. دووبارە وتم:

- میمی بابڕۆین، سەرما ئەمانکوژێ، هەستە میمی هەستە.

باکی بە من نەبوو، لەبەر خۆیەوە هەر دەیوت:

- باوە بۆ جێتهێشتم، ئیتر لێی کێیا قسە بکەم و چی بێژم؟

توندتر بەرەو لای خۆم راموەشان، بە تووڕەییەوە وتم:

- هەستە با بڕۆین، سەرما ئەمانکوژێ.

ئاوڕێکی پڕ تووڕەیی و قێزلێهاتنەوەی لێدامەوە کە تا مردن لە بیرم ناچێتەوە. بە زمانی چاو پێی وتم:

- بێشەرەف، قەت لێت خۆشنابم. بینیتم چ پەلە و خێرا خۆڵت بە باوکمدا دەکرد!

چاوەکانی لە دوو دەنکە زەیتوونی رەشی نێو دوو بادەی شەرابی سوور دەچوون. قوڕ و هێڵی سووری جێ نینۆکی سەر ڕوومەتە قوپاوەکانی، لەگەڵ هێڵە سەوزکاڵی چەناگەیدا کە بە زوڵف و پرچی تەڕ و ئاڵوسکاو و قوڕاوی دەورە درابوو، وەك تابلۆی مەرگ و کۆست و زووخاو، مرۆڤی دەخستە بیری خۆکوشتنەوە. هەستم کرد

بەو دیـــمەنە ترســـناك و تـــووڕەییەوە، هەرچـــی جنێـــوی ناشـرین هەیە پـێم دەڵێـت. تـا هەر دوو بـرۆی لێکنـا و بە هێمای چاو وتـی:

- بڕۆ ملت بشکێنە، من باوکم جێناهێڵم.

باران بە لێزمە دەباریێ. ژنێك خۆیداوە بەسـەر تـۆپەڵێ خۆڵدا و بەسەر سەریەوە تۆپەڵێك میزەڵانـی رەنگاوڕەنـگ بەدەم بـا وبـارانەوە دەشـەکێتەوە. منـی تەڕ تەڕ و سـەرما بردەڵە. بەر لەوەی ملی رێگـای ئۆردوگـاکە بگرمە بەر و مـیمکە خێـر لە خۆنەدیـوەکەم بەسـەر گـۆڕی بـاوکییەوە جێبیلم. گوێم لێبوو کز و ئاستەم، لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- چیمـاوە پێمـبکەی؟! چیـت لـێ نەکـردم. ئەو حەمـکە دوعا و نـزام کـرد، ئەو حەمکە وەسـەر بەرمـاڵەوە یەخەی خـۆم دڕی. لێـت پـاڕامەوە مەرگـی دوژمـن و سـەببکاری مـاڵوێرانی و بێکەسیم پیشـان بـدەیت. تـۆ کوایـت، هـای لە کـویێ؟! بەس ئەم بـاوکە دامـاو و کەنەفتە سـەبووریم بیـی، ئەویشت بردەوە. لەوە زیاتر چیت لێم گەرەکە، لەمە زیاتر لێت ناترسم و روو ناکەمە قاپیت.

پشـتم تێکـردوو بەجێمهێشـت. بەر لەوەی لە نێـو تەم و بارانەکەدا بە تەواوەتی لێم بزر بێت، ئاوڕم لـێ دایەوە، لە ژێر لێوەوە و لەبەر خۆمەوە وتم:

- ئێستا یـا چەنـد سـاتێکی تـر، وەك شـا (لیـر)، ئەمـیش دەبێت بە شاژنە لیر، سـەر هەڵـدەبڕێ و پڕ بە دنیـا هـاوار دەکات:

دەی رەشەباکە، هەڵبکە و بە فوو

روومەتەکانی خۆت هەڵدڕێنە
لافاو و گەرداو، بەردەوام بن تا
گشت لووتکەکانی، کڵێسەکانمان،
دادەپۆشن و کەڵەشێرەکان
دەکەونە ژێر ئاو و دەخنکێن
دەی برووسکەکان، بە کسپەکانتان
ئەوانەی پێش دەنگتان دەکەون
قژە سپێکەم، هەڵکڕووزێنن
ئێوەش هەورەکان، بە گرمەیەکی
ئاوا کە داری
بەڕوو سەرتاپا دادەقڵێشێت
خڕێتی ئا ئەم
جیهانە توند و پتەوە سەرجەم
وێران بکەن و تەخت و تەختی بکەن
قاڵبەکانی سروشت بشکێنن
گشت ئەو تۆوانەی کە ژن و پیاوی
نمەك کوێر دێنن
بۆ ئەم دنیایە، رابماڵن و بیانفەوتێنن.

# پرتەقاڵی

# دڕکەپیاو، وێنەکێشی سەر ڕەنگ

پیاوێـــك بە تۆپەڵێــك میزەڵــدانی ڕەنگــاوڕەنگەوە، بە کۆلانەکانـدا دەخـولێتەوە. کـۆمەڵێ میزەڵدانی پڕ، چەشـنی بــۆڵە تــرێیەك بەســەر ســەریەوە دەشــنێتەوە! لە رێــی دەزولـەیەکی باریکەوە، بە دەستە دڕکاوییەکانی گەیشتوون و تونـد گرتـوویەتی. لەویشـەوە دەزووەکە شـۆڕبۆتەوە و توندتر بە بەنەخوێنی شەڕواڵەکەیەوە شـەتەکی داوە. نەکا لە پڕ میزەڵدانی پڕ گازی هیلێوم, وەك ریشۆڵە دەرباز ببن

و بفڕن. بە هەنگاوی ورد بە کوچەکاندا دەڕوات و جار جارە بە لرخەیەکی خنکاوەوە هاوار دەکات:

- های میزەڵدان، ئەمەیە میزەڵدان... هێواشتر و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

- دڵ دەگریێ، پڕ میحنەت و ئازارە دڵ...

منداڵان بە ژیژگەپیاو بانگی دەکەن:

- خاڵۆی ژیژگ مەڕۆ میزەڵدانمان گەرەکە.

پیاوێکە، سەراپای جەستەی دڕکە. لە بری موو، بە دڕکی تیژ و درێژ داپۆشراوە! قژە سەر و ریشی و سمێڵی، مێرگی چڕ و پڕی دڕکی ماشوبرنجیە. لووت و رووەمەت و گوێیەکانی، هەر بە نەرمە دڕکیتر داپۆشراون. لە جەستەیەوە هەزاران دڕکی نووکتیژ لە سینگ و پشت و لاقەبرغەکانییەوە هاتوونەتە دەر و جلوبەرگی بەریان کردۆتە بێژنگ. دەستەکانی کە دەیاننوقێنی، لە دوو ژیژگی گرمۆڵە دەچن. ئەو پێش ئەوەی مرۆڤ بێت، تۆپەڵێ دڕکە و بەدەم باوە دێت و دەچێ. هەموو خەڵکی ئەو دەناسن، ئەو وەك هەر پیاوێکیتر ئاسایی نییە. هەمیشە قسە و باسی زۆری لە بارەوە دەکرێت. لەوەش سەیرتر بەو هەموو دڕکە تیژەوە، میزەڵدانی ناسك و رەنگاوڕەنگ دەفرۆشێت. هەندێ جاریش بە کۆڵانی ئۆردوگاکەدا رادەکاو پڕ بە گەرووی هاوار دەکات:

- دەکرێ مرۆڤ زیندانی بکرێ، ئازار بدرێ، تەنانەت بشکوژرێ، بەڵام ناکرێ وەك ئێمە بفرۆشرێت!

ئەو میزەڵدانەکانی پڕ دەکرد لە وێنە، شەوان تا نزیك بە بەرەبەیان، چیرۆك و وێنەی مرۆڤە ئەنفالکراوەکانی بە خەڵووز لەسەر میزەڵدانە ڕەنگاوڕەنگەکان دەنەخشاند. یان وێنەی ئەو هەموو جاش و خۆفرۆشانەی بێ شەرم و حەیا نان و ئاو دەخۆن. ئەوانەی بە هەموو ئاراستەیەکدا تەکان ئەدەن! بێئەوەی کڵاوی سەریان با بیبات. ماسییەکان ڕاو دەکەن، بێئەوەی پاشەڵیان تەڕ ببێت. بێ ماندوو بوون، هەمیشە دەستیان لەسەر سکی تێرە!

لەسەر میزەڵدانێکی ڕەنگ پەمەیی، وێنەی پێیەکی نەخشاندبوو، کە هەزار دڕکی لێچەقیبوو. ئەمە چیرۆکی ئەو پیاوەی دەگێڕایەوە، کە هێندە شەیدای دەنگی (قادرکابان) بوو، هاواری دەکرد:

- گەر لە بەرامبەر ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەش لە سەدام خۆش بن، من لە بەرانبەر کوشتنی ئەم دەنگە خۆش و جوانە، هەرگیز لێی خۆش نابم و نابم...

لە وێنەی میزەڵدانێکی دیکەدا، چیرۆکی ئەو دار خورمایانەی دەگێڕایەوە، کە بەریان تاڵ بوو. خورمای سەرزەمینێك قەت شیرین نابێت کە ڕەگی بە ئێسك و کەللەسەری مرۆڤدا ڕۆچوو بێت.

لە وێنەیەکی تردا، ژنێك هاوار دەکات:

- بزربووەکان ناژمێردرێن، چونکە ئەوان هەموو ئێمەن.

لە وێنەی سەر میزەڵانێکی رەنگ سووریشدا، باسی دروستکردنی بەربەستێك، بۆ ئەو هەموو فرمێسکانە دەکات کە سامانێکی گەورەی نیشتمانە.

تۆپەڵە میزەڵدانی پڕ وێنە، هەمیشە دەشەکێتەوە. وێنەی پیاوێك لە تەمی قورس و تەڵخدا. ژنێك لە خوێنی تۆخ و چڕدا. منداڵێك لە تەپ و تۆزی لمدا. پیرێکی بزر بوو لە بیاباندا. وێنەی دەستێکی ناسکی خەناوی کە لە لەمەوە هاتۆتەدەر. وێنەی گەنجی کاکۆڵ قیت، وێنەی ژنی چەناگە خاڵ کوتراو، منداڵ و پیری بزرکراو.

رۆژێك پیرە پیاوێك لێی دەپرسێ:

- سەرچاوەی ئەم هەموو چیرۆکانە لە کوێوە دەهێنیت؟

- لە گرِی ئەو گوڵە تۆپانەوە کە نران بە چاڵە نەوتەکانەوە.

ئەو پڕ پڕ بوو لە نهێنی نەوتراو.

ئەو چ نەرم و جوان، دەستی دڕکاوی دەبات و دەزووی میزەڵدانێك دەگرێت. هێدی و لەسەرخۆ دەیداتە دەستی چکۆلانە و ناسکی منداڵانەوە. خۆ ئەگەر بە رێکەوت دڕکێکی بچێ بە دەست و پەنجەی منداڵێکدا، لە خۆی نابوورێ و خۆی جنێوباران دەکات. خودا هاوار ئەگەر منداڵەکە لە تاو ئازاری دڕکەکەیدا لە پرمەی گریان بدات. ئەوە خۆی دەگەیەنێتە جێیەکی چۆڵ و پڕ بە گەرووی دەگری، فرمێسك دەبارێنی و بەدەم هەنسکی گریانەوە دەڵێ:

- من چ درندەم، چ تیژ و بە ئازارم، خودا بۆ ئەم دڵە ناسکەی منت بەم هەمـوو دڕکە دەورداوە! منـت بـۆ بەم هەموو دڕکەوە دروستکرد ئیلاهی. بۆۆۆۆۆ؟!

زۆرجـار و لە نێـو بـازاڕ و چایخانەکانـدا، خەڵـك و خـوای نەدیوو و نەنـاس، لەبەری هەڵدێن. ترسـا و تۆقیـو خۆیـانی بە دوور لێـدەگرن. بە جنـۆکە و دێـو و درنجـی دەزانن.

ڕۆژێـك، چەنـد ژن و پیـاوێکی بیـانی، دەوریانـدا و بە چاوی ترس و ئەبڵەقەوە تێر لێیانڕوانی! پاشان پێیان وت:

- لەگەڵ ئـــێمە وەرە، ئەتکەیـــنە دەوڵەمەنـــدترین و بەناوبـانگترین مرۆڤـی ئەم سـەردەمە، چیـت بوێـت بـۆت ئەکەین.

بەڵام ئەو تەنهـا دەمـی نێـو دڕکـی سـمێڵ و ریشـی بـۆ کردنەوە و بە پێکەنینەوە وەڵامـی دانەوە:

- ئەی کێ میزەڵدان بە منداڵان بفرۆشێ؟

ڕۆژێکیش پیرە پیاوێك پێی وت:

- بۆ ژنێك ناهێنی، لەم تەنهاییە خۆت ڕزگار بکەی؟

دڕکەپیاو دیسانەوە بە خەندەیەکی دڕکاوییەوە وتی:

- ژن باوەشـی گەرم و نەرمـی گەرەکە، بـۆ نەگبەتـی من هیچیانم نییە.

حیکـــایەتی ئەم بە دڕك بـــووە، لە ســـەردەمی حەرەس قەومییەکـــانەوە دەســـت پێـــدەکات. ئەو ڕۆژگـــارانەی وەك ڕەوە بەراز هێرشیان دەکردە سەر گوندەکانی کوردستان، خەڵکیان دەکوشت و تاڵان و برەویان دەکرد. هەر شتێکیان

بەر دەست بکەوتایە دەیاندزی! ڕەوە وەحشێك بوون، بەدەم هێرشەوە پڕ بە گەروویان هاواریان دەکرد:
- نحن البدو، وين العدو...
ئەو ڕۆژەی هێرش دەبەنە سەر گوندەکەیان. ئەم هێشتا لە سکی دایکە جگەر سووتاوەکەیدایە و لە دوا ساتەکانی لە دایکبووندایە. دوو مانگ بەر لە هاتنە دنیاوە، حەرەس قەومییەکان لە ناو کەرکوکدا، باوکی لەگەڵ بیست و حەوت کەسی تردا لە سێدارە دەدەن. خەڵکی داماو و بێ چەکی گوند، بەرامبەر بە جەیش و جاش و تالانچی عەرەب، جگە لە هەڵهاتن چیتریان پێ ناکرێ. دایکی ئەمیش بە ئازاری منالْبوونەوە هێواش و پڕ گریان، ملی نێو چەمەکەی خوار ئاوایی دەگرێتە بەر. تەپاوتل و پڕ ئازار خۆی لە گوندەکە دووردەخاتەوە، کە پڕ بووە لە هەڵهەلە و هۆسەی عەرەب و جاشە دزەکان. لە چەمەکەدا، چیتر لە بەر ئازار، توانای جووڵەی نامێنێ و کۆرپەلە هاکا سەری هێنایە دەرەوە. ترس و ئازار ناچاری دەکەن، بە سکە خشکێ خۆی کێش بکاتە نێو چڕە تووتڕکەکان. تووتڕکی هەزار بە هەزار، بە درێژایی چەمەکەدا کشاوە. ڕەنگی سەوز و سور و ڕەشی توتڕك، جوانییەکی فریودەر و سەرنج ڕاکێشی خولْقاندووە. دڕکی تیژی ژێر گەڵا و گوڵ، وەك تیر بە هەموو لایەکدا پەرشوبڵاوە. ژنە لە تاو ئازاری دامێنی، ئاگای لەو هەموو دڕکە تیژە نییە کە بە گۆشتی ڕوومەت و جەستەیدا ڕۆدەچن و خۆینی دەڕێژن. شەکەت و پڕ ئازار و گریان

و ترس، زیاتر و قووڵتر وەك دێلە گورگێك، ڕۆدەچێتە ژێر بنچکی هەزار بە هەزاری تووتڕك. زریکە و قریشکەی بە چڕە دڕکودالّدا شەپۆل دەدات. تا لەو هەموو ئازارە جەرگبڕەوە، کۆرپەیەك دێتە نێو ژیانەوە، وردتر دێتە نێو دڕکەوە. دایکە هێندە ئازاری چەشتووە، دڵی دەبێ بە ئاو و بە چاویا دەکا عبور. دەبێتە جەستەیەکی نەخشێنراوی ساردی بێجووڵە، بە هەزاران جێ تیغی دڕکی تیژی تووتڕکەوە. گریانی دایك دادمرکێتەوە، تا گریانی کۆرپە بەرزبێتەوە و ناسکتر و کزتر، لە گریانی دایکە مردووەکەی، بە دڕکدا شەپۆل بدات. مەلۆتکەی تازە بوو، لە نێو ڕەنگدا چاوانی هەڵدێنی. ڕەنگی پەمەیی و سور و ڕەشی ئاوێتە بە سەوزی تێر و تۆخی گەڵا. بە دڵۆپە ئاورنگی روونی پڕ تیشکی زیوینی خۆر و شینی ئاسمان. دڕکی تیژی برینداركەر و بۆنی خۆڵی شێدار، چاوی پڕ و گەشی پرشنگداری گیاندارانی نێو تووتڕك. مەلۆتکەیەکی سپی و ناسك، جەستەی دەبێتە پالێتی ڕەنگاوی تووتڕك و شوختی تەنك و بە ئاستەمی نووکی دڕك.

شەوێ لە گەڕانەوەی خەڵکی بۆ نێو گوندە دزراو و روتەڵەکەیان. گوێیان بە دەنگی کۆرپەلەکە دەزرنگێتەوە. هێندە گریاوە بە ئاستەم نووزەڵەی دەگاتە گوێ. مەلۆچکە لە پارچە پەڕۆیەك دەپێچن. بۆ سبەیش تەرمی بریندار و رەق هەڵاتووی دایکە خێر لە خۆ نەدیوەکەی بە خاك دەسپێرن.

لە باوەشـی ژنـانی شیردەری گونددا گەورە دەبێت. لە شـەش سـاڵیدا لە بـری قوتابخـانەی بێرەنـگ، دەچێتە نێـو تووتڕکەکان. ئەوێ دەکاتە ماڵی خۆی و دەبێتە هاوەڵ و هـــاوڕێی ژیـــژگ و کەرۆیشـــك، ڕێـــوی و چەقەڵ و باڵنــــدەکانی نێـــو چەم و دەرودەشـــت. ئێـــوارانیش بە سـەبەتەیەکی پـڕ تـووتڕکەوە، خـۆی دەکـات بە ئاواییدا و دەست و دەموپلی هێندەی ڕەنـگ گرتووە، لە پەلکەزێرینە دەچێت. لە دە ساڵیدا، وەك منداڵانی تری هاوڕێی تووشـی پەتـای دڕکەومێکوتە دەبێت. پاش چەند ڕۆژێك هەمـوان چاك دەبنەوە. جگە لەم کە ڕۆژ دوای ڕۆژ قنچکەی ڕەش و سووری جەستەی زیاتر، تیژتر و درێژ تر دەبن. ئیدی ئەو نەك ئاسـایی نـابێتەوە، بەڵکـو سـەراپای لەشـی دەبێـتە دڕك، دڕکی تیژ و تۆقێنەر. هەمـان شێوە و چڕی بنچکە تووتڕکێـك وەردەگرێـت. لە ناخیشـدا هەمـان، جـوانی و لەزەتی تووتڕك، هەمان تامووبۆ. دڵی لە ناسکیدا وەك ئەو دەنکە تووتڕکە گەییوە پڕ خوێنەی کە لەبەر کزرە شەماڵی هاویندا ڕەنـگ و بـۆن و تـامی لـێ دەڕژێ، دڵـی ئەمـیش خۆشەویستی و جوانی لێدەڕژێت. کە دەگاتە تەمەنی بیست و پێـنج سـاڵی، دیسـانەوە ژیـانی پـاك وسـادەی دەشـێوێت. دیسانەوە نەوەکانی حەرس قەومییە بەعسییەکان دێنەوە و هەموو ڕەنگەکـان دەدزن. سروشـت دەکەنەوە بە دووکەڵ. دێنەوە و ئەم جـارە مرۆڤەکـانیش دەدزن. ئەم بەر شـاڵاوی ڕەشبگیریەکە ناکەوێ. چونکە هێز نییە دەستی بە ماڵی نێو قووڵایی تـووتڕکی ئەم بگـات. دواجـار تـاق و تەنیـای نێـو

دنیــایەکی ســووتماکبووی چــۆڵ و بێدەنگــدا دەمێنێــتەوە. چەندین مانگ تاقە دەنگ، تەنها نوزە و گریان لاوانەوەی ئەمە بە گوند و کێڵگە و پێدەشتە برژاوەکەدا سەدای دێت. دەنگێکی ماندووی گرینۆك کە بەردەوام دەڵێت:

- گریانی دڵ، پڕ میحنەت و ئازارە دڵ...

تەنیـایی هێنـدە شـەکەتی ئەکـات، تـا لە نیـوە شـەوێکی ئەنگوستەچاودا، خۆی دەکا بەو ئۆردوگا زۆرەملێیەی بۆ خەڵــك و خــوای گونــدە راپێچکراوەکــان دروســتکراوە. شــوێنێك کە پــڕە لە مرۆڤــی پەرێشــان و مانــدووی پــڕ لە مەرگ و چــاوەڕوانی. ئۆردوگــایەکی بێرەنــگ و بێبــۆنی خۆشی. ئیتر ئەم تێدەگات، بۆ ئەبەد رەنگ نابینێ. ئەزانێ تا مردن، چاوی بە چاوی ژیژگ و باڵندەکان ناکەوێتەوە. تا قامی قیامەت، بۆن بە ژیانی سادەوە ناکاتەوە. تێدەگات، ماڵەکــان بــۆنی تەرم و کۆڵانەکــان بــۆنی برســێتییان چارەنووســی ئەبەدییە. بـۆ ئەبەد مـاڵێکی وەك مـاڵی نێـو تـووتڕکی نـابێتەوە. دواجـار لە پێنـاو مـانەوەدا، لە پێنـاو ئاشـناکردنەوە و ئاشـتکردنەوەی منـاڵان بە رەنـگ. دەسـت دەداتە مێزەڵـدان فرۆشـتن. میزەڵانــی هەمەڕەنگــی شـێوە هێشــووە تــووتڕك. میزەڵانــی زەرد و ســەوز، ســوور و پەمەیی، دەبنە سێبەری سەر جەستەی دڕکاوی.

ئێســتا ســاڵانێکە کەس دڕکە پیــاوی نەبینیــوە. لەپــڕ بزربوو! هەندێك دەڵێن چۆتەوە بۆ ماڵی تووتڕك. هەنـدێك دەڵـێن، مـردووە و تەرمەکەی وەك کڵناشـك (بـا)ی پـاییز دوور دوور بردوویەتـی. هەنـدێکی تـریش دەڵـێن، شـەوێك

هەموو میزەڵدانەکانی پڕ کردووە و لە ناو قەدی خۆی بەستووە. تۆپەڵی گەورە و هەمەڕەنگی میزەڵان ئەویان بۆ قووڵایی ئاسمان بەرز کردۆتەوە. تا لە چاوان بزربووە. ئیدی کەس نازانێ گەیشتۆتە کوێ. ڕەنگە لە سەر مانگ نیشتبێتەوە!

ئەوەش دەڵێن، کە لە دوای خۆی، تەنها یەك میزەڵدانی پڕ وێنەی جێهێشتووە. کە تیایدا گوزارشت لە مرۆڤێك دەکات. جگە لە خۆکوشتن، هیچ چارەیەکی تری نییە، چونکە ئەمڕۆ بتەوێت لەسەر بنەمای ڕێوشوێنی ئەخلاقی بمێنیتەوە، ناچاری خۆت بکوژی.

-٣-

له دوای مردنــی بــاوه گه‌وره‌مه‌وه، ئیـدی مـیمکم هـیچ قسه‌یه‌کی نه‌کرد. سنوقێکی پڕ گه‌وهه‌ر و راز و نیازی پڕ نهێنی چۆن کڵۆم ده‌درێت، ئاوها ئه‌میش ده‌می چووه کلیله و یه‌ك وشـه چییه له زاری نه‌هاته ده‌ر! ئیدی من که‌متر ده‌مبینی، ئه‌و هه‌میشه به کوچه و کۆلانـاندا وێڵ و تووڕه و سـه‌رگه‌ردان ده‌خـولایه‌وه. جـگه له‌شـه‌و، به ده‌گـمه‌ن ده‌گه‌ڕایه‌وه نێـو مـاڵه چـۆڵه‌که‌ی. له کـونجی تـاریکی ژووره‌که‌دا خـۆی گرمـۆڵه ده‌کـرد و نیگـای ده‌بـڕییه وێـنه‌که‌ی بـاوکی که به‌سـه‌ر عاره‌بـانه‌که‌یه‌وه ده‌یـڕوانییه ناشـوێن. به‌و چـاوانه‌ی وه‌ك دوو پشـکۆی دۆزه‌خ سـوور

هەڵگەڕابوون، لە نێو تاریکیدا دەبریسکانەوە و فرمێسکی ئاگرینیان دادەباران. چەندین شەو خۆم لێي نزیك کردۆتەوە، نەرم و لەسەرخۆ دواندوومە، بەسەرهات و یادەوەری نێو گوند و کەسوکار و ئازیزانم بۆ گێڕاوەتەوە. تەنها بە خاتری جووڵانی هەست و نەستی و بەقسە هاتنی و گەڕانەوەی بۆ دۆخی بەر لە مردنی باوکی.

شەوێکیان بە مەبەستی تیژکردنەوەی یادەوەریی و جووڵانی هەستی و گەڕانەوەی بۆ ژیانی ئاسایی، چووم و ئەلبوومی خێزانیم بۆ هێنا. لە بەردەمیدا کەوتمە هەڵدانەوەی:

- بڕوانە میمی گیان، ئەها ئەوە کاکەتە، دەبینی چ خەندەیەکی گەش و جوان لەسەر لێو و سیمایەتی؟ ئەمەش باوکتە، ئەها ئەمە رێك گردی بەرامبەر ئاوابییە، بڕوانە بەسەر گردەکەوە ئەم وێنەیەی گرتووە، ئەها ئەوە ماڵەکانە لە پشتییەوە دەرکەوتووە! تەماشای ئەو بڕنەوەی شانی بکە، بەر لە ئیفلیج بوونی چ بە شان و شەوکەت بووە!

- ئۆو بڕوانە، ئەمانە ئەناسیتەوە؟ کە بە (کوونە)ی پڕ ئاوی کانیەوە هەنگاو هەڵدێننەوە. میمی لە نێو ئەم سێ کچە شۆخ و شەنگەدا، بزانم ئەتوانی خۆت بناسیتەوە؟

خێرا خێرا، بەش بەشی ئەلبومە پڕ وێنەی رەش و سپی، وێنەی مرۆڤە مردوو و ئەنفال کراوەکانم هەڵدەدایەوە و پێم پیشان ئەدا. بەڵام ئەو بە دوو چاوی تەڕەوە، بێ جووڵە و بێ قسە، چاوانی چووبووە مۆڵەق و

هیچیتر. ناچار ئەلبوومە شڕەکەم داخست ولامدایە لاوە و لە دڵی خۆمدا وتم:

- ئەم داماوە دەتوانێ چی بڵێ، ئەو چۆن و بە چ زمانێك گوزارشت لە ناخی خۆی بکات، تەنیایی و ئازار و بێکەسی ژنێکی گەرمیانی پاش ئەنفال، کوا زمان دەرەقەتی دێت. بێدەنگی و مانگرتن لە قسەکردن، رەنگە باشترین و ماقووڵترین بژاردە و هەڵوێستی تەندروست بێت. لە ژێر قورسایی ئەم ستەمەی ژیاندا، میمکم بەم زمانە بچووکەیەوە بڵێت چی؟ خۆ ئەو شاعیر نییە، ئەگەر وابوایە، ئێستا پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد:

ئاخ چییە؟ ئەم دەنگە ئەم رەنگە کە بۆنی
سەراپای بێدەنگی و بێرەنگی ژیانێکە
نێژراوی گۆڕێکی دێرینە
چییە وا؟ ئاوازی بێنازی گەرووی من
وەك هەوای ژەنگگرتووی شمشاڵی شوانێکە
خنکاوی دووکەڵی خاکێکی خوێنینە
بێدەنگیم رۆمانێك، ملێونان قسە بوو
پڕ گرمە و پڕ لەرە و هاژە بوو
نەبیسترا و نابیسترێ
بێدەنگیم سەوزایی سروشت و شینایی
ئاسمانی گەردوونە
سوورایی روخساری خوێناوی شەهید و
ژیلەمۆی پاشماوەی شەڕی بەد و
قاوەیی و هەنگوینی چاوانتە و

نەبینرا و نابینرێ
تۆش لە من رابکە و جێمبهێڵە
لە هەموو زەمان و شوێنێکدا
قورسایی زەویان نایە سەر ئەم گیانە
لاوازە و نەمردم[1]

ژنێکی لاوازی گەرمەسێری ئەنفال نەکراو، دەبێ چی هەبێت بۆ وتن؟ هەموو هەوڵەکانم بێ ئاکام بوون و تەنانەت بە یەك وشەش نە وەڵامی داومەتەوە و نەهاوبەشی یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانم بوو. زۆربەی کات کە دەمدواند، ئەو هەردوو ئەژنۆ رەقەڵەکانی لە سنگی توند کردبوو، هەر دوو دەستی لێئاڵاندبوون چەناگەی خستبووە سەر ئەژنۆکانی، بێدەنگ و خەماوی تەنها دەیڕوانی. ئەو چووبووە دنیای فەرامۆشییەوە. لە بیری کەسدا نەمابوو. ئەو رۆژە ئەمیش مرد و لەگەڵ باوکیدا نێژرا. رۆحی لە گۆڕەکەی باوکیدایە، تەنها جەستەیەکی رەقهەڵاتووی بێ چرپە و بێ دەنگە، لە بری خوێن، زووخاو و مەراق بە جەستەیدا دەگەڕێت.

دواجار منیش فەرامۆشم کرد و چیتر خۆم لێتێنەدەگەیاند، وەك (با) ئازاد و بەرەڵا دەژیا. نە خۆی لە کەس نزیك دەکردەوە و نە کەسیش لەوی دەپرسییەوە. ئەو بە رێگای خۆیدا و منیش بەرێگای خۆمدا. ئەو لە بازنەیەکی بۆش و بێئامانجدا دەخولایەوە. ژیان بە

[1] - شیعرێکی فاتیح عزەدین.

تەواوەتـی لە بوونیـدا بـارگە و بـنەی پێچـابۆوە. لە منیشـدا تاقە ڕێگا، کتێبەکانم و هەویر شێلان و گونك بڕین بوو.

هەڵبەت دوایـن کەڕەت بە ڕوون و ئاشکرا لە بەردەمیدا بە چۆکدا هاتم، هەردوو دەستە قلیشـا و گـرنج گرنجەکـانیم توند لە دەستما گوشی. بە نیمچە گریانەوە پێم وت:

- میمی گیان، بۆ یەکجـار تەماشـامکە و شتێ بڵـێ، بۆ والە خـۆت و لە منــیش ئەکەی! بـڕوانە هەر دووکمــان ڕەنگی مردنمان گرتووە! لەم دنیایەدا بەس تۆم مـاوی، نە باوك، نە دایك، نە خوشك و نە برا، تاقە کەسم هەر تۆی. من گوناهم چییە، بۆ قسەم لەگەڵ ناکەی بۆ؟ خۆ من باوکتم نەکوشت! ئەو خۆی نەخۆش و دەردەدار بوو...

کەوتم بەسـەر قاچەکانیدا و زوڕەزوڕ دەگریام. کەچـی ئەو تەنهـا دەسـتێکی هێنـا بە سـەرمدا، خـۆی خـزانە ژێـر بەتـانییەکەیەوە و پشـتی تێکـردم، بـێ ئەوەی یەك وشــە لە زاری بێتەدەر.

دوا شــەو و دواجـار بـوو قسـەی بـۆ بـکەم و هەوڵــی ئاشتبوونەوەی بدەم. ئیدی خـۆم لـێ نەگەیـان، ئاگـام لێنەمـا چـی دەکـاو چـۆن دەژی. جـاری وا هەبـوو بە سـێ ڕۆژ نەمئەبینی. چونکە بە ڕۆژ دەچووە سەر گۆڕەکەی بـاوکی و بە شـــــــەویش نەدەگەڕایەوە. لە نێــــــــو کەلاوە و داروپەردووی مـــاڵە خاپوورەکانـــدا، لەگەڵ ســـەگ و پشیلەکاندا دەنووست.

***

پاش سێ مانگ لە مردنی باوە گەورەم، ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار لە کاتی گەڕانەوەم بۆ هەورەبانەکەم. بینیم لە سێبەری کەلاوەیەکدا لەگەڵ کەسێکیتردا دانیشتووە. دڕکەپیاو وەك هەمیشە بە تۆپەڵە میزەڵانەکەی سەرسەریەوە، نەرم و هێدی، مەقامی دەوت. بە ئاستەم نووزەی بە هەوا چڕ و گەرمەکەدا دەگەشتە گوێ. ئائئئئازی... ئای... براککککە... مممممتوخواکەییییی... لەتاو... دووری... هەر... سەرانن. تارن... باوکەکەممم... ئەمساڵ... بینایمممممم... ئای... ئای... تاریك و تارن... تووخووووااا... کەسم... ئایی... دەبێژە... رەنجە.. رۆۆۆ... بیمممممم... نەمان... نەمان... فەلەك... ئای...

میمکم بە تەنیشتیەوە هەڵکورماوە و بە هەر دوو چاوانیدا فرمێسك دادەبارێتە نێو کۆشیەوە.

- براکەم... ئازیزم ئەی خاکم بە سەر... نەمان... نەمان...

تاوێك بە دیاریانەوە وەستام و لێمڕوانین، ئەوان هیچ گرنگییەکیان بە من نەدا و منیش ملی رێگام گرتەوەبەر. بەدەم هەنگاو هەڵهێنانەوە سەرم هەڵبڕی، لە قووڵایی ئاسماندا، کۆلارەیەکم بینی بەدەم باوە دەشەکایەوە.

پێشتر کەمێك باشتر بوو بۆ من، هەر هیچ نەبێ هاوەڵی پیاوێکی ئیفلیج و ژنێکی گرینۆکی دەم بە دوعا و نزا بووم. جارجارە قسەو باسێکمان دەکرد، یادگارییەکمان دەگێڕایەوە، کەمێك ئارامیی و سەبووریمان بە یەك

دەبەخشــی. بەڵام ئێسـتا وا ئەوانـیش جێیانهێشـتم، تـاق و تەنیـا، بـێ یـار و هـاودەم، وەك بـایەقوش لەم هەورەبـانە زسـتان سـارد و هـاوین گەرمەدا، یـا دەگـریەم، یـا دەخوێنمەوە، یا دەنووم. تـا رۆژێکیتر و سووڕێکی تـری پووچی بژیم. ئێستا بۆ من کە ژیانێکم نییە، تـاك و تەنیام. کتێب ژیانمە و خوێندنەوە دەمکـاتە هاوڕێی سەدان کەس. دەخوێنمەوە دەخوێنمەوە تا بێئاگا دەبم. ئیدی من نـازانم لە چ لاپەڕە و کام دێڕدا خەوم لێ دەکەوێ. تـا لە پڕ زەنگـی کـاتژمێرە قـوڕمیش کـراوەکەم بە زەنگـی نەشـازی خـۆی بێدارم دەکاتەوە. ناخۆشترین دەنگێك کە بە زۆر و ناچاری لە خەوی قـــوووڵ و خـــۆش بێـــدارم ئەکـــاتەوە. چ بەختەوەرییەکی گەورەیە مرۆڤ خۆێ خەبەری ببێتەوە، نەك بە ناچاری و بە زەنگی وریاکردنەوە.

دیسانەوە دەکەومەوە نێو تاریکی کۆڵانەکـان. تەنهـا من و سەگە بەرەڵاکـان بێدارین، کە بەسـەر سـەگوردانەکانەوە بە دوای خواردندا دەگەڕێن. بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕم، یەك دوانێکیـان سـەر بەرز دەکەنەوە، تاوێـك لـێم دەڕوانـن و دیسانەوە دەم دەژەننەوە زبڵەکان، هیچ گرنگییەکم پێنـادەن. تەنانەت بۆ ئەوانیش هیچ گرنـگ نیم. سەیرە بەم رۆژگارە مـرۆڤ بەردەبارانیـان دەکەن و عەزێتیـان ئەدەن، کەچـی بیر لە پەلامار و تۆڵە نـاکەنەوە و لەم تـاریکی و تەنیـاییەدا پەلامارم نادەن!

خـــۆم دەکەم بە نـــانەواکەدا و دەســـتدەکەم بە هەویـــر شـێلان. دەمەوبەیـان تــاك و تەرا، مرۆڤگەلــی تەنهــا و

ترساو، لێره و لەوێی کوچه و کۆڵانەکانەوه دەردەکەوتن. که بەو سەبای سوبحانه، خەم و مەراقیان لێ دەچۆڕا. دەهاتن و یەك دوو نانیان دەبردو و کز و لانەواز دەگەڕانەوه نێو کەلاوەکانیان. ئەو کابرا پیرەی لەو سەری کۆڵانەکەوه و بەسەر عارەبانەیەکەوه لەفەی قاورمه دەفرۆشێ. هات و لەگەڵ پێچانەوەی بیست نانەکەیدا، به سیمایەکی گەش و دەنگێکی لرخنەوه هاواری کرد:

- ئەنفالەکان دەگەڕێنەوه، ئەمشەو له رادێو گوێم لێبوو، سەدام عەفواتی بۆ دەرکردوون.

وەستاکەم بەدەم پێوەدانی نانێکەوه، به تەوسەوه وتی:

- بەڵێ، بەڵێ دێنەوه، هەرئەم ئێوارەیه لەگەڵ ژن و منداڵەکانت نان دەخۆیت!

کەس بڕوا بەم قسه و هەواڵانه ناکات، که زۆربەی رۆژ به ئۆردوگاکەدا بڵاودەبێتەوه و کەسیش نازانێ سەرچاوەکەی له کوێوەیه. ئەم قاورمەفرۆشه له خێزانێکی نۆ کەسیی تەنها خۆی و تاقه کوڕێکی ماوەتەوه، که ئەویش ئێستا له خوارووی وڵاتدا سەربازه و دوو مانگ جارێك، بۆ چەند رۆژێکی کەم دێتەوه و دەیبینی. ئەم پیره پیاوه، لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروست بووه، تا ئێستا سیازده جار خانووی دروستکردووه و له لایەن حکومەته یەك له دوای یەکەکانەوه خاپوور کراوه و به سەریدا رووخێنراوه. دوا جاریان دوو ساڵ بەر له ئێستا بوو، کاتێ جاش و بەعسییەکان له پرۆسەی ئەنفالدا هاتنه سەر گوندەکەیان و خانۆچکه و گوندەکەیان سووتان. ئەم

جارەیان تەنانەت ژن و منداڵەکانیشی بۆ دەرنەچوون. لە ئێستەش بە دواوە، کەس نازانێ چەند کەڕەتیتر ماڵ دروستدەکات و بۆی خاپوور دەکەن. سەیر لەوەشدایە دوای ئەم هەموو رەزالەت و ماڵ وێرانییەشی، کەچی هەمیشە گەشبینە، هەر کەس سەبارەت بە رۆژێکی باشتر و خۆشتر و دنیایەکی نوێتر قسەیەکی بۆ بکات، یەکسەر بڕوا دەکات! ئەو هەمیشە دەڵێ:

- خودا گەورەیە، هەموو شت باش دەبێت ئینشائەڵڵا.

لە دوای کاتژمێر حەوت بە دواوە، بەدەم گونک بڕینەوە، دەڕوانمە ئەو کچۆلانەی بە بەردەم نانەواخانەکەدا بەرەو قوتابخانە دەچن. چاو دەبڕمە سنگیان، هەرچی لێیان دەڕوانم کە خەریکە کراسی سپی بەریان دادەدڕێ، هەستێك لە ناخمەوە پەل دەدات و دەموورووژێنێ. من بە خەیاڵی ئەو مەمکانەوە کە تا ئێستا بە دەستم نەمگرتوون. توند توند گونکی نێو دەستەکانم دەگوشم و بە خەیاڵی مەمکەوە خڕ و ساف و جوان دروستیان دەکەم. لە خەیاڵی خۆمدا دەڵێم:

- من مەمکسازترین کەسی ئەم دنیایەم.

بە کورتی هەمیشە بۆ نیو کاتژمێرێك، بە خەیاڵی مەمکی کچە خوێندکارەکان، من هەویری نێو لەپم دەگووشم. چ جوانن هەر دوو، مەمك و گوونك، سەرچاوەی ژیانن.

سبحەینانێك، لە کاتێکدا نوقمی ئارد و گوڕەی نەشازی دوو تەنـووره داخبـووەکە بـووین. خـاڵە حەمە پیـازاو، بە نەشئەی پێکەنینەوە هات و هاواری کرد:

- ئاگاتـان لێـیە، دیسـانەوە قەومـا، دیسـانەوە جەنـگ هەڵگیرسا، عێراق کوێتی داگیر کردا!

وەستاکەم کە دەسرێکی سووری لە تەوێڵیدا بەستبوو، بەدەم نان پێوەدانەوە وتی:

- حەمە وازمان لێبێنە ئیشـەکەمان بکەین، بەم بەیانییە خێـر و شـەڕ نەبەخشـراوەتەوە، ئەم درۆ گەورەیەت لە کوێوە هێناوە!

حەمە دیسانەوە و بەرزتر دەنگی هەڵبڕی:

- درۆ نـاکەم بە خـودا، ئێـوە ئاگاتـان لە هـیچ نیـیە، قەومـــاوە، دە ئەو رادێـــویە بـــکەرەوە، ئەگەر گوێـــت لە هەواڵی شەڕ و شەیپوڕی جەنگ نەبوو بمکوژە.

وەسـتام دەسـتی دایە رادیـۆ ئـارداوییەکە و هەڵیکـرد. بێژەرێك پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد:

- عودت الفرع الى الاصل...

هەموو سەرمان خستە سەر رادیۆکە، کە بەیاننـامەی داگیرکردنــی کــوێتی دەخوێنــدەوە. تــا لە پــڕ کرێــارێکی ریزەکە هاواری کرد:

- نانەکان سووتان.

بە ئاگا هاتینەوە، شەلاعەکە، پەلەو خێرا سێ دانە نـانی بە زوخـــاڵبووی دەرهێنـــا، کە دووکەڵـــی رەشـــی لێـــبەرز

دەبووەوە! ئێمە بە هەواڵەکە حەپەسابووین، کەچی حەمە بە لاقرتێوە وتی:

- تەنووری ئەم جەنگەی ئەم جارە، هەموومان بە خاکەوە، وەك ئەم نانانە دەکاتە قەرەبرووت.

حەمە پیازاو، هەمیشە گاڵتەی بە دنیا و رووداوەکان دەهات. ئەو پیاوێکی سیما قووپاوی بە تەمەن و رەبەن بوو، هەر جگەرەی هەبوایە ئیتر خەمی هیچی نەبوو. ئەو تاق و تەنیا بوو، نە ژن و نە منداڵ، بەرەڵا و بێخەم، دنیا ئاو و ئاگر بیبردایە باکی نەبوو. بێدەربەستی ئەم پیاوە کە بە پێکەنین و لەزەتەوە هەواڵی جەنگ و ماڵوێرانی دەگێڕێتەوە. بۆ حیکایەتی سەیری خۆی دەگەڕێتەوە. لە مێژ بوو ئەو لە جەنگی تایبەتی و ژیانی خۆیدا شکستی هێنا بوو، بە جۆرێك دۆڕا بوو، ئیدی هیچی بە هەند وەرنەدەگرت.

رۆژگارێکی دوور، حەمە عەلی باوکی ئەم پیاوە، لە نێو ئاودەستخانەی مزگەوتی گونددا، لادەکاتەوە، بە رێکەوت پیاوێکی ناسیاوی دەبینی کە ئەویش وەك ئەم دانیشتووە و بەدەم سیگار کێشانەوە خۆی بە تاڵ دەکاتەوە. (ئاودەستی ئەو سەردەمانەی مزگەوتی گوندەکان، هەم بە ریز بە تەنیشت یەکەوە بوون و هەم دیواری نێوانیشیان نزم بوو، مرۆڤ کە تیایدا دادەنیشت لە شان بە سەریەوە جوان جوان دیار بوو) سڵاو لە یەك دەکەن و بەدەم گوو کردنەوە, سەری قسەی کۆن دائەمەزرێنن. هەر لەوێدا لەسەر ژن بە ژنێك رێك دەکەون. دەستی گوواوی دەخەنە

نێـو دەسـتی یەك و پەیمـانی شـەرەف و پیـاوەتی بە یەك دەدەن.

گونـــدەكە دوو بەرەیە، چەمە ئاوێــك كــردویەتیە دوو لەتەوە، ئەوبەر و ئەمـــبەر. ژن بە ژنەكە لە نێـــوان هەر دوو بەرەكەدایە. رۆژی زەماوەنـــد دێــت و بــووكی هەر دوولا لەسـەر پردی نێوان گونددا ئاڵووێر دەكرێت. هەر لایە و بەدەم قریشـــكەی پێكەنـــین و تەقەی بـــڕنەوەوە، نەوبــووكی خۆیــان دەبەن. هەمــوو گونــد لێــوان لێــو لە نەشئەی گۆرانی و خۆشی دەبێت. بە پێی داب و نەریتیش هەر دوو بنەماڵە لەگەڵ كچی خۆیاندا نوێنەرێك دەنێرن كە لە كوردەواریــدا بە بەربــووك ناســراوە. ئەم ژنە كــاری گەڕانەوەی دەسڕی خوێناوییە، ئەو خوێنەی دەڕژێتە نێو ڕانی بووكەوە، كە گەورەترین هێمای پاكیزەیی و كچێنـی بووكە دەسەلمێنێ. كاتێ تاریكی دادێت، حەمە عەلی باوك و بــرا و ئــامۆزا و كەســوكاری، زاوا پاڵــدەنێنە ژووری بووكەوە و پێی دەڵێن:

- حەمە خەجاڵەتمــان نەكەی! بتبینـــین چـــۆن بەر لە زاوای ئەوبەر كاری خۆت دەكەیت و بە زاوا دەبیت، دەی خێرا بچۆ، سەری خۆت و بنەماڵەكەت بەرز بكەوە.

حەمە هێنـدەیان قسـە و پەلە پەل لێكـردووە، بە تـرس و لەرزەوە، وەك ئەوەی بـۆ رەبـایە گـرتن پـاڵی پێـوەنێن، لە حاڵێكی شڕ و تۆقیـودا خـۆی بە ژووری بـووكەدا دەكـات. زۆری پێناچێت لەوبەری ئاواییەوە دەستڕێژی سـەركەوتن و بە زاوابوون دڕ بە تاریكییەكە دەدات. هەلهەلە و دەنگی

دەهۆڵ و زوڕنا بەرز دەبێتەوە. کاری ئێمە تەواو، زاوای ئێمە پێش زاوای ئێوە کاری خۆی کرد. ئێستە کێشەیەك نییە گەر تۆزێکی کە زاوای ئێمەش بێتەدەر و دەسڕی خوێناوی بنێرینەوە. بەڵام وا قەدەرێکی زۆرە هیچ ئاماژەیەك بۆ بە زاوا بوونی حەمە دیار نییە. کەسووکار سەرشۆڕ و خەفەتبار لێویان دەگەزن و هەستی دۆڕان و ئابڕووچون لە ناخەوە چڕنووکیان لێدەگرێ. هەموو سەرشۆڕ و دۆڕاو لە بەر خۆیانەوە جنێو دەدەن و ئازار دەچێژن. تا لە پڕ حەمەساڵحی برای زاوا دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ:

- ئەم بێشەرەفە حەیاو حورمەتی پێنەهێشتین، ئەڵێی بچمە ژوورەوە و بە یەك فیشەك ساردی کەمەوە.

حەمە نوری ئامۆزای هەڵدەداتەوە:

- هەر پێشتریش ئەمزانی ئەم تەپڵلە هیچی لە باردا نییە و ئاوا ئابڕومان دەبات!

برا بچووکەکەی حەمەش کە قین و حیرس گرتوویەتی، هاوار دەکات:

- ئەم ناپیاوە خەریکی چییە؟! ئێستا ئەچمە ژوورەوە و بە پەنجە، بەشی هەزار دەستەسڕ خوێنی لێ دەڕێژم و هەڵی دەتڵیشێنم.

هەڵدەستێ، لەگەڵ تەکاندا برا گەورەکەی مەچەکی دەگرێ و هاواری بە سەردا دەکات:

- گووبخۆ حەیوان، چۆن قسەی وادەکەیت، ئەوە براژنتە، دانیشە بێ ئەقڵ!

ئەوبەر لە لووتکەی کەیف و سەفادان. زاوایان کاری خێری خۆی کردووە، هەموو کەیفسازن و هەست بە گەورەیی و سەرکەوتن دەکەن. نەشئەی خوێنی سەر پەڕۆی بەربووك کە وەك هێمای ئاڵا و سەرفرازی بەڕێیان خستووە بۆ ماڵی بووکە، خستونێتیە هەڵەکە سەما و هەڵپەڕکێ. هەرچی ئەمانیش بوو، بە خەم و دڵەڕاوکێوە، بە بەردەم ژووری بووك و زاوادا پێکدا دەچوون، هەناسەی سارد و شەرمەزارییان دەردەدا. حەمە عەلی باوك کە هەردوو دەستی خستبووە پشتی و سەرشۆڕ دەهات و دەچوو. بەردەوامیش چاوی لەسەر دەرگا داخراوەکە بوو، چیتر خۆی پێ ڕانەگیرا. وەك هەورە گرمە هاواری کرد:

- بچن ئەو سەگبابە بێننە دەرەوە، حەیاو شەرەفی هەزار ساڵەی بردین.

دوو کەس خۆیان بە ژووردا کرد و قەدەرێك دواتر، زاوای ڕەنگ پەڕیویان بە دەستە بیجامەیەکەوە هێنایە دەرەوە. برا و کەسوکار، لە هەموو لاوە بە جنێو و هەڕەشە هورووژمیان بۆ برد. زاوا هێندەی تر تۆقی و پەرێشانتر بوو! حەمە عەلی باوك، بە تووڕەییەوە بە حەمە ڕەزای کوڕە گەورەی وت:

- بیبەن بیخەنە ئاوی چەمەکەوە، بەڵکو بێتەوە سەرخۆی و قەترەی تکاوی شەرەفمان هەڵگرینەوە.

دە دوانزە زرتە بۆز، لە برا و ئامۆزا و میمزا، زاوای داماویان وەپێش خۆیاندا بۆ نێو چەمە تەزیوەکە. کوڕەی

داماویان بە جلووبەرگەوە هاویشتە ئاوەکەوە. کوڕە دەمی داچەقان و ئاهی تەزوویەکی سارد بۆ چەند ساتێك هەناسەی لێبڕی. چەند جارێك سەریان لە ئاوی خوڕی چەمەکە نووقم کرد و دەریانهێنایەوە. ئاوی تەزیو بە هەموو لە شیدا چۆڕاوگەی بەستبوو! زاوا لە ترس و سەرمادا، وەك شۆڕە بی دەلەرزیی. ئەوجا گەڕانیانەوە و بەر لە ژوورکردنی، چپاندیان بە گوێ تەزیوەکانیدا:

- لەوە زیاتر ئابروومان مەبە، بچۆ و خێرا کونی بکە، هەی ناپیاوی حەیابەرە، ئەگینا ئەتکەین بە قوربانی یەك فیشەك.

هەمیشە ژیان وابووە، بەرەیەك لە خۆشی و قرمەوقڕی پێکەنین و شادی. بەرەیەکیش لە خەم و خەفەت و گریان. حەمە تا بەرەبەیان لە ژوورەوە بەسەر جەستەی گەرمی بووکەوە، جوولا و خۆی خشاند. بەڵام بێ هیچ ئەنجام و دەسکەوتێك، مل شۆڕ و دۆڕاو ئالای تەسلیم بوونی هەڵبڕی. کەسوکار کە خەریك بوو لە شەرم و رقدا دەتەقین، هەر یەکەو بە شەقێك یا زللەیەك تۆڵەی ئابڕووی خۆیان کردەوە. لۆژەلۆژ و شکستخواردو، ڕێگای ماڵەوەیان گرتەبەر. حەمەش بەدەم ئازار و شەرمەوە، لەسەر زەوییەکە و بەدەم گریانەوە، بە لەرەیەکی خنکاوەوە وتی:

- ماکەر نەماوە لە ئاواییەکەدا نەمگابێ، خودایە بۆ هێشتت جادووم لێ بکەن!

ژن بە ژن، بوو بە شەڕ بە شەڕ، خەریك بوو خوێنی تیا بڕژێ! تا پیاوانی ئاوایی کەوتنە نێوانەوە و کێشەکەیان چارەسەر کرد. بووکە جارێکیتر رازێنرایە و بەڕێخرایەوە. ئەمجارەیان بۆ برا بچووکەکەی حەمە. ئەو حەمەیەی بۆ ئەبەد گەڕایەوە بۆ ناخی خۆی و وەك پیاوێکی تێکشکا و ئابروو چوو، نە خۆی ویستی و نە کەسیش ئامادە بوو ژنی بداتێ. لە هەمووی تاڵتر ناونرا، حەمە کێر پیازاو.

خەنەیی

# تارماییە پیاو، بایەوانی دەشتی حەمرین

پاش رووخانی بەعس، موسافیرانی رێی پایتەخت، لە چوون و هاتنەوەدا، کاتێك دەگەنە زنجیرە چیای حەمرین، بە دەستی خورهەڵاتدا و لە نێو پێدەشت و گرد و تەپۆڵکەکاندا، هەمیشە پیاوێك دەبینن. پیاوێك لە دوور،

وەك تارمایی و خێو، پیاوێك لە چەشنی سەراب، لە دەشتە بەرفـراوانەكەدا شـەپۆل دەدات. بە كراسـێكی سـوور و شەڕواڵێكی سپییەوە، جێ بە خۆی ناگرێت. وەك تەتەری نێو سوپایەكی سەدەكانی ناوەڕاست دەبزوێ و شـەپقەكەی ڕادەوەشـێنێت. وەك كۆسـت كەوتـوویەك بەسـەری خۆیـدا دەكێشـێت. پیاوێـك بەردەوام هەر دوو دەسـتی لە هەوادا ڕادەوەشێنێ و موسافیرەكان بانگ دەكات. هەندێك جاریش بەدەم شـنەی بـای پێدەشـتەكەوە، گەشـتیار و ڕێبوارەكـان، گوێیان لە هاواری تاساو و پڕ نووزە و گریان دەبێت. ئەم دێوانەیە كێیە كەوتۆتە دەشتودەر؟ مرۆڤێك لە قرچە قرچی گەرمـای هـاوین و سـەرمای سـەختی زستاندا چـی دەكـات لەم خـاكە وشـك و قـاقڕەدا؟! ئەمە چ جـۆرە دێـوانەیەكە؟ بانگێشتی ڕێبوارەكان بۆ چی و بۆ كوێ دەكات؟ بۆ تاوێك ناسرەوێ؟!

ڕۆژێك ڕێبـوارێكی ئەو ڕێگـایە، بەبینینـی تارمـاییەكە تووشی شۆك دەبێت و بە سەربازی سەربازگەكە دەڵێت:

- بڕوانە پیاوێك لە نێو ئەو گردۆڵكانەدا، هاوار دەكات و داوای فریادڕەس دەكات!

سەربازەكە بە ساردییەكەوە وەڵامی دەداتەوە:

- لەوەتەی ئـێمە لێـرەین، ئەو تارمـاییەش هەیە و دەیبینین، پێدەچێت جنۆكە یان فریشتە بێت! لێرەوە هەموو كەس دەیبینـێ، كە بـۆی دەچـین بـزر دەبێـت و نابینرێـت. چەنـدین جـاریش بەر دەسـتڕێژی گوللـەمـان داوە، كەچـی قەت پێوە نابێ. هەموومانی شێت كردووە. ڕۆژ نییە سەد

کەسی وەك تۆ پێمان نەڵێ، پیاوێك لەو دەشتەدا داوای یارمەتی دەکات. سەرکەوە و بڕۆ، هیچ ئاوڕ مەدەوە، ئەو پیاوە وەهمی بیابانە.

هەواڵی کراس سووره شەبقە لە سەرەکەی دەشتی حەمرین، گەیشتە هەموو شارەکان. چەند ڕۆژنامەنووسێك بۆ بەدواداچونی نهێنی و ڕاستی و دروستی کراس سووره شەبقە ڕەشەکە، گەیشتنە بازگەی حەمرین، لەوێشەوە بە پێ ڕووە و پێدەشتەکە کەوتنەڕێ. بەنێو گرد و کەندڕ و تەپۆڵکەکاندا کەوتنە گەڕان. دواجار لە بری دۆزینەوەی مرۆڤێك، کەوتن بەسەر چەندین گۆڕی بەکۆمەڵدا.

***

نیوەشەوە، گوندەکە پڕە لە تاریکی، بە ئاستەم کزە ڕووناکی چەند چرایەك کە لە بەر پەنجەرەی ئێرەو ئەوێی ماڵە قوڕە خامۆش و پەرتەوازەکان، وەك پنتێکی رووناکی تەڵخ دەبریسکێنەوە. کزە تیشکی رووناکییەکی بزێو و جووڵاو، دەردەکەوێ و شەڕی تاریکی دەکات. ئەوە (کاکەوڵا)یە، بە لایتەکەی دەستییەوە وەك هەموو نیوەشەوانێك خۆی بە پەچەی مەڕ و ماڵاتەکەدا دەکات. کەرە سپی دەباتە سەر گۆلە ئاوی بەر بیرەکە و بە نەرمە فیکە ئاوی دەدات. پاشان کورتان و هەگبەکە دەخاتە سەر پشتی و هێدی هێدی لە حەوشەی گەورەی پەچەکەوە ئاودیوی کۆڵان دەبن. خۆیی و کەرەکەی ئیدی پێویستیان بە رووناکی نییە، تەواوی کوچە و کۆڵانی گوند و ڕێگای باخ، ئاشنا و شارەزان. لە دامێنی ئاواییدا و رێك لە

بەردەم حەوزی گەورەی پـڕ ئـاوی مزگەوتـدا، دەبێـت کـاکەوڵا خۆی بهـاوێتە سـەر پشـتی کەرە سپی، ئەگینـا بە تەنکە ئاوی نێو چەمی گوند، قولووقاچی تەڕ دەبن.

لە نێـو تـاریکی و بێـدەنگی شـەودا، خـرمە خرمـی رۆچـوونی نـاڵی کەرەکە بە زیخـی ژێـر قاچەکانیـدا، دەنگێکـی خـۆش بەرەو دارتووەکـانی سـەرچەمەکە بەرز دەبێـتەوە، لەگەڵ هـاش و هوشـی گەڵادا دەبـنە ئـاوازی ئاوەدانی و ژیانی سادەی گوند. تا دەگەنە چەم و باخ، پیرە بـاخەوان بەسـەر پشـتی گوێـدرێژەکەیەوە، ڕۆچـووەتە داڵغەی قووڵ.

کێ لەم دنیایەدا، ئەتوانێ پەی بە ڕاز و نهێنـی، خەم و ئەندێشەی نیوەشەوی باخەوانێك بەرێ؟

وردورد بەسەر ڕێگاکەدا دەبزوێ، وەك نەیزەکێك کە بە قووڵایی ئاسماندا دەکشێ. سەر لووتکەی چیا و لاپاڵی گردە گیا پۆشەکان، بەڕەنگی مانگە شەوەکە پەڵە پەڵەی زیوینی گرتووە. گژوگیای کۆتایی بەهار، بەدەم کزە باوە شنە دەکەن. کاتێك دەگەنە نێو باخ، کەرە سپی ملی ڕێی ژێر دار شاتووەکەی سەریاڵەکە دەگرێ. باخەوانیش بە هەگبەی سەر شانی پڕ لە نان و دۆوە، بەرەو خوار بە نێو ڕێچکە و ڕێگای دار هەنجیر و هەنارەکاندا بەرەو کەپری قـووڵایی بـاخەکە شـۆڕدەبێتەوە. هێشـتا سروشـت کـش و ماتە. تەنیا هێندە نەبێ، جار جارە لووڕەی چەقەڵێك، یان گورگێك، لە قـووڵایی و دووری چەمە پـڕ درەختەکـانەوە دێتە گوێ و بە تاریکیدا شەپۆل دەدات. وەك چۆن کەوتنـی

بەردێـك بە نێـو گـۆمێکی مەنگـدا، ئـاوا شـەپۆل دەدات. هەگـبەکەی لە ژێـر کەپـرەکە دادەنـێ و خاکەنـازەکەی هەڵـدەگرێت. لێـرە و لەوێ، لە ژێـر دارەکانـدا دەکەوێـتە جـۆگەلە شـکانەوە و ڕێـڕەوی ئاوەکـان بە ئاراسـتەیەکیتر دەگۆڕێـت. جـار جـارەش دەسـت دەبـات و لەنێـو لـق و گەڵاکانـدا هەنجیرێکـی پڕ و گەیو و زەرد، دەپچڕێت، بە ئاورنگەوە دەیخاتە نێو دەمییەوە.

نزیـك بەرەبەیـان بەرەو قـووڵایی چەمـی بـاخەکە دەکشێت. بە تەنیشت خوڕە و هاژەی ئاوە سازگارەکەوە دەسـتنوێژ هەڵـدەگرێت. لەسـەر بەردەکەی تەنیشـت کەپـرەکەوە سـەری بـردە سـوژدە. کـڵاو و جامـانەکەی سەری ڕۆچوونە نێو گوڵەکانەوە، کە بە ئاورنگەشەو تەڕ تەڕ ببوون. کـاتێکیش بەلای ڕاستدا سـەری وەرگێڕا، بە ئەسپایی وتی:

- سڵاو گوڵە شەوبۆ و داودیکان.

پاشان بەلای چەپدا:

- سـپێدەتان بـاش گـوڵە ڕەنگاوڕەنگەکـان، پڕ بـۆن و هەمە جۆر و هەمەڕەنگەکان.

گوڵەکان دەوروبەری کەپرەکە و فەزای تاریك و ڕونی بەرەبەیانیان پڕ کردبوو لە مەستی و خۆشەویستی.

ئاگرێکی کردەوە و قۆریە چایەکەی خستە سەر، ئیدی تـاریکی نەمـابوو. بەرەو بێسـتانی تەمـاتە و بـامێی نێـو باخەکە ملی نا، بەسەر بڕگە تەماتەکاندا و زیکزاك خۆی

گەیانـدە داهـۆڵەکە و بەیـانی باشــی لێکـرد. چرپانـدی بە گوێیدا:

- ئیـدی چاوانـت لێـك بنـێ هـاوڕێکەم، بنـو وا ڕۆژ هەڵهات و منیش وا لێرەم.

چێشتەنگاو کاتێك سـەرقاڵی هەنجیر چنین بـوو، گـوێی بە دەستڕێژی گوللە زرینگایەوە. لێرە و لەوێـی نێو لـق و پــۆپی درەختەکــانەوە، چەنــد کــۆتر و قەلەبــاچکەیەك هەڵفـرین. لەوبەر بـاخەکەوە گوێـدرێژێك کەوتە زەڕیـن. کاکەوڵا لەبەرخۆیەوە و بە ترسەوە وتـی:

- خوایە بەخێری بگێڕی.

مودەتێکە خەڵکی لادێکان لە ترس و تۆقیندا رۆژەکانیان بەڕێـدەکەن، تـرس وەك چـرا لە دڵیانـدا پـرتە پرتـی بـوو. هەواڵەکان خۆش ناڵێن و جەرگبڕن. حکومەت لە شکر و جاشێکی زۆری کۆکردۆتەوە بۆ هێرشکردنە سـەر نـاوچە قەدەغە کراوەکـان. نـاوچەی گوندنشـینەکان کە سـاڵانێکە گەمارۆیــان خــراوەتە ســەر و بەردەوام هەلیکۆپتەرەکــان بەســەریاندا دەفـڕن. هەر مـرۆڤ و گیانـدارێك ببیـنن، بە شەستیر دەیکوژن. هەر هەفتەی پێشـوو بـوو، لە گونـدێکی ئەو بەر باخەکـانەوە، شـوانێکی بەردەسـتڕێژی گـوللەدا و هەنجن هەنجنی کردبوو. کەس لە سەر و ماڵی خۆی دڵنیـا نیــیە. گەمــارۆی دوژمــن ڕۆژ دوای ڕۆژ بەر تەســکتر دەبێتەوە.

چەند فیشەکێکی تریش تەقێنران. باخەوان هەستی کـرد دەنگگەلی ئۆتۆمبێل دێت. زۆری نەبرد دەنـگ و هـاواری

نـــامۆ و نائاشـــنای هـــاتە گـــوێ! چـــووە بەرزاییەکـــی نێـــو باخەکە، چاوی گێڕا، تووشـی شۆك بـوو. بە بینینـی چەند زیلێکی سەربازیی کە بە یاڵەکەی ئەوبەردا سـەردەکەوتن، حاڵ شڕ و ترساو، دەم بە نـزا بەرەو کەپـرەکە ملـی نـا. بە پەلەپـڕوزێ کەوتە کـۆکردنەوەی شـتومەکەکانی. ویسـتی ڕابکـات بەرەو خـوار، خـۆی بەنێـو چەم و توتڕکەکانـدا بکات. لە دواوە دەنگێکی گڕ تێیخوڕی:

- بجوولێیت دەتکوژم.

لە شوێنی خۆی جووڵەی نەکرد.

- بگەڕێوە!

کاتێك ئاوڕیدایەوە، بینی دەوروبەری کەپرەکە پڕ بـووە لە جاش و سەرباز! ئەفسەرەکە بە پەنجە ئاماژەی بۆ کـرد کە بێتە بەردەمی. تاوێك لێی ڕوانی، بە عەرەبی پێی وت:

- لێرە چی دەکەی؟

کـاکەوڵا پێشـتر سـەربازیی کردبـوو، کەمێك عەرەبـی دەزانـی، بە ترسەوە وەڵامـی دایەوە:

- من باخەوانم، خەڵکی ئێرەم و ئێرە باخەکەمە.

ئەفسـەرەکە چـاوێکی بە ژێـر کەپـرەکەدا گێـڕاو ورد و لەسـەرخۆ، بە پۆستاڵە سوورەکانیەوە بەسـەر گـوڵە هەمە بـۆن و هەمە ڕەنگەکانـدا هەنگـاوی هەڵهێنـا. دواتـر چووە سەر بەردە نوێژەکە:

- تۆ ئێرە شارەزایت، شوێنی موخەریبەکان لە کوێیە؟ پێمـان بڵـێ و ئـێمە کارمـان بەسـەرتەوە نـابێ و ئـازادت دەکەین، تەنها جێگا و ڕێگاکانمان پێ بڵێ؟

کاکەوڵا، لە ترسا ڕەنگی سپی سپی هەڵگەڕابوو:

- نــازانم مــن بــاخەوانم، هــیچ نــازانم، ئەوان دێــن و دەڕۆن، لە هیچ شوێنێك ئۆقرە نـاگرن. هیچیـان لە بـارەوە نازانم و نەمدیون.

زۆریان لەگەڵ هەوڵدا هیچی نەوت. دواکەس سـەرۆك جاشەکان بردییە لایەکەوە و چپاندی بە گوێیدا:

- هەرچی دەزانی پێمان بڵێ، ئەگینا دەتکوژین.

بەڵام ئەو هیچــی نەگـوت. بە ئامــاژەیەکی ئەفســەرەکە سەرباز و جاشـەکان وەك بەراز کەوتنە وێزەی کـاکەوڵا، بە شەق و قۆناغە تفەنگ پێش خۆیاندا.

باخەوانەکە بەناڵە و هاوار کەوت، پاڕایەوە کە ئازاری نەدەن. بەڵام گوێیان پێنەدا، تا توانییان مار هەنجنیان کرد. لەو هەراو زەنـایەدا داهـوڵەکە چـاوی کـردەوە و بەخەبەر هـات، کە بینــی خەڵکـانێکی نـامۆ و بێگـانە بەدەم لێـدانەوە بـــاخەوانە هاوڕێکەیـــان بە پێشـــی خۆیـــان داوە، خـــۆی پێنەگیرا. تووڕەو بە دەنگی بەرز هاواری بەسەردا کردن:

- ئەی ســـتەمکاران بـــۆ وا لەو پیـــاوە دەکەن؟ وازی لێبێنن، هەی دڕندەیینە هەی بەرازینە.

هەموان ئاوڕیان لەو دەنگە دایەوە. چاویان چووە سـەر داهۆڵەکە، تۆزێك تێڕامـان و پاشـان کەوتنە پێکەنین پێـی! جاشێك بە تەوسەوە هاواری کرد:

- ئای لەم داهۆڵە، خۆ ئەوە قسە دەکات!

ئەفســەرەکە، بە ترسـێکەوە کەمێـك لە داهـۆڵەکە نزیـك بــووەوە، کە بەردەوام بەدەنگــی بەرز و پــڕ قــین جــوێن

بارانی دەکردن. پێی سەیر بوو داهۆڵەکە قسە دەکات و بەسەریاندا دەقیژێنێ! ڕووی کردە یەکێك لە جاشەکان وتی:

- ئەم دەعبایە بۆ وا خۆی تووڕە کردووە، چی دەڵێت؟!

جاشەکە وەڵامی دایەوە:

- سەیدی، جوێنمان پێدەدات.

- دەی بیبەن، مادام بە کوردی قسە دەکات و شەڕواڵی کوردیشی پۆشیوە. بیبەن، دەی خێرا ئەمیش بەرن.

دوو جاش و سەربازێك پەلاماریاندا، بە هەموو هێزی خۆیانەوە لە زەوییەکە هەڵیانکێشا و پەلکێشی لای زیلەکەیان کرد. پشتی زیلەکە پڕ پڕ بوو لە باخەوان و شوان، ئەمیشیان تێفڕێدا. کاکەوڵای سەر و گوێلاك خوێناوی باوەشی پێداکرد و کەوتە فرمێسك ڕشتن. لەم لاشەوە ئەفسەرەکە کەوتە خواردنی هەنجیری نێو قەرتاڵەکە. پاشان ڕووی کردە سەربازەکان و وتی:

- ئەم هەنجیرانەش بەرن، تام و لەزەتێکی خۆشیان هەیە.

ئەگەر بۆن پێکەنینی سروشت بێت، ئەوا دوای هاتنی بەعسییەکان، سروشت بۆنی نەما.

دوا نیوەڕۆ ئەوەی هەبوو و دەبینرا، تەنها دوکەڵی ڕەشی پەنگخواردووی نێو ئاسمانی سەر گوندەکان بوو.

***

پاش ئەوەی تیمەکە، گۆڕە بە کۆمەڵەکەیان هەڵدایەوە. ئێسك و پروسکی سەدان ژن و منداڵ، پیر و لاو دەرکەوتن، کە لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکانەوە. ئێسکە پەیکەری مرۆڤ، لە نێو جلوبەرگی ڕزیو و چەسپبووی ئێسك، بەسەر یەکدا کەڵەکە و گرمۆڵە ببوون. دەمی پڕ هاواری کەللەسەرەکانیان ئاماژە بوون بۆ مەرگی بە سوێ. لەنێو یەکێك لە چاڵەکاندا، دارپەیکەری داهۆڵێك دۆزرایەوە. کە دەستی بە ئێسکبووی نێو مراخانی پیاوێك کەوتبوو بەسەر سنگیدا. وەك ئەوەی لە کاتی مەرگباراندا توند لە باوەشی گرتبێ.

دار پەیکەرەکە کراسێکی سووری کاڵەوەبووی ڕزیوی لەبەردابوو. کەللەسەری تەقیبوو، پووشیی مێشکی ڕەش و سووتاوی پژابووەوە سەر لم و ئێسکە پەیکەرەکانی تەنیشتێوە. کون و جێی فیشەکی سەر شەپقە ڕەشەکە، ئاماژەیەکی ڕوون بوو کە فیشەکی گڕدار بەرسەری کەوتووە.

ئێستا ئیتر ئاشکرا بوو، تارمایی پیاوە کراس سوورە شەپقە ڕەشەکە هەر ئەم داهۆڵە بوو، مەبەستیشی لە بانگکردنی مرۆڤەکان، تەنها ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئەم گۆڕە بە کۆمەڵانە بوو. پاشان تەواوی ئێسکە پەیکەری ئەنفال کراوە گۆڕ غەریبەکان، بەدار پەیکەری داهۆڵەکەشەوە، خرابوونە تابووتەوە. بەڕێوڕەسمێکی پڕ قیژە و گریانی کەسوکاریان، گەیەنرانەوە مۆنۆمێنتی

چەمچەماڵ، هەر یەکەیان لە گۆڕێکی شایستەدا، بە خاك سپێردران.

***

نیوەشەوان، لەنێو وشکە چەمێکی پێدەشتی گەرمیاندا، کە پێشتر بەر لە ئەنفال، پڕ خوڕەی ئاو، دەنگی مەل و گاکۆتر، درەختی باڵابەرز و پڕ میوەهات بوو. تارمایی دوو کەس دەبینرێت! یەکێکیان بەردەوام نەمام دەڕوێنێت. یەکێکیشیان بەردەوام شەپقەکەی سەری ڕادەوەشێنێت و بەرازەکان ڕاودەنێت.

-٤-

دیسانەوە جەنگ، هەمیشـە لە جەنگدا، کۆمەڵێکی زۆر لە مشـك دەبـن بە تەڵەکەوە، تـا هەنـدێکی کەم لە مشـکەکان پەنیری تەڵەکە بخۆن. پێدەچێ جەنگی ئەمجارە لە هەموو ئەوانــی پێشــتر کاولکــارتر و خوێنــاویتر بێـت. نزیـك بە هەموو جیهـان هـاتوونەتە مەیدانی جەنگی دژ بە عێراق. هاوکـات تونـدترین گەمـارۆی ئابووریـیـان خستۆتە سـەر، رۆژ لە دوای رۆژ، نـان لە کەمیـی ئەدا. ئێمە کە لە فڕنـدا کارمـان دەکـرد، باشـتر هەسـتمان بە گەمـارۆکە دەکـرد.

چونکە پێشتر کە دوو تەشتی گەورە هەویرمان دەکرد بە نان، هاتە سەر یەك تەشت. لە تەشتەکەشەوە رۆژ دوای رۆژ کەمتر دەبووە و تا پاش کەمتر لە مانگێك، بە ناچاریی ئەمڕۆ دەرگای نانەواخانەکەمان داخست، کە چەند مێروولەیەك لە ژێر تەنوورەکاندا، لەسەر دەنکە گەنمێك بە شەڕ هاتبوون.

بە پێی ئەفسانەکە بێت، ئەو کاتی خودا ئادەم و حەوای لە بەهەشت دەرکرد و فڕێی دانە سەر زەوی، لە خاکی ئەم نیشتمانەدا گیرسانەوە. لەو جێگایەی کە هەر دوو رووباری دیجلە و فورات پێکدەگەن و تێکەڵی دەریا دەبن. کەواتە یەکەم دڵۆپی خوێن، یەکەم پلان و خیانەت، یەکەم کوشتن، لێرەدا لەم خاکەدا بووە، کە تا ئێستا درێژبۆتەوە. هەزاران ساڵە و نەزیفی خوێنی ئەم خاکە نەوەستاوە، هەزاران ساڵە و سەدەیەك نییە پڕ جەنگ و پڕ گۆڕی بە کۆمەڵ و رەشەکووژی نەبێت. هەزاران ساڵە پاشا و فەرمانڕەواکانی ئەم نیشتمانە، وەك هابیل لە لایەن براکانییەوە، یا تیرۆر دەکرێن، یا کۆدەتایان بە سەردا دەکرێ!

لە کاتێکدا تەواوی دنیا داوایان لە سەرۆکی فەرماندە دەکرد، لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوە. خۆی و وڵاتەکەی و تەواوی ناوچەکە لە شەڕێکی گەورە و گران وماڵوێران بپارێزێ و بێ هیچ مەرجێك سوپاکەی لە کوێت بکشێنێتەوە. کەچی سەرۆك بێ گوێدانە داواکاری ئەو هەموو سیاسی و پیاوە دبلۆماتکار و گەورانە بۆ ئاشتی،

چووه لای پیرەژنێکی عێراقی دەم و چاو خاڵاویی، بێ ئاگا لەوەی کە چی روو ئەدات. لێی پرسی:

- پیرەژن، تۆ ئەڵێی چی؟ ئایە بە رای تۆ سوپاکەم بکشێنمەوە، یان نەیکشێنمەوە؟

پیرەژن لە کاتێکدا بەر لووتی خۆشی پێ نەئەبینرا. لە هەلهەلەی داو بە دەنگی بەرز قیژاندی:

- نا سەرۆکی فەرماندە، بە هیچ جۆرێك مەکشێرەوە و ئێمە هەموو لە پشتین، بە ئیزنی خودا سەردەکەویت.

ئیدی سەرۆك بە فیز و غرورێکی بێوێنەوە وتی:

- مادام دایکێکی عێراقی پێم دەڵێ مەکشێرەوە، ئەوا منیش بڕیارمدا تا دوا دڵۆپە خوێن بجەنگم.

بەم جۆرە سەرۆکی گەمژە داخوازی هەموو جیهانی پشتگوێ خست و بە قسەی پیرەژنێك پشتی لە ئاشتی کرد. بووە هۆی هەڵگیرسانی گەورەترین جەنگ لە ناوچەکەدا.

لە نیوەشەوێکی تاریکدا، سەدان فڕۆکەی جەنگی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، هاتنە نێو ئاسمانی عێراق و بۆ ماوەی زیاتر لە چل رۆژ، تەواوی وڵاتیان خاپوور و وێران کرد. ژێرخانی وڵات نەما، بە دەیان هەزار کەسیش کەوتن بە ژێر داروپەردووی باڵەخانە و دام و دەزگا و کارگە بوردومان کراوەکانەوە. پاشان هێرشی زەمینی بۆ دەرکردنی سوپای سەرۆك لە وڵاتی کوێت دەستی پێکرد. بە دەیان و بگرە بە سەدان هەزار سەربازی عێراقی تیاچوون و بوون بە سوتماك.

به زەبری هێز کوێت رزگار کرا و عێراق بوو بە وێرانەیەکی پڕ لە گۆماوی خوێن. بەرامبەر بەو هەموو سووکایەتی و رسوایی و کارەساتەی سەرۆك بەسەر گەل وسوپایدا هێنا بوو. ئەفسەرێك لە خوارووی بەسرە بە تانکەکەی گولله تۆپێکی نا بە یەکێ لە وێنەکانی سەرۆکەوە. بە دوایدا راپەرینی جەماوەری سەراپای شارە شیعە نشینەکانی خوارووی وڵاتی تەنییەوە و کۆمەڵکوژیی بەعسی و پیاوانی رژێم دەستی پێکرد. بە دوایدا راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستانیش بەرپابوو و بە کەمتر لە مانگێك، تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی باشوور، بە شاری کەرکوکیشەوە ئازادکرا.

ئەو پێشمەرگانەی دەیان ساڵ بوو لە گوند و چیاکانەوە جەنگی پارتیزانانەیان دژ بە رژێمی بەعس دەکرد، هاتنە نێو شارەکانەوە. هەرچی دامودەزگا و مۆڵگەی بەعس و سوپا بوو، سووتێنران، تەفروتونا کران و تاڵان کران. لە هەموو لایەکەوە بوو بە تەقەی خۆشی و قریوەی پێکەنینی شادی و سروودی شۆڕشگێڕی و نیشتمانی. تەواوی وێنەکانی دیکتاتۆر سووتێنران و شێوێنران. پیاوێك بە چەکوشێك کەوتە شکاندنی دیواربەندێکی سەرۆك و لەگەڵ هەر چەکوشێکدا کە دەیکێشا بە نێو چاوی وێنەی سەرۆکدا، پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد:

- دوژمنی من، وێنە زۆرەکانی سەرۆکە، نەك خۆی، من سەرۆك ناناسم، دەیان ساڵە ئەوەی منی دیل و وێران

کـــردووه، ئەم هەمـــوو وێنـــانەیە، کە لە هەموویانـــدا پـــێم پێدەکەنێت.

ئەوەی کـورد مـاوەی سـەدان سـاڵ بـوو خەونـی پێـوە دەبینی بە دەستی هێنا. بەڵام تەنها بۆ ماوەی مانگێك. هەر زوو سەرۆك بە پاڵپشتی سووپا تایبتەکەی خۆی، توانی بە دڕندەترین شێواز و چەکی قورس، ڕاپەڕینی شیعەکانی باشوور تێکشکێنی و سەرلەنوێ شارەکانیان بخاتەوە ژێر ڕەحمەتی خۆی و سوپا دڕندەکەی.

پاشان هەمان هێزی ڕەوانەی کوردستان کرد. لەگەڵ پێشڕەوییەکانیدا و گرتنەوەی شار لە دوای شار، تێکڕا و بە گشـتی لە ترسـی تـۆڵەکردنەوە و بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـاوی کە پێشـتر چەنـدین جـار و لە چەنـدین نـاوچەی کوردستان بەکاری هێنـابوو. خەڵکـی هەڵهـاتن و ڕوویـان کـردە چیاکـانی سنووری ئێران و تورکیـا، ڕەوی ملێۆنـی گەلی کورد لە ژێر لێزمە باراندا، دەستیپێکرد و ویژدانـی هەموو جیهانی هەژاند. دە دوازدە ڕۆژێك دواتر و لە ژێر نـــایلۆنێکی ســـەر ســـنووری ئێرانـــدا کە ســـەدان هەزار لە هاوزمانانم چاوەڕێ بوون کۆماری ئیسلامی سنوورمان لە ڕوودا واڵا کات. بە ڕۆژنامەنووسێکی بیانیم وت:

- تـف و نەفرەت لە هەمـوو جیهـان، کە جێـی ئـێمەی تیادا نابێتەوە!

ڕەوی ملێونی کورد، لە ژێر ڕەحمەتی باران و دڵڕەقی سروشتی چیای سەر سنووردا، هەست و سۆزی جیهانی جووڵانـد. وێـنەی ئەو هەمـوو ژن و منـداڵە پێخـاوس و

قوڕاوییەی ژێر نایلۆنی نیو تیڤێکانی جیهان، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناچار کرد، بڕیاری ژمارە (٦٨٨) لە قازانجی کورد دەربکەن. بەپێی ئەو بڕیارە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق، بوو بە ناوچەی دژە فڕینی فڕۆکەکانی عێراق و کرایە شوێنێکی ئارام. هاوکات بڕیارەکە داوا لە وڵاتان دەکات کە بە هانای کوردەوە بچن و فریایان بکەون. ئیدی وردەوردە خەڵکی گەڕانەوە شار و شارۆچکەکانی خۆیان و ماڵی خۆیان ئاوەدانکردەوە.

من پاش سێ مانگ گەڕامەوە ئۆردوگاکە، کە بۆنی چۆڵی و خۆینی لێدەهات. هێشتا خەڵکانێکی زۆر لە ترس و نائومێدیدا، لە ژێر خێمەکانی ئێراندا دەژیان و ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە، چ لە ترسا و چ لە برسا. چونکە لەگەڵ داگیرکردنی کوێتدا، ئەمەریکا و جیهان گەمارۆیەکی توند و کەمەرشکێنیان خستبووە سەر عێراق. عێراقیش بۆ سەر هەرێم. ئیدی لە ژێر کاریگەری ئەو دوو گەمارۆیەدا، هەژاری و نەبوونی بە رادەیەك کەوتبووە وێزەی خەڵك، لە بری هەویر کەپەکیان بە نان دەکرد، کە سەگ بۆنی پێوە نەئەکرد! لە بری جلوبەرگ، پەتۆی سەربازی و لافیتەی حزبەکانیان دەپۆشی. رۆژانە خەڵکت دەبینی کە بەسەر سنگ و پشت و سەر دامێنیان و عەورەتیانەوە، وشەگەلی وەك، ئازادی... دیموکراسی... بەرزو پیرۆز بێت یادی... کوردایەتی... خەبات بەردەوامە... کوردستان... ئەو دروشمانە نوسرابوون.

پاش سێ مانگ زۆر شت گۆڕابوو، بەعس هیچ پێگە و دەسەڵاتێکی لە کوردستاندا نەمابوو. هەرچی پیاوی هەبوو لە موستەشار و جاش و بەعسی، ببوونە چەکداری حزبەکان و بە خۆیان دەگوت پێشمەرگە. بەیانییەك لە کاتێکدا بە دوای میمکما دەگەڕام. وەستای نانەواخانەکەم بە تاقم و تفەنگەوە بینی، پێی وتم:

- نانەواخانەکە هەر داخراوە، کە ئارد نەبێ تەنووری گەرم چ سوودێکی هەیە، ئەگەر حەزت لێیە لەگەڵ من وەرە لای خۆم دەتکەم بە پێشمەرگە.

ڕۆژێکیتر، خۆم کرد بە چایخانەکەدا، هەر بە بینینم مام دێو ئەو پیاوە کەتە و جوانە، لووشکە لووشك کەوتە گریان. باوەشی پیاکردم، بە گریانەوە خەمی خۆی بۆ هەڵڕشتم:

- عەلی و یوسف شەهید بوون، لە ڕۆژی هێرشی سوپای میریدا، بەر تۆپی دوورهاوێژ کەوتن. پاش دوو مانگ تەرمە ڕزیوەکانیانمان دۆزییەوە. ئای هاوڕێ چیمان لێهات! چۆن بووین بە ئاردی نێو دڕک!

پرسیاری حەمە فاشیم لێکرد. چایەکی بۆ هێنام، لە تەنیشتمەوە دانیشت و بە کزییەکەوە وەڵامی دامەوە:

- حەمە ئێستا مەسئولێکی گەورەیە، چەندین پاسەوانی بە دواوەیە، ئەو ئێستە نایەتە ئێرە. دەڵێن خەڵك کۆدەکاتەوە و باسی تاکتیك و ستراتیژیان بۆ دەکات. باسی ڕۆژی نوێ و ئایندەی نوێ دەکات.

لە زۆر کەسم پرسی کە ئاخۆ هیچ شتێك لە بارەی میمکمەوە دەزانن؟ بەڵام هیچم دەستنەکەوت. تا رۆژێك خێزانێکی ناسیاومان، لە ئۆردووگاکانی ئێرانەوە گەڕانەوە و پێیان وتم:

- بۆ خۆت خۆشبی، میمکتمان بینی کەوتە نێو لرفەوهاژەی(دوو ئاوان)ەوە و خنکا.

پاش قەدەرێك هەناسەیەکی ساردم هەڵمژی، بەدەم ئاه و فرمێسك رشتنەوە وتم:

- ئێوە لەم هەواڵی خنکاندنەی میمکم، دڵنیان؟

پیاوەکەی خزمم بە دڵنییایەوە دووپاتی کردەوە کە بە چاوی خۆی بینیوێتی، کاتێ لەسەر پردەکەوە بە سەردا شۆڕبۆتەوە بۆ نێو چەمەکە و تەوژمی ئاوەکە لوولی داوە و لەگەڵ خۆیدا راپێچی کردووە.

کەواتە میمکە خێر لە خۆنەدیوەکەم، مردووە، مردنێکی دوورە وڵات و بێ گۆڕ و بێ پرسە. ئێستا ئیتر من کەس کەسم نییە ونەماوە. وەك سیزیفی شاری تیبە تا ماوم و تا دەمێنم، دەبێ شان بدەمە بەر تاشەبەردی چارەنووسی خۆم.

ئێوارە چوومە سەر گۆڕە هەرەمییەکەی باپیرم و هەتا فرمێسکم تیا بوو گریام، گریانێکی بە کوڵ و نەبڕاوە، بۆ خۆم و بۆ میمکم گریام. بە چاوی راستم بۆ خۆم و بە چاوی چەپیشم بۆ ئەو. فرمێسکی نەگبەتی و بێ کەسیی و ماڵوێرانی، خوڕ خوڕ بە خۆڵی گۆڕەکەدا دەڕژا.

***

شــەوێکی تاریــك، دەســتێك بە هەمــوو هێــزی خــۆی دەرگای حەوشەی کوتی. راچڵەکیم و بە کەمێك شڵەژان و ترسەوە هاوارم کرد:

- کێیە؟

دەنگێك وەڵامی دامەوە:

- خۆمــانین، ئەو دەرگــایە بــکەوە، میمــزا هەواڵـــی میمکتمان بۆ هێناوی.

ســێ لاو بــوون، خەڵکــی گونــدەکەی خۆمــان بــوون، هیلاکــی و تەپ و تـۆزی رێگـایەکی دووریـان لێنیشـتبوو. پاش تەوقە کردن، یەکێکیان وتی:

- مزگێنیمان بدەرێ، میمکت ماوەو نەمردووە.

بەو هەواڵە دڵم داخورپا و بزەیەك بەسەر لێوم کەوت، دەمودەست بوارم پێنەدان هیچیتر بڵێن، وتم:

- چۆن؟! کێ ئەم هەواڵەی پێداون؟

یەکێکـی تریـان دەسـتی خسـتە سـەر شـانم و بە دەنگـی بەرز و خۆشحاڵییەوە هاواری کرد:

- هەواڵــی چــی، ئــێمە ئەمــڕۆ چووبــووینەوە شــوێن هەواری گونـــد و بە خۆمـــان لە نێـــو دار و پەردوی کەلاوەکانـدا، روون و جـوان میمکتمـان بینـی سپووسـاغ، زیت و زیندوو هاتوچۆی دەکرد.

یەکێکی تریشیان وتی:

- ئــێمە لە نــزیکەوە، بە چــاوی خۆمــان بینیمــان و تەنانەت سڵاویشمان لێکرد.

دوای ئەوەی سوپا و دامودەزگا داپلۆسینەرەکانی بەعس، ویستیان کۆمەڵانی خەڵك، سەرلەنوێ بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بە رێگەی ترس و تۆقین دیسانەوە خەڵك ملکەچ بکەنەوە. بۆ جاری دووەم خەڵك و پێشمەرگە راپەڕین و تێکوپێکیان شکاندن و سووك و رسوایان کردن. ئیدی بەعس هیچی بۆ نەمایەوە و بە ناچاریی و سەرشۆڕیی، تەواوی هێزە شکستخواردووەکەی لە کوردستان کشاندەوە و هیچ دەسەڵاتێکی نەما. خەڵك کەم و زۆر و ورد ورد، گەڕانەوە ناوچە و گوندە وێرانەکانیان و دەستیان کردەوە ئاوەدانکردنەوەی. بە تایبەتی کە برسێتی بڕستی لە خەڵکی ئۆردوگاکە بڕیبوو. دیارە ئەم گەنجانەش هەر بەو مەبەستە چوونەتەوە شوێنەواری گوند، تا بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی دارێژن، لەوێش میمکمیان بینیوە.

پێم وتن:

- دەستم دامێننتان، سبەی لەگەڵ خۆتان بمبەنەوە بۆ کۆنەهەوار، ئەمەوێ میمکم ببینم و دڵنیاببمەوە.

دڵنییایان کردمەوە کە سبەی لەگەڵ خۆیان دەمبەن، وتیان:

- دەتبەین، بەڵام دەبێ شەو بمێنیتەوە، چونکە میمکت تەنها شەوان کە دنیا تاریك دەبێت، دێتەوە نێو گوندە وێرانەکە.

- ئەو بە رۆژ لەو دەشــودەرە و نێــو کەڵــۆز و چەم و تاوێرەکانــدا دەژێــت، تەنهــا شــەوان بــۆ خەو دەگەڕێــتەوە شوێنهەوار.

دواجار ئەوەشیان وت:

- هەر خـۆی تەنهـا نییە و کچـۆڵەیەکی پـڕ ڕەنـگ و تیشکیشی لە گەڵدایە کە وەك خۆر، ڕووناکی لـێ دەڕژێ، ڕووناکییەکی پڕ ڕەنگی هەمەجۆر!

شــەوێ خەو نەچــووە چــاوم، تــا بەرەبەیــان بەســەر جێگاکەمەوە، بیرم لە میمکم کردەوە. ئەو کەسەی کە لای من و خەڵکی مردبوو، ئەوەتا جارێکیتر زیندوو دەبێتەوە و هەواڵــی دەگــات! کەواتە ئەو ژنەی لە (دووئــاوان) لـرفە و هــاژەی قــوڕاو لەگەڵ خۆیــدا ڕاپێچــی دەکــات، مــیمکە داماوێکی تر بووە، نەك میمکی من. پێئەچێ میمکی من لە کــاتی ڕەوە بە کــۆمەڵەکەدا، لە بــری هەڵهــاتن ڕووە و سنووری ئێران، پێچەوانەی هەموو خەڵکـی، ملـی نـابێتە پێدەشــتەکە و ڕووەو هەواری خــۆی، ڕووەو گونــدەکەی ڕۆشتبێت. کەواتە ئەو نەمردووە!

تـۆ بڵێـی کە بینـیمەوە قســەم لەگەڵ بکـات. بڵێـی زاری هەڵهێنێ و بمدوێنێ؟ ئەی ئەو کچۆڵە تیشك هـاوێژە، دەبـێ کێ بێت؟ کە لەگەڵیدا دەژێت! ئەم هەموو تەلیسم و نهێنییە چیــیە! لەم ڕۆژگــاری مەرگ و قــات و قــڕییەدا بەرۆکــم دەگرێت؟ ئەی باشتر وانییە، پشـتگوێی بـخەم و ئەم ژیـانە کوولەمەرگییەی خۆم نە بۆ ئەو و نە بۆ کەسیتر نەشێوێنم. چ پێویســت بە بینــین دەکــات؟ مەگەر ئەو مــن و هەمــوو

دنیای بە بێدەنگی خۆی فەرامۆش نەکردووە؟ مەگەر ئەو پشتی نەکردۆتە ژیان و ئاوەدانی؟ کەوایە چ پێویست بە سەردان و بینینی دەکات؟ نەخێر پەشیمان دەبمەوەو ناچم، ئەو ئازادی و شێوە ژیانی خۆی دۆزیوەتەوە. هاودەمی جرِوجانەوەری پێ باشترە لە هاودەمی مرۆڤ. خۆ ئەگەر بشیبینم، من چیم هەیە بۆ ئەو؟ هیچ، نەخێر هیچم نییە.

خەیاڵ و بیرکردنەوە لەو، ناهێڵێ بنووم. دەکرێ خۆم لە گێلی دەم و نەچم بە لایدا؟ جا ئەو قوڕبەسەرە داماوە جگە لە من کێی هەیە؟. جگە لە من کێ هەیە لێی بپرسێتەوە؟ ناکرێ، هەر دەبێ بچم و ببینم و بیدوێنم. گوناهە، بێکەس و ماڵوێرانە، بەڵکوو ئەمجارە بێتە ژێر بار و لەگەڵمدا پێ بە پێ بگەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی.

***

ئێوارەیە و پشتم داوە بە گۆڕی داپیرەمەوە، بەرز و دوور دوور دەڕوانم، رۆحم ئاوێتەی رەنگی سوور و پەمەیی خۆرنشینە. (با)ی ئەفسوون لە توێی هەورەکانەوە ئەڕژێتە سینەم، پۆل پۆل یادەوەری دنیای فانی و ئەنفالکراو لە خەیاڵمەوە وەك فیلمێکی سینەمایی دێنە بەر دیدەم، کەم کەم تارمایی ژیان و کەسانی رابردووم دێتەوە بەرچاو.

لەگەڵ رژانی دۆی دادەدا، دوژمن ئاگر و ئاسنی رژاند بە گوندەکەمدا. تا ئێستاش بۆنکڕوزی خاك و درەخت دێت. پێش ئەنفال ئەم تۆزە شوێنە، پڕ پڕ بوو لە بۆنی

ژیـان، بـۆنی ئـارەقی سـەر گـۆی مەمکـی کچـان، بـۆنی مێخەکبەنـدی ملـی ژنـان، بـۆنـی چێشـتی تـرخێنە بە رۆنـی هیزە، بۆنی کولێرە لە تەنووری پڕ پشکۆی بەڕوودا.

لە نێو گۆڕستانەکەوە، کە بەسەر تەپەیەکەوە دەڕوانێت بەسەر شوێنەواری گونددا. دانیشتووم و پشتم داوە بە کێلی داپیـرەمەوە، دەڕوانـمە ئەو ناشـوێنەی کە بەر لە ئەنفـال شوێنێکی پڕ ژیان بوو.

ماڵی ئێمە ئالەوێدا بـوو، ئەولاتریش مـاڵی میمکم بـوو، مزگەوتی ئاوایی کە پێنج فەرزە گوێیەکانمانی پڕ دەکرد لە (ئەڵڵەوئەکبەر)، ئالەوێدا کەوتبـووە ناوڕاسـتی ئـاواییەوە. ئەولاتــریش مــاڵی مەلەك بــوو، ئەو کــچە قــژ زەردەی هەمووومان، من و هاوڕێکـانم عاشقی بووین و جار جارە لەسەری بە شەڕ دەهاتین. هۆ ئەو کۆتەرە دارە سووتاوە ئەستوورەش، هەموو ئەو پاشماوەیە کە لە دار تووە پیر و زەبەلاحەکەی حەوشەی ماڵی (جەنگی) هاوڕێم ماوەتەوە! ئـای هـاوڕێی هەرزەکـاریم، ئەنفـال تـۆ و دایکتـی بـۆ کـوێ بـرد؟ ئێستا ئەبـێ تـۆ لە کـوێ بیت؟ ئـاخۆ ماویت یـان نـا؟ جەنگـی، کـوڕە تاقـانە و نـازداری دایە غەزێم بـوو. ئـێمە جەنگیمـان نـاو نـابوو کـوڕە بە بەختەکە، ئەو هەمیشـە لە راوە ماسیدا زۆر لە ئێمەی زیاتر راو دەکرد! ئەگەر ئێمە ماسییەك یـا دوو ماسـی چکۆلانەمـان بگرتـایە، ئەوا ئەو دە دوازدە ماسی گەورەی راو دەکرد، تا رۆژێ بە پێکەنینەوە وتـی:

- مەسەلە بەخت وناوچەوان نییە، مەسەلە جیڕی و پتەویی ئەو خواردنەیە کە بە قولاپەکەمییەوە دەکەم. دایکم کە قیتکەی کچۆڵانی گوند دەبڕێ و خەتەنەیان دەکات، قیتکەکان دەدا بە من. منیش دەیکەمە قولابەکەمەوە. قیتکەی کچۆڵان، هەم جیڕە و بە ئاسانی لێنابێتەوە، هەم پێدەچێ خۆش و بەلەزەت بێت. بۆیە ماسییەکان بە عەشقەوە پەلاماری ئەدەن و بێگوێدانە نووکی تیژی قولاپەکە خۆیانی بۆ دەکەنە قوربانی.

قوتابخانە چکۆلانەکەش ئالەوێدا کەوتبووە سەرووی گوندەوە، ئەو هەموو قاو و قیژی منداڵانە بۆ کۆی چوو و چی لێهات؟ ئەی ئەو هەموو کتێبە چۆن دەستیان تێچوو و سووتاندیان! دەبێ چەند پیتی (گ) بە وێنەی گوونـد و گەنم لە ئاگردا هەڵقرچا بێت. یان (د) بەوێنەی دەشت و درەخت، سووتابێت. ئەی ئەو هەزاران(م)ی کە وەك هەزاران منداڵ، برژان لە ئاگری دۆزەخی بەعسدا. ئەی ئەو هەموو(ق)ی کە وەك قورئانەکانی نێو تاقی دیوەخانەکانی گوند گڕیان گرت و بوونە خۆڵەمێش.

ئای رۆژگارێك، چەند بە کۆڵانی تەنگەبەری ئەم هەوارەدا غارغارێنمان کرد. لە پۆلی قوتابخانەکەدا، چەند بە کۆرس و پڕ بە گەروو قیژاندمان، خوایە وەتەن ئاواکەیی و نەیکرد! کازیوە بە درێژایی ئەمبەر و ئەوبەری ئەم دۆڵە، دەنگی مەڕ و مانگا و حەپەی سەگ بوو. سبەینانی پڕ جووڵە و کار، نیوەڕوانی ئارام و کپ، ئێوارانی نوقمی جریوەی چۆلەکە و پەڕەسێلکە، شەوانیشی

سەرمەست بە قیژەی خۆشی بۆقی نێو چەمی بەر کانییەکە، کە بەدەم شنەی شەماڵەوە خۆی بە ئاواییدا دەکرد. دەڕوانم و یادەوەریی نێو کەللەسەرم، وەك وردە ماسی نێو گۆماوێك دەنووکم لێدەدەن و ختوکەی ئازاراویم دەدەن. بیر لەو هەموو پورزا و خاڵۆزا، منداڵ و میمك و دایك، باوك و خوشك و برایانەم دەکەمەوە. کە هیچ قیبلەنمایەک توانای دۆزینەوەیانی نییە! هەموو رۆژێ لەم کەمە شوێنەدا، گفتوگۆمان پێکەوە دەکرد و هەر هەموو خەریکی کار و فەرمان بووین. هەموو دنیا لای ئێمە، تەنها ئەم کەمە شوێنە بوو، کەچی ئەوەشیان پێ رەوا نەبینین! ئێمە، خەڵکانێکی سادە دڵ و سادە ژیان بووین. پێئەچێ لەم سەردەمەدا سادەیی گەورەترین و ترسناکترین تاوان بێت!

شەو هات و میمکیشم هات، لە نێو تاوێرە بەرزەکانەوە، سەروسیمای بە دیارکەوت. کراسێکی رەشتر لە رەشێتی شەوەکەی لە بەردابوو، لەڕو لاواز، هێواش هێواش، بە رێچکە رێگاکەدا بەرەو لای ئێمە دەهات. خێرا هەستام و چوومە سەرە رێگاکەی، گەیشتە بەردەمم، لە حەژمەتاندا هاوارم کرد:

- میمی حەیاتم.

وەستا و چاوی بڕییە نێو چاوم، حەپەساو، بە ئاماژەی چاو پێی وتم:

- بەم شەوە تۆ لێرە چی دەکەی؟!

لە حەژمەتا گریان قوڕگی گرتم! بە ئاستەم رەنگ و رووی مرۆڤی پێوە مابوو، چڵکن و پێ پەتی، قژ گڤن و تێکئاڵۆسکاو، چاوانی بە قووڵاییدا چووبوون و سیمای رەش و قوپاو! بە قوڕگی گریانەوە هاوارم کرد:

- میمی، بۆ وا لە خۆت ئەکەی؟ رەنگ و رووی مرۆڤت پێوە نەماوە، لەگەڵ مندا بگەڕێوە ماڵەکەت. وابڕوات لەم دەشتودەرە بێکەس مردوو دەبیت، قەل و داڵ ئەتخوات.

ویستم دەستی بگرم، بەڵام ئەو توند خۆی راپسکاند و خۆی لێ لادام وتێپەڕی. ملی رێگەی خۆی گرتبوو، منیش بە دوایدا و پڕ بە شەوە کپەکە هاوارم لێدەکرد:

- میمی مەڕۆ، توو گۆڕی باوکت، توو ئازیزانت، لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە و لە گەڵمدا بگەڕێوە. میمی دەستم دامێنت، ئاخر بۆ کوێ دەچیت! مار و مێرو دەتخوات. ئەم شێتییە چییە دەستت داوەتێ؟

ئەو بێ ئەوەی گوێ بداتە من، وردورد هەنگاوی هەڵدەهێنا، منیش بە قاووقریشکەوە دوایکەوتبووم لێی دەپاڕامەوە. بە نێو داروپەردوو و پاشماوەی کەلاوەکاندا هەر ملی دەنا. بێ ئەوەی هیچ گرنگییەك بە من بدات. هەنگاو دوای هەنگاو، منیش بە دوایەوە بووم، گەرمتر و بەرزتر هەر بۆم دەڕێسا و قسەم بۆ دەکرد، بەڵکو بتوانم قەناعەتی پێبکەم:

- بگەڕێوە سەر ماڵ و حاڵەکەت، دەرو دراوسێی و هەموو خەڵکیش گەڕاونەتەوە ئۆردوگاکە. میمی

بەعسییەکان ملیان شکان و هەڵهاتن، ئێستا خەڵك ئازادن و بە دڵـی خۆیـان جنێـو بە سـەدام ئەدەن و بێتـرس ژیـان دەگـوزەرێنن. دوژمـن نەمـا و هەڵهـاتن، دەئیتـر تـۆش بگەڕێرەوە ماڵەکەت... هەواڵێکی خۆشیشم بیستووە، هاکـا ئەنفالەکـانیش گەڕانەوە. مـیمکە گیـان، تەواو سـەدام تەواو بـوو، هاکـا رووخـاو کەسوکارمان هەر هەموو گەڕانەوە. دەتـۆش بگەڕێـرەوە مـاڵەکەت، ئـاخر خـۆ دەبـێ تـۆ لە پێشوازییاندا بیت کاتێ دێنەوە ماڵ...

دواجار گەیشتە شوێنەواری ماڵە بـاوانی، نێو کەلاوەی ماڵە کۆنەکەیان، خۆی کرد بە کولانەکەیدا.

بەلا دیـوارێکەوە، دوولا خـڕکە بەردی هەڵچنیبـوو، چینکۆیەکی خستبووە سەر. مـاڵەکەی هەر هێندەی کولانە مریشکێك دەبـوو! خـۆی تێخـزان و ئەژنۆکـانی لە سینگی گیر کرد، دەستەکانی کردە ئەلقە بە دەوریدا و کڕ و مـات دەیڕوانییە پێشی خۆی. کوتومت وەك چۆن بـاوکی بیست و پێنج ساڵ بەسەر عارەبانەکەیەوە روانییە پێشی خۆی.

مانـگ بە پڕی بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە، سروشتێکی مات و خامۆش، ئـاوێتە بە کزە رووناکی زێوینی مانـگ. جارجارە و لە دوور، لوورەی درێژی گورگەکان بە شیو و دۆڵەکانـدا شـەپۆلی دەدا. بڕێـك دوورتـر، لە بەردەم دەلاقەی کولانەکەدا دانیشتم و پشتم دا بە لا دیوارێکەوە، راستەوخۆ دەمڕوانییە میمکم، وەك پەیکەرێك لە قوڕ، بـێ جـووڵە و بـێ ورتە سـەری بەردابـووە نێـو کۆشـی. لەم دوورەوە و لە ژێـر تیشـکی مـانگەکەدا، دەمـارە شـین

هەڵگەڕاوەکـانی سەردەسـت و مەچەکە رەقهەڵاتووەکـانی دەبیـنم کە بە هەمـوو لایەکـدا رێـڕێ بـوونەتەوە. سـەرم هەڵبڕی و روانیمە مانگە گەش و پڕەکە، نەرم و هێواش، کەوتمە دواندنی:

- ئەی مانگ من و تۆ هەر دوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەك ئاهی ساردین...

فرمێسـکی گەرم بە لا رووومەتەکانمـدا هـاتنە خـوار، دیسانەوە وەك سەدان جاریتر بەلا ملمدا رێچکەی خۆیان گرت. پڕ بە دڵ و لە ناخەوە قوڵپ قوڵپ دەگریام. هاوار لە ماڵوێرانی و بێکەسیمان! روانیمە قووڵایی ئاسمان، ئەو هەمـــوو هەســـارەیە چیـــیە لە قـــووڵایی ئاســـماندا دەدرەوشـــێنەوە؟! کـــێ لە پشـــتی ئەم نهێنیـــیە گەورە و جوانەوەیە؟ تۆ لە کوێدای؟ ئەم هەموو تەلیسم و جوانییە رژاوە بـۆ کـێ؟ نـابینی ئـێمە لە چ عەزاب و دۆزەخێکـدا دەژین؟ لەوە زیاتر بۆ کوێمان دەبەیت؟ لەمە زیاتر چیمان لێ دەکەی؟ تۆ هەرچی هەبوو بردت، ئەرێ باشترین رێز بۆ تۆ؟ ئەوە نییە کە پڕ بە گەرووم و پڕ بەم شـەوە هـاوار بکەم:

- تـۆ نیـت، تـۆ لە مێـژە مردوویـت. ئەگەر نـا ژیـان جۆرێکی تر دەبوو.

لە پـڕ بە چـاوی تەڕ و لێڵـی پـڕ فرمێسـکەوە، بەسـەر یاڵەکەی بەرامبەرم، رووناکییەك دەرکەوت! رووناکییەکی بزێـو و پـڕ جـووڵە، بە هەر چـوار لادا پریشـکی لـێ دەبـووەوە! چـاوانم هەڵگڵۆفـت و فرمێسـکەکەمم سڕی تـا

جوانتر ببینم. باڵایەکی کورت و بچکۆلە، بە سەر یاڵەکەوە و لە ژێر تیشکی زیوینی مانگەشەوەکەدا سەمای دەکرد. رەنگ و پریشکی ئاگرینی لێدەبووەوە و هەر ساتەی رەنگێکی دەنواند. بە هەمان جووڵە و سەمای باڵیّ هەڵدەسووڕا و قەڵەمبازی دەدا. هەر زوو تێگەیشتم ئەمە هەمان ئەو کچە رووناکییەیە کە پێشتر هاوڕێکانم بۆیان باسکردم. کچۆڵەیەك لە رووناکی، لە گڕ و بڵێسە، هەمەرەنگ وەك پەلکەزێڕینە. هێدی هێدی و بە لەنجەولار داکشایە خواریّ و رووەو ئێمە دەهات. خۆم مەڵاسدا و نووزە و چرپەم لە خۆم بڕی. کچەی رووناکی هات و خۆی کرد بە کولانەکەدا، خۆی هاویشتە کۆشی میمکمەوە. تەزووی سام و موچڕکەی ترسم پێدا هات! ئاخۆ ئەم رووناکییە رەنگاوڕەنگە، جنۆکەیە، یا فریشتە؟ یا بێچووی پەرییانە و خودا بە تایبەت بۆ هاودەمی ئەم ژنە تەنهایەی ناردووە. لە کاتێکدا من واقم وڕمابوو، بە دەمی داچەقاو و چاوی زەقەوە دەمڕوانی. دوو برادەرەکەم بە هەناسەبڕکێوە لە پڕ دەرکەوتن و بە دەنگی بەرز کەوتنە قسەکردن. کچۆڵەکە هەر کە هەستی بە بوونی ئێمە کرد، راچڵەکی و وەك بێچووە مامزێکی سرك قەڵەمبازێکی دا، تیژ و خێرا هەڵهات و خۆی گەیاندەوە سەر یاڵەکە، لەوێشەوە شۆڕبووەوە بۆ نێو چەمەکە، تا لە چاوان بزربوو.

یەکێ لە هاوڕێکانم وتی:

- بینیت، چ جوان و چ رووناك بوو؟!

ئــاخۆ نهێنیــی ئەم کچـۆڵەیە چییـیە، لەم فەزا تاریــك و ترسناکەدا چۆن ژیان دەکات؟!

دەیان پرسیاری بێ وەڵام بە مێشکمدا دەهات و دەچوو، روانـیمەوە نێـو کـولیتەکە. بینـیم مـیمکم خـۆی گرمـۆڵە کردووە و دەکرووزێتەوە. ناچار ئێمەش داگەڕاین بەرەو خوار بۆ نشینگەکەمان.

نیوەشــەو، بە زنجیـرە تـاوێرەکەوە، دەنگــی قـوڵتەیەك هـاتە گـوێم. هەسـتام و لەسـەرخۆ رووەو کـانیەکە چـووم. کەوتمە سەرچۆك و هەر دوو نێو لەپم لە رۆخـی شێداری کانیەکە دانا، دەمم خستە ئـاوی سازگارەوە و تێروپڕ ئـاوم خـواردەوە. لە ژێر کـانییە روونەکەی بەر تـریفەی مـانگە شـەوەکەدا، مرواری زیـخ و چەو دەلەرزی. لە رادەبەدەر سەرنجراکیش بوو! هێز نییە جوانی لە بەین ببات. دواجار ئەوەی دەمێنێــتەوە هەر جــوانییە، جــوانییەکی ئــاوێتە بە دەنگـــی کـــزی گریـــان و لاوانەوەی ژنێــك کە لە نێــو کـولیتەکەیەوە دەهـات. هاوشـانی چـۆڕە ئـاوی کـانییەکە، دوور دوور بە شەوە خامۆشەکەدا دەڕۆیشت.

ئاڵتوونی

# هەژدە کچ، نهێنی مەدالیاکەی سەرۆک

حەزرەتی ئیبراهیم، بەدەم چەقۆ تیژکردنەوە، ڕووی کردە ئاسمان و وتی:

- خودایه، قوربانییەکە ئامادەیە، لە کوێ سەری ببڕم؟
دەنگێك لە ئاسمانەوە وەڵامی دایەوە:
- بچۆ گەرمیان، مەگەر نازانی من ئەو جێگایەم بۆ قوربانیدان خوڵقاندووە.

***

بەپێی بەڵگەنامەیەك کە بەم دووایانە لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە. هەژدە کچی ئەنفالکراوی گەرمیان لە لایەن بەعسییەکانەوە، بە یانە شەوانەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبی فرۆشراون. بەدوایدا لە وتارێکدا ڕۆژنامەنووسێك نووسیبووی. من خۆم لە وڵاتی (میسر) چاوم بە یەکێك لەو کچە ئەنفالکراوانە کەوتووە! کە لە یەکێك لەیانە شەوانەکانی ئەو وڵاتەدا کاریان پێدەکرد! ئیدی ئەم بابەتە بوو بە وێردی سەر زاری خەڵك و میدیاکانی وڵات. هەموان هاواریان دەکرد، دەبێت بەزووترین کات شاندێك بەرێبکرێ بەرەو ئەو وڵاتانە، دەمودەست بگەڕێنرێنەوە بۆ نیشتیمان. ئەو کچانە، شکۆ و ناموسی میللەتێکن و دەبێت ئەو وڵاتانە ناچار بە داوای لێبووردن بکرێن. هەندێکیش لە پیاوانی دەوڵەت و سیاسەت دەیانگوت:
- شتی وانییە و درۆیە، هیچ کچە ئەنفالکراوێك نە لە میسر و نە لە هیچ وڵاتێکیتردا نییە، ئەم دەنگۆیە تەنها پڕوپاگەندەیە.
خەڵکی کەوتبووە گومانێکی گەورەوە، ڕاستی لە کوێدایە؟ ئایا بەڕاستی ئەو هەژدە کچە ئەنفالکراوە

فرۆشـــراون؟ یـــان وەكـــو ســـەد و هەشـــتاو دوو هەزار ئەنفالكراوەكـــانیتر زینـــدەبەچاڵكراون؟ كـــێ وەڵامـــی ئەم پرسیارە دەداتەوە؟

***

سـەی برایمـی كۆنە مستەشـاری سـەردەمی بەعس، لە چاوپێكەوتنێكی تەلەڤزیۆنیدا، خەجاڵەت و سەرشۆڕ گوتی:

- داوای لێبـوردن لە مـیللەتەكەم دەكەم، ئـێمەی جـاش، گەورەترین ناپاكیمان دەرهەق بە هاوزمانانی خۆمان كرد. ئەوە مـن بـووم ئەو ڕۆژگـارە و لە زیلێكـی سـەربازیدا، هەژدە كچـی نـازداری ئەنفـالم بـردە بارەگـای بەعـس و لەبەردەم (عەلی حەسەن مەجید) گوتم:

- ســـەیدی، ئەم كـــچە ئەنفـــالكراوانەم هێنـــاوە وەك دیـــارییەك بـــۆ ســـەركەوتنەكانمان لە پڕۆســـەی ئەنفالـــدا، پێشكەشتانی دەكەم.

ئەویش بەفیـز و بێـزەوە تەماشـایەكی كـچە تۆقیوەكـانی كرد و گوتی:

- باركە الله.

پاشان دەستی خستە سەرشانم و وتی:

- أنت اشرف كوردی عیراقی بكل العالم.

لە راســـتیدا مـــن ئەو ڕۆژە بێشـــەرەفترین كـــوردی سەرگۆی زەوی بووم.

***

بەهـــۆی شـــەبەنگێكی پـــێچەوانەوە كە لە نێـــو دارخورماكـــانەوە ڕووەو ئاســـمان دەكشـــا، حەشـــارگەی

سەرۆك دۆزرايەوە. كاتێك سەربازە ئەمەریكییەكان لە كونە ڕێوییەك هێنایانە دەرەوە، وەك سەگ لە ترسا هەڵدەلەرزی، باشتر وایە بڵێم وەك مشكەكوێرەیەك سەری بردبۆوە نێو پاڵتۆ ڕەشە چڵكنەكەیەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و سەرسووڕمانی سەربازەكان بوو، ئەو ڕووناكییە بوو كە لە ژێر پاڵتۆكەیەوە دەهاتە دەر. كە قۆپچەكانیان كردەوە چاویان چووە سەر مەدالیاكەی سەر سنگی كە تیشكێكی سپی سپی پەخش دەكردەوە. سەربازێكی ڕەشی ئەمریكی پڕیكرد بە مەدالیاكەدا و دایپچڕی، كاتێك دەستی واڵاكرد، بینییان ڕەنگی مەدالیاكە بوو بە سوورێكی تۆخ.

هاوكات سەربازە ڕەشتاڵەكە، هەستی بە موچڕكەیەكی لەزەت بەخشكرد. كە بەتەواوی جەستەیدا شەپۆلی دەدا. سەربازێكیتر دەستی برد و مەدالیاكەی هەڵگرت، لە چاوی نزیكی كردەوە. ڕەنگەكە لە سوورەوە گۆڕدرا بۆ شین، شینێكی یاقووتی. ڕوویەكی مەدالیاكە نەخشەیەكی نیشتیمانی عەرەبی لەسەر نەخشێنرابوو، بەشێوەیەكی بازنەیش بە دەوریدا بەخەتێكی عەرەبی نووسرابوو.

(أمة عربية واحيدة. . . ذاتة رسالة خاليدة)

ئیدی نهێنی ئەو مەدالیایەی هەستی خۆش و هەمەجۆر تیشكی تیژ و ڕەنگاوڕەنگی پەخشدەكردەوە. بووە جێی باس و پرسیاری ئەمەریكییەكان. تا دواجار بۆ ئاشكراكردن و زانینی نهێنی و جۆری كانزاكەی،

ڕەوانەی ئەمەریکایـان کـرد، تـا لە تاقیگەکانـدا وەڵامـی هەموو پرسیارەکانیان دەستبکەوێت.

***

دواتر مێژوونووسێك کە هەموو ژیانی خۆی بۆکنە و پشکنینی ئەو ملێونـان فـایلی بەڵگـانەی تاوانەکـانی بەعـس تەرخـانکردبوو. لە نێـو کتـاب و دەستنووسـی دامودەزگـا داپلۆسێنەرەکاندا، سێ بەڵگەنـامەی تـایبەتی بە هەژدە کـچەکە دۆزیبـووە و بـۆ ڕای گشتی بڵاویکـردنەوە. بەڵگەنامەی یەکەمیان، کتابێکی مەنزومەی شیمالی بەعس بـوو، کە ئەوکـات سەرپەرشتی پرۆسـەی ئەنفـالی دەکـرد. نووسـراوەکە بـۆ سـەرکردایەتی دەزگـای پیشەسـازی سـەربازی پایتەخـت نێردرابـوو. لەسـەرو بەڵگەنـامەکەدا بەخەتێکی گەورەی تۆخ، نووسرابوو، ئەو پەڕی نهێنـی و تـایبەت. لەخواریشـەوە ئیمـزای عەلـی کیمیـاوی، گەورە سەرکردەی تاوانباری بەعسی پێوەبوو. لە بەڵگەنـامەکەدا نووسرابوو." هەژدە کچی ئەنفال کراوتان بۆ دەنێرین، بە مەبەسـتی بەکارهێنانیـان لە دروسـتکردنی دیـارییەکی جوانـدا، بـۆ سـەرۆکی فەرمانـدە (صـدام حسـێن) خـوا بیپارێزێـت. بـا دیـارییەکە شـایەنی ئەو سـەرکەوتنە گەورەیەمان بێت بەسەر دوژمنانی سەرۆك و حیزبدا."

هەرچی بەڵگەی دووەمیش بوو، بریتی بوو لە دۆسێی کۆبـوونەوەیەکی نهێنـی سـەرۆکایەتی دەزگـای (تصـنیع العسـکری) کە تێیـدا چەنـد ئەفسـەر و زانـاو دکتۆرێـك،

گفتوگــۆ و تــاوتووێی پێشــنیارەکە دەکەن کە پــوختەکەی ئەمەی لای خوارەوەیە.

***

ئەفسەری یەکەم: با ئەم کچی خائینە کوردانە بکەین بە کەنیزەك لە کۆشکەکانی سەرۆکدا، دەبێتە وەفایەکیش بۆ مێژووی باو و باپیرانمان.

زانای یەکەم: دەکرێت وەك باڵندە وشك بکرێن، لەسەر جەستەشیان دروشم و وتەکانی سەرۆك بنووسینەوە، یان لە گۆڕەپانی پایتەختدا دابنرێن. هەم جوانن و هەمیش دەبنە پەند و عیبرەت بۆ دوژمنانی گەل و حیزب.

ئەفسەری دووەم: ئەی چۆنە مەمکەکانیان ببڕین و وەك مۆمدان لە دەلاقەی پەنجەرەکانی کۆشکی سەرۆك دابنرێن. سی و شەش مۆم لە مەمکی خڕ و سپی کچۆڵە، جوانییەکی سەرنج راکێشە، ریفاق.

دکتۆری یەکەم: من پێشنیار دەکەم خوێنی هەر هەموویان بکێشین، پاشان بەشێوەیەکی ورد و زانستی تەواوی ئاسن و کانزاکانی تری نێو خوێنیان وەربگرین و کۆیکەینەوە. پاشان لەو بڕە کانزایەی دەستمان دەکەوێت، مەدالیایەکی جوان بۆ سەرسنگی سەرۆکمان (خوا بیپارێزێت) دروستبکەین. مەدالیایەك بۆ ئەبەد ببێتە هێمای ئازایەتی و گەورەیی سەرۆکمان.

***

دواجار بەڵگەی سێیەمیش دۆزرایەوە. شریتێکی ڤیدۆیی، لە نێو هەزاران هەزار بەڵگەی تاوان و کوشتنی

دەزگای (تصنیع عسكری) كەوتە دەست ئەمریكییەكان. كە چەندین فیلمی بەڵگەنامەیی تێدا تۆمار كرابوو. یەكێكیان تایبەت بوو بە هەژدە كچە گەرمیانییەكە. بەسەر كاسێتەكەوە كە بە عەرەبی لەسەری نووسرابوو(عملیه التحول الانسان الی شیئ) لە یەكێكیاندا فیلمێكی بەڵگەیی چارەكە دەمژمێرێك تۆمار كرابوو. تیایدا سەرەتا زانایەكی بەعسی رەزا قورس، بە هێمنی باسی پرۆسەكە دەكات، پرۆسەی بە مەدالیاكردنی مرۆڤ. پاشان زوومی كامێراكە دەچێتە سەر كچێكی ناسك و نازدار كە بە رووتی لەسەر قەرەوێڵەیەكی خەستەخانە راكشاوە، وەك ئەوەی نوستبێ. هەر دوو مەچەكی كچە چەند دانە كانیۆلایەكی لێ بەستراوە كە بە سۆندەی باریك و ئاوییی، بە بتڵێكی شووشەوە بەستراون. دیمەنی كامیراكە دەچێتە سەر مەچەكی كچە، روون و ئاشكرا ئەو خوێنە گەش و سوورە دەبینرێت كە بە سۆندەكەدا دەڕوات و دەڕژێتە بتڵەكەوە. پاش چەند ساتێك دیمەنی گەشی كچە بەرەو شین هەڵدەگەڕێ و وەك دەنكە هەڵووژەیەكی پەمەیی، چرچ و سیس دەبێت. مەمكە قوتەكانی سەر سینگی كە پێشتر هەستی جوانی و خەیاڵی دەوروژاند، دەبن بە مێوژی رەش و چرچ، دەپووكێتەوە.

لە دیمەنێكی تردا، زووم لەسەر قاوشێكی گەورەیە كە هەژدە كچ بەسەر هەژدە قەرەوێڵەوە، رووت رووت راكشاون، دەستەكانیان شۆڕ و پڕ لە كانیۆلایە. هەژدە كچ وردە وردە رۆح و خوێنیان دەمژرێت. دەبنە هەژدە

تەرمــی بە ئێسـکبووی شــین هەڵــگەڕاو. کــامیرا لەگەڵ خــوێنی نێـۆ بتڵەکانــدا دەڕوات، کە هەموویــان دەڕژێــنە کەمۆڵەیەکی گەورەتـرەوە. تێیـدا خـوێنی گەش دەکـوڵێ و قوڵـــپ دەدات. لە فـــیلمەکەدا چەنـــد بەعســـییەکی جـــل زەیتوونیی دەردەکەون، سەر شانەکانیان زەرد دەکاتەوە لە ئەسـتێرە و داڵ و شمشـێر کە پـێ بە پـێ، لەگەڵ رەوتــی خوێنەکەدا دەڕۆن. بەدەم پێکەنینەوە گفتوگۆ دەکەن.

دیمەنـــی دواتــر نێــو تــاقیگەیەکە، چەنــد پیاوێــك بە ســـــەدریەی ســـــپییەوە، چاویـــــان خســـــتۆتە ســـــەر میکروسـکۆبەکانی بەردەمیــان و لە خــوێنی قوربانێکانــدا سەرقاڵی کارکردنن.

کۆتـــا دیمەنـــیش، کـــامیرا چـــۆتە ســـەر ســـندوقێکی شووشەیی بچووك، تیایدا (نوط الشجاع) یەك دەبینرێت.

***

پـــڕ تەلیســـمترین مەدالیـــا لە جیهانـــدا، پـــۆرترێتی دیکتـــاتۆرێکی لەســـەر نەخشـــێنراوە، کە پـــڕ بە دەمـــی پێدەکەنێت.

لە لاشانی چەپیدا نووسراوە.

(وحدة)

لەسەرو کڵاوە سەربازیەکەشیەوە نووسراوە.

(حرية)

بەسەر شانی ڕاستییەوە.

(أشتراكية)

-٥-

جگە لە برسێتی و قات و قڕی، جەنگی نێوخۆشی هاتە سەر. حزبەکان کەوتنە وێزەی یەکتری و خوێنی براکان تێکەڵ بە یەك بوون. مرۆڤ کەوتبووە نێوان دوو

هەڵبژاردەوە، یان دەبیتە بەشێکی شەڕەکە و هاوزمانەکانی خۆت لە بەرەی حزبی دژ دەکوژیت، ئەمە ئەگەر خۆت نەکوژرێیت. یان وەك هەزاران کەسی تر خۆت دەدەیتە دەست چارەنووسی نادیاری سەفەر و بەرەو وڵاتانی ئەوروپا، سنوورەکانی مەرگ دەبڕی. من کە بەهۆی جەنگەوە، تاك و تەنیا مابوومەوە و ببومە هێمای کارەسات وماڵوێرانی جەنگەکان، بڕوام بە هیچ نەمابوو. خانووەکەی میمکم هەرزانفرۆش کرد و خۆم گەیاندە سەر سنوور.

ئەو شەوەی قاچاخچییەکان کۆیان کردینەوە بۆ ئاودیو بوون، شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو. نزیکەی سەد نەفەر دەبووین کە زۆربەیان کۆڵبەری کارتۆنە جگەرە بوون. سەد مرۆڤی دڵشکاو و خێر لە خۆ نەدیو، سەد گەنج کە هەر یەکەیان بە ئومێدی دنیایەکی باشتر، ئەمشەو ئامادەیە خۆی بهاوێتە ئۆقیانووسی تاریکییەوە. کە هیچ رێگایەکی تێدا نییە و هەشبێت چاو نایبینێ. ئێمە، ئەمشەو لەو دنیایە هەڵدێین کە زۆر نییە خۆمان خولڵقاندوومانە.

قاچاخچییەکیان هاواری کرد:

- ئەم تاریکەشەوە قەڵای مێردانە، باشترین هەلە بۆ پەڕینەوەی سنوور، دوامکەون، پشت بە خودا دەرباز دەبین.

پڕ ترس و شەوکوێر، پشت کوڕیی ژێر کارتۆنە جگەرە، بە دوای یەکدا ملمان نا. پاش پتر لە کاتژمێرێك رێکردن، لە پڕ، لە چەندین لاوە فیشەکی گڕدارمان بۆ

هات. کەوتینە کەمینی جاندرمەوە. قەرمەژنی تەقە و گڕ و تیشکی تیژڕەوی نێو تاریکیە خەست و قورسەکە، قاو و قریشکی پێخستین. گیزەی فیشەك کە جگەرەی دەبڕی و بە نێو گۆشتدا رۆدەچوو، هەوای تاریکی پڕ لە بۆنی نیکۆتین و خوێن کرد. ئاخ و ئۆف و نوزەی دایکە گیان، زرمەی جەستەی ماندوو کە بە بەردەڵانەکاندا خلۆر دەبووەوە. قریوە و هات و هاواری قەرەوڵەکان، کە نەم دەزانی داوای چیدەکەن! هەموو ئاوێتەی شەوەکە بوون. ئێمە بەرەو دوا هەڵدەهاتین و فیشەکی گڕدار بە لاگوێماندا گیزەی دەهات و تێدەپەڕی. بە دەمدا دەکەوتین و ترسی مەرگ هەڵیدەساندینەوە و دەکەوتینەوە راکردن. تا دواجار پێ پەتی و قاچ و قول خوێناوی، گەیشتینەوە شوێنی خۆمان، سەر ئەو ئاوی چەمەی کە لێوەی یەکەم هەنگاومان هەڵهێنا. ئێمە کە سەد کەس بووین، ئێستە تەنها شانزە کەسمان لێماوەتەوە. ئەوانیتر بوون بە تەرم، تەرمی کون کونی نێو تاریکەشەو.

دۆڕاو و بێ پوول، رێگای گەڕانەوەم گرتەوە بەر. ژیان لە دۆزەخی ئۆردوگاکەدا باشترە لە مردنی سەر سنوور. گەیشتنە بەهەشتی ئەورووپا بەم رێگایە بێت، نایگۆڕمەوە بە دۆزەخی ئێرە. لە گەڕانەوەمدا، سەرم نابوو بە جامی پاسەکەوە، بە مەراق و هەستی دۆڕان و پەشیمانییەکی قووڵەوە، دەمڕوانییە سروشتی ژێر خۆری گەرم، چیا و دەشت ودەری پڕ پەڵەی سووتاو! بە درێژایی رێگاکە چەندین پاشماوەی گوندی سووتاو و

خاپورکراوم بینی. دەیان ئۆردوگای زۆرەملێی شێوە ئۆردوگاکەی خۆمم بینی. چەند جارێکیش، لەشکری برسی ژن و منداڵ و پیرم بینی کە بە دوای دەڕاسەکانەوە، پشتیان چەمابوەوە، دەنکە گەنمی جێماویان کۆدەکردەوە، گوڵەوەچنیان دەکرد. برسێتی خەریکە وردە وردە مرۆڤ بە مێرو دەکات. دەڕوانمە ئەو باڵندە زۆرانەی بەسەر تێلی کارەباکەوە ریزیان بەستووە. دوورا و دوور دەڕوانـنە حەشاماتی دوای دەڕاسەکە، ئەو مرۆڤانەی لە برسا، رسق و رۆزی ئەمان دەخۆن. ئاخر بە پێی هەموو یاسایەك، ئەو دانەدانەی گوڵە گەنمی جێماوی پاش دەڕاسەکان، مافی باڵندە و مێرووەکانە کە برسییەکان وا لێیان دەدزن.

تا نزیکتر دەبوومەوە لە ئۆردووگاکە، خەم و نائارامی زیاتر دایدەگرتم. هەرچۆنێك بێ، پێشتر کەلاوەیەکم هەبوو تیا دەسرەوتم، بەڵام ئەویش نەما. ئێستا ماڵی من کوێیە و بۆ کوێ مل دەنێم، ماڵی من لەم سەر زەمینەدا نەماوە. خۆزگە فیشەکێکی گڕدار، دڵی دەکردم بە ماڵی خۆیی و رزگاری دەکردم لەم ئازار و بێکەسییەم. مردن بۆ من باشترین دەرمان و چارەسەر بوو کە بە نسیبم نەبوو!

پاش دە رۆژ، واگەڕامەوە نێو ئۆردووگاکە، دەست بەتاڵ و قۆڵبڕاوی دەستی قاچاخچی.

رۆژ دوای رۆژ لە تای تەرازووی ژیاندا سووکتر و رسواتر دەبم! ئەوەتا لەم مەغریبەدا کەوتوومەتە هاوشانی سەگە بەرەڵاکان، شوێنێك شك نابەم رووی لێبکەم. ناشوێرم خۆم پیشانی خزم و ناسیاو و دەرودراوسێکانم

بـــدەم. دوای فرۆشـــتنی خـــانووەکەی مـــیمکم، ڕووی لای ئەوانم نەماوە، دڵنیام بەم حاڵەوە بمبینن سووك و ڕیسوام دەکەن.

لەگەڵ خۆرئاوابوونـــدا، یـــاغر یـــاغر و هاوشـــانی ســـەگەکان، بە کـــۆڵانە لـــوولپێچ و تاریـــك و چۆڵەکانـــدا دەخـولێمەوە. بـۆنی مەرگ و غەریبـی هەمـوو شـوێنێکی پڕکـــردووە. مرۆڤگەلـــی ســـەدان گونـــدی ســـووتێنراو، ترێنجـراونەتە ئەم خـانووە نزمـانەوە! ئەو مرۆڤـانەی وەك ئیسـماعیل سـەریان بـۆ چەقۆی ڕۆژگـار شـۆڕکردووە، لە هەموو سـاتێکدا چاوەڕێن ببنە قوربـانی. لە دوور گـوێم بە لاوانەوەی گریـانی ژنـان دەزرنگێـتەوە، دەبـێ چ پیرێـك بەدەم ئازاری چاوەڕوانییەوە گیانی دەرچووبێت. لەوانەشە کـوڕە پێشـمەرگەکەیان لە شـەڕی براکوژیـدا کوژرابێـت. هەمیشە و بەردەوام دەنگی پڕ سۆزی لاوانەوەی ژنـەکان ئۆپێرای ئەبەدی ئەم خاکەیە کە هەزاران ساڵە دەسووتێ و ڕۆژێکی نییە لە درێژایی مێژوویدا، بە گریان و فرمێسك، تەڕ تەڕ نەبووبێت.

سەگەکان بە هەموو لایەکدا ڕایان دەکرد و لمۆزیـان لە زەوی دەخشـــاند، ئەوان بە دوای پاروویەکـــدا دەگەڕان. بەڵام من بە دوای هیچدا نەدەگەڕام. حەزم لە گریانێکی بە کوڵ بوو، دڵم قوڵپی ئەدا. ئاخر ئۆردوگاکە خۆی بەشێکی ئەبەدییە لە نووزانەوە و گریان. لە دوور دەنگی دەسڕێژی گوللە ڕایچڵەکاندم، بە دوایدا چەند فیشەکێکی تـر تەقێنـران، تیـرۆر و تۆقاندن لەم خـاکەدا نـابڕێتەوە و کۆتـایی نـایەت.

هاوکات دەنگی لرخنی مەلایەك لە مینبەری مزگەوتەوە هاواری کرد( ئەللە ئەکبر) بانگی شێوانیدا. باشە پێشتر من بۆ بیری مزگەوتم نەبوو؟ باشترین جێگا بۆ بێ جێگایان مزگەوتە. بە گەیشتنی بانگخوێن بە وشەی مەحەمەد، کارەبا بڕاو و دەنگی نەما، دنیا تاریکتر داهات. تاریکی و برسێتی، دوو شاڕێگای سەرەکین بۆ بە مێرووکردنی مرۆڤ.

هاوشانی ئەو کەسانەی بۆ نوێژی شێوان خۆیان دەکرد بە مزگەوتەکەدا، چوومە ژوورەوە. لە پێچێکدا خۆم مەڵاسدا، تا لێبونەوە. وردە وردە و تاك وجووت چوونە دەرەوە. دوا کەس پیاوێکی کەتە بوو، هاتە سەر سەرم و بە دەنگێکی گڕ وتی:

- فەرموو، دەرگاکە دائەخەم.

هەستامە سەرپێ، رێك بەرامبەری وەستام و پێم وت:

- قوربان، من هیچ جێگایەکم نییە، دەکرێ ئەمشەو لێرەدا رۆژ بکەمەوە؟

کابرا ورد لێی روانیم و پرسی:

- تۆ خەڵکی ئێرە نیت؟

وتم:

- بەڵێ خەڵکی ئێرەم، بەڵام بێ ماڵ و حاڵم، تکایە تەنها ئەمشەو جێگام بکەوە.

بە روویەکی تاڵەوە وتی:

- تەنها ئەمشەو.

پشـــتی تێکـــردم و لە نێـــو پانتـــایی فراوانـــی هـــۆڵی نوێژکردنەکەدا، جێیهێشتم.

من و تۆ و ئەوانـی تریش، تەنها برغویەکی بچووکی ئەو ئـامێرە زەبەلاحەین کە پێیدەوترێت ژیـان. ئەو خـۆی دەزانێ دەمانخاتە چ شوێنێکەوە و چۆن جێگیرمان دەکات، تا ئامێرەکە بجووڵێ و ئێمەش ژیان بکەین. ئەو پیاوە کەتە زلە، مڕومۆچە، سـەرووریش مـاش و بـرنجیەی ئەو شـەوە بینیم، بوو بە هاوکار و هاوەڵی سێ ساڵی داهاتووی ژیانم. شەوەکە بوو بە سێ ساڵی رەبەق.

کاتێـــك بـــۆ ســـبەی رۆژی ئەو شـــەوە، ویســـتم لە مـــزگەوتەکە دەرچـــم. لە پـــڕ پیکابێـــك خـــۆی کـــرد بە حەوشەکەدا، کە چەند تەرمێکی تێدا بوو. ئەوە تەرمی ئەو چەکـــدارە کـــوژراوانە بـــوون، کە حـــزب پێـــی دەوتـــن پێشمەرگەی شەهید. ئەوان کوژراوەکانی خۆیان دەهێنا بۆ ئێرە، تـا (فەقـێ رەشـید) لە بەرامبەر سـەد دینـار بـۆ هەر تەرمێك، بیانشوات و کفنیان بکات. حەوت جەنازەی وشك و رەقهەڵاتـوو بـوون. فەقـێ رەشـید، ئەو بەیـانییە رووی تێکردم وتی:

- یارمەتیم بدە لە شووشتنیان.

ئیتـر کـاری مـن بـوو بە یارمەتیدەری ئەو پیـاوە کە لە بەرامبەر هەر سـەد دینارێك کە وەریـدەگرت، دە دینـاری دەدا بە من. ئێمە بووینە دوو هاوپیشـەی یەکتر، ئەو تەرم شۆر، من یاریدەدەر و بەردەست. تا شەڕی براکان توند و تیژتر بوایە، ئێمە تەرمی زیاترمان بۆ دەهات. دوو کەسی

تەنهـا و بـێ لانە بـوین. فەقـێ رەشـید، ژنەکەی بەسـەر منداڵەوە رۆشتبوو. ئەو کاتی حکومەت هێرش دەکاتە سەر گونـدەکەیان، خـۆی و مـاڵ و منـداڵی هەڵـدێن. تـا دوور لە ئـاوەدانی، ژنە سـکپڕەکەی دەکەوێـتە سـەر ژان، لە نێـو ئەشکەوتێکدا، ژنە و کۆرپەلە هەر دوو دەمرن. یەکـێ لە کوڕەکانی دەبێ بە ئیسلامی و بۆ جیهاد کردن دەچێتە سەر سنوور، لەگەڵ چەندین چەکداری تری کورد و عەرەب و ئەفغانیدا، دەکەونە شـەڕی حیزبە کوردییەکـان، بەڵام هەر زوو کوڕەکەی لە شـەڕێکدا دەکوژرێ. ئەوی دەمێنێـتەوە، تەنهـا تـاقە کـوڕێکە کە کەڵـکەڵەی چـوونە خـاریجی چۆتە سەر. بـاوکی جگەرسووتاو خـانووەکەی بۆ دەفرۆشێت و پێی دەڵێ:

- بـڕۆ، جـارێکیتر ئـاوڕ بـۆ ئێـرە نەدەیـتەوە، هەتـا دەتوانی دوور بڕۆ.

ساڵێکە کوڕە سـەری خۆی هەڵگرتووە، بێئەوەی هیچ هەواڵێکی هەبێت. من و رەشید، وەك خودا تـاك وتەنیـاین، بەوەی باشە خودا ماڵی هەیە و داڵدەی داوین.

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، بۆم دەرکەوت شتێك نییە بە ناوی ئومەی ئیسلامی. ئەوانی دەهاتنە نێو مزگەوتەکە بۆ نـوێژکردن، گـروپ گـروپ بـوون. هەر گروپەشـی تینـوو بـوو بە خـوێنی کەڵڵەسـەری نـوێژکەرانی گروپەکـانیتر. هەنـدێکیان ریش و قژ درێـژ بـوون و هەنـدێ ئێـواران بە دوای نوێژی عەسردا کۆڕی زیکریـان دادەبەسـت. بە تیر و شیر بەردەبوونە خۆیان و بەدەم ئەڵڵاوە، وەك مریشـکی

سەربڕاو هەڵدەبەزینەوە. حاڵگرتوو و بێ ئاگا دەبوون لە دنیا و هاواری شێخەکانی خۆیان دەکرد. بەشێکی تریشیان ریشن و سمێڵ تاشراو و شەرواڵ کورت بوون. ئەمانە بە خۆیـــان دەگـــوت ســـەلەفی، تەنهـــا خۆیـــان بە ئیســـلامی راســـتەقینە و پـــاك و ئەهلـــی بەهەشـــت دەزانـــی، هەمـــوو ئەوانی تریان بە گومڕاو کافر و لە رێ لادەر دەزانی. ئەم ســـەلەفییانە خۆیـــان بە شـــوێن هەڵگـــری پێغەمـــبەر و هاوڵەکانی دادەنا. تیایاندا بوو بە باوکی دەوت:

- تۆ کـافری، هەرچـی نویژێك کە تـا ئێستا کـردووتە هەڵە بووە و قبوڵ نەکراو بووە لای خودا.

بەشێکی تریان بە خۆیان دەگوت جیهادی، ئەمانە رق و تووڕەیی و سامیان لێ دەباری! هەموو خەڵکیان بە کافر و تـاغووت نـاو دەبـرد. ئەمـان بڕوایـان بە جیهـاد و تونـد و تیژی بـوو، لە پێنـاو چەسپاندن و بە دیهێنـانی دەسـەڵات و شـەرعی خـودا. تیایانـدا بـوو دایك و بـاوکی ئەنفـال بـوو، کەچی هاواری دەکرد:

- دەبـــێ ئەم خەڵـــکە ئەنفـــال بکرێـــت، چـــونکە کـــافر و زەندیقن!

هەنـــدێکی تریـــان میـــانڕەو بـــوون، لە رێـــگەی خێـــر و ئامۆژگـــارییەوە کاریـــان لەســـەر خەڵـــك دەکـــرد. پەیامیـــان گەڕانـــدەوە بـــوو، بـــۆ ســـەر رێگـــای ئـــاین و چاکەکـــاری. هەرچی خەڵکە داماوەکەش بوو، بە شێوە بـاوەکەی بـاو و باپیرانیـان، نـوێژ و خوداپەرستی خۆیـان دەکـرد. هەمـوو ئەوانیتریـان بە دەستی وڵاتـانیتر و جێبەجێکـاری دوژمنـان

دەزانی. ئایین ببوو بە هەزار پێیەك بە هەزاران قاچەوە! تاقە خاڵی هاوبەشی هەموومان، ئەوە بوو کە تێکڕا لە دۆزەخی ئۆردوگاکەدا دەژیاین، تاریکی و برسێتی و ترس، لەگەڵ خۆیاندا لەسەرخۆ دەیگۆڕین بەرەو شت، بەرەو مێرو بوون و دەعجانی بوون.

شەوان لە ژوورێکی لاچەپەکی مزگەوتەکەدا، من و فەقێ رەشید بە دیار چرایەکەوە دەمانخوێندەوە. ئەو زۆربەی کات کتێبی رشتەی مرواری (عەلادین سوجاد)ی دەخوێندەوە و لەپڕ دەیدایە قاقای پێکەنین! منیش ئەو کتیبە ئاینیانەم دەخوێندەوە کە لە ژوورەکەدا لەسەر یەك هەڵچنرابوون. کتێبی قەبە و پەڕە زەردی کۆن کە هیچی لە بارەی ژیان، خۆشەویستی و ئازادییەوە تیا نەبوو. دیار بوو رەشید هەموو ئەم کتێبانەی خوێندبوەوە، تا دواجار لە نێو هەموویاندا رشتەی مرواری، کردبووە دڵخوازی خۆی.

شەوێك لێم پرسی:

- ئەگەر ئەمانە، هەموو یەك خودا دەپەرستن، ئەی بۆ هێندە دژ و ناکۆکن بە یەك؟

فەقێ وتی:

- مرۆڤ ئەگەر لە رێگەی دڵەوە خودا بدۆزێتەوە، هەموو بوونەوەرێکی خۆش دەوێت. بەڵام ئەمانە لە رێگەی کتێبەوە خودا دەناسن، کتێبەکانیش سەرچاوەی ناکۆکین. هەموو خودا لە دڵدا جێی دەبێتەوە، بەڵام هەموو خودا لە کتێبەکاندا جێی نابێتەوە. نووری ئەوان لە دڵەوە

نییە، لە کتێب و شەریعەتەوەیە، بۆیە هەمیشە خودایان لێ بزر دەبێت.

ئێوارەیەکی پایزیی، ترومبێلە پیکابەکە خۆیکرد بە حەوشەی مزگەوتەکەدا و چوار تەرمیان لێداگرت. وەك هەموو جارەکانیتر، یەك یەك جلوبەرگە خوێناوییەکانمان لێداماڵین و دانە دانە، خستماننە سەر تەختەشۆرەکە. جەنازەکان سەرسنگیان پڕبوو لە کونی جێ فیشەك، دەستەکانیشیان کەوتبووە پشتیانەوە و رەق هەڵهاتبوون. بە ئاشکرا دیار بوو کە بە دیلی گوللەباران کرابوون. لە گیرفانی یەکێکیاندا دەفتەرێکم دەرهێنا، دەفتەرێکی بەرگ رەشی چکۆلە بوو، دەفتەرەکە چەندین پارچە شیعری تێدا نوسرابوو. دیار بوو پێشمەرگە کوژراوەکە شاعیر بووە و لە بەرەکانی شەڕدا نووسیونی. ئیمە، من و فەقێ لە پێچێکی مزگەوتەکەدا خەریکی تەرم شووشتن بوین. لە نێو حەوشەکەشدا دەروێشەکان زکریان دابەستبو و (الله...الله...) یان بوو.

شەوێ لەبەر چراکەدا، لاپەڕە لاپەڕە کەوتمە خوێندنەوەی دەفتەری پێشمەرگە کوژراوەکە. لە شیعرێکدا نوسیبووی.

دانە دانەی ئەو تنۆکە
عارەقە رەش و شینانەی
لە ژێر پێمانا ون بوون
ئێستاکە ملوانکەی زێڕن
لە گەردنی ژنی چوارەم و پێنجەمی

ئەو فەرماندانەی بە دووربین
لە شەڕا سەیریان ئەکردین
ئای گەورەم لێم ببوورەچیت پێکردین، چیت لێکردین
من پاداشتم لە تۆ ناوێ
یەك بە یەکی
ئەو ئەدیداسە
پیرۆز و شیرینانەم
ئەو ئەدیداسە دڕاو و
ماندوانەم ئەوێتەوە
کە بۆ ناو و ناوبانگی تۆ لە پێ ئەکران
کە بۆ ئەستێرەی
سەر شانی تۆ
بێکەڵك بوون و
هەر یەکەیان
لە لا ڕێیەکا جێئەمان[٢]

ئای نەگبەت، تەنانەت بە گوڵەباران کردنیشت وازیان لێنەهێنایت، نەك ئەدیداسە دڕاوەکانیان نەدایتەوە، بەڵکو جووتە ئەدیداسە دڕاوەکانی پێشتیان دزی.

سێ ساڵی بەردەوام تەرمی گەنجە کوژراوەکانی شەڕی ناوخۆم شووشت و کفن و دفن کرد. تەنانەت هەندێ جار ئەو جەنازە بێخاوەنانەشی تێدەکەوت کە دەبوایە بۆ خۆمان بیبەینە گۆڕستان و بینێژین. ئەوانەی کە هیچ کەسێکیان نەمابوو تا تەسلیمیان بکرێتەوە و بە

---

[٢] - شیعرێکی ئازاد مارف

ڕێوڕەسمێکی شایستە، بەدەم قوڵپی گریانی کەس و کاریەوە، تەسلیم بە خاك بکرێت. یەکێ لەو گەنجە کوژراوانەی قەت لە بیرم ناچێتەوە، ئەو کوڕە بوو کە پێشتر، چوار پێنج ساڵ بەر لە ئێستە لە نانەواخانەکەدا، لەگەڵمدا کاری شەلاعی دەکرد. ئەو گەنجەی مردن وایشێواندبوو، ئەگەر ئەو تاتۆی (ئاخ دنیایە)ی سەر مەچەکی نەبوایە، ئەستەم بوو بیناسمەوە. ئەویش وەك من تاقانەی ئەنفال بوو. ئێوارەیەکی گەرمی هاوین، خستمانە گۆڕ و پێشگری (شەهید نەمرە) مان خستە پێش ناوەکەی.

سێ ساڵی ژیانم ئاوێتە بوو بە مەرگ، بە جەستەی هەلاهەلا و کەللەپژاو، جەستە و دەست و قاچ قرتاو، نیوە سووتاو و هەڵئاوساوی بەر خۆرەتاو. شەوانیش، تەرم وازی لێنەئەهێنام. من کە پێشتر هەمیشە خەوم بە دایك و باوك، برا و خوشك و کەسووکارە شوێن بزرەکانمەوە، بە گوندەکەمەوە دەبینی. ئێستا گۆڕاوە بە خەو و مۆتەکەی تەرم. ئەو تەرمانەی ڕۆژانە دەیانشۆم و کفن و دفنیان دەکەم، شەوانیش وازم لێناهێنن. خەوی هەرزەکاریم چ خۆش و ڕازاوە و پڕ ڕەنگ بوو. خەوی تەنیشت دایکم، خەوی فڕین و باڵندە و سروشتی ڕەنگاوڕەنگ بوو، خەوی جوانی و تەلیسم، ئازادیی و ڕەها بوون بوو بە ژیان. خەوی ئەو کاتانەم بە هاوەڵی فریشتە و هاوڕێکانم بوو. ڕۆژگاریشم لەگەڵ کاریلە و بەرخۆڵە بوو. مەلەی نێو گۆمی چەمەکان، یاریی و ڕاوی باڵندەکان. غەرق بووم لە ڕەنگی سروشت و خۆشی ژیان. پێچەوانەی ئەو

کات، ئێستەم بە ڕۆژ، هەر تەرمە و شەوانیشم مۆتەکەی تەرمە. ڕەنگ و ڕووی مردنم لێنیشتووە.

لەو چرکەوەی خەوم لێدەکەوێ، تا ئەو کاتی بێدار دەبمەوە. یا باشتر وایە بڵێم، تا ئەو کاتەی ڕادەپەڕم لە خەو. هاوژین و هاوەڵی مردووەکانم، هەر جارە و یەکێکیان یا چەند دانەیەکیان بە لایەکدا پەلکێشم دەکەن. کەڕەتێکیان چوار تەرم، چواری جەستە کون کونی فیشەك، بەرەو ئەو شاخەیان بردم کە لێیدا، بە دیلی قۆڵبەست ئەکرێن و گولەباران دەکرێن. حیکایەتی خۆیان بۆ گێڕامەوە، حیکایەتی کوشتنی برا بە دەستی برا:

- ئالێرەدا، ئێمەیان بە قۆڵبەستی ریز کرد. دەستمکرد بە گریان و پاڕانەوە. وتم مەمکوژە، من برای ئەنفالکراوم، برای شەهیدم، بیەڵە بژیم، ئازادم کە با بچمەوە گوندە وێرانەکەی خۆم، مەمکوژە من لە برسا ئەم چەکەم هەڵگرتووە. تەنها مەمکوژە دەبمە چەکداری ئێوە، چیتان بوێ و چۆنتان بوێ وادەکەم، بەس مەمکوژن براکانم.

کەچی یەکێک لەوان، زۆر خوێن ساردانە وتی:

- ئێوە دوێنی براکەی منتان کوشت، براکەم کە باوکی شەهیدە و برای ئەنفالە، ئێوە کوشتان، منیش ئێوە دەکوژم.

ئالێرەدا لە نێو ئەم لاپاڵەدا، بەر دەسڕێژی فیشەکیان داین. وەك چۆن پێشتر ئێمە کەسوکاری ئەوانمان کوشت، ئەوانی لێمان دەپاڕانەوە کە نەیانکوژین.

شەوێکیتر جەستەیەکی ڕەقهەڵاتوو پێی وتم:

- ئێمە بەس شەڕ دەزانین، مرۆڤ گەلێکین خودا تەنها بۆ شەڕ خولقاندوینی، قەدەری ئێمە مردنە بە گەنجی. ئەگەر پێشتر بە ناوی گەل و نیشتمانەوە شەڕمان دەکرد، ئەمرۆ خۆشمان نازانین بۆچی و لە پێناو چیدا شەڕ دەکەین.

کەڕەتێکیتر لە نێو خەونمدا، لەگەڵ دەیان تەرمدا چووبوومە سەیران، لەگەڵ مردووەکاندا هەڵدەپەڕیم، وێنەمان پێکەوە دەگرت، شەڕە ئاومان دەکرد. تەرمی رەش و سوور، زەرد و مۆر و شین هەڵگەڕاو، تەرمی لاق و دەست پەڕیو، تەرمی کون کون و داڕزاو و سەر تەقیو، تەرمی وشك هەڵگەڕاو، تەرمی سەراپا خوێناوی. دەستیان لە ملم دەکرد و وێنەیان لەگەڵدا دەگرتم. بە زۆر پەلکێشی نێو رەشبەڵەکی خۆیانیان دەکردم، بەدەم قریوەی بەرز و شێتانەی پێکەنینەوە هاواریان دەکرد. دواتریش بە فیزاح و گریانی بە کوڵەوە دادەمرکانەوە.

تیایاندا بوو بەدەم هەڵپەڕکێوە، تۆپەڵ تۆپەڵ لە کونی سەریەوە مێشکی دەڕژایە بەر پێیەکانیان و پرشاڵ پرشاڵ دەبوو، وەك دەنکە زەنگیانە دەبریسکایەوە. هەشبوو بەدەم هەڵپەڕینەوە شیتاڵ شیتاڵ دەبووە و هەڵدەوەری! هەندێکیان هێندەی یەك رەشکە کا ئاوسا بوون. لە گۆڕەپانی رەشبەڵەکەکەدا بە سەدان چاو و لووت و گوێ کەوتبوون، بە دەیان دەست و قاچ و سەدان پەنجەی هەڵوەریو، ددانی ورد و درشت، سپی و زەرد پەرش و بڵاو، وەك وردە زیخ و چەو کەوتبوون. دەیانقریشکاند و بە دەموپلی

خوێنـــــاوییەوە، بەرز بەرز دروشـــــمی نیشـــــتمانی و سەرکەوتنیان دەگوتەوە، جنێویان بە دوژمنە وەهمیەکانیان دەدا. لە خەوەکەمدا، پرسیارم لەو تەرمە کرد کە بەردەوام لە بەر خۆیەوە گۆرانی دەوت:

- هەرچەنـد دەگەڕێـم، بـێ سـەر و شـوێن مـاوە دڵـی من... ئاخۆ لە چی بیابانێکدا گیرساوە دڵی من... یاخو بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من... هەرگیز نییە سۆراغی لە هیچ لاوە دڵی من...

- بەرنامەی ئایندەت چییە، بە نیازی چیت؟

بەدەم هەڵوەرانـدنی پیسـتی وشـکەوەبووی برینـی سـەر سنگیەوە وتی:

- چاوەڕێم تۆ بمنێژیـت و لەم جەستە رزیـوەم دەربـاز بکەیت. تا سووك و ئازاد بفڕم بەرەو بیابانەکانی باشوور، دەچـم دەسـگیرانەکەم دەدۆزمەوە و پـێکەوە دەگەڕێیـنەوە لادێکەی خۆمان، سەرلەنوێ وەك دوو بۆق، یا دوو باڵندە، یان هیچ نەبێ وەك دوو خاڵخاڵۆکە درێژە بە ژیانی خۆمان ئەدەینەوە.

شەوێکیتر، لەگەڵ چەند تەرمێکی تردا، لە نێو گوندێکی سـووتاودا، کەوتبـوینە شـەڕی دەسـتە و یەخەوە، بێتـرس سنگمان دەردەپەڕاند و تەقەمان دەکرد. ئاسمان بە دووکەڵ تەنـرا بـوو، لە هەمـوو لایەکەوە ئـاگر نـێڵە نێـڵ بەرز دەبـووەوە، لە هەمـوو لایەکەوە دەنگـی تەقە و گـرمەی ئـــارپیچی بـــوو. یەکـــێ لە هاوڕێکـــانم، بەدەم قـــرووەی پێکەنینەوە، خێرا خێرا هاواری دەکرد:

- که خۆشه، که خۆشه، چ سەرمەستییەکە!

بە سەرسامییەوە پێم گوت:

- چی خۆشە؟! مەگەر نابینی لە نێو گوڵە و ئاگردا گیرمان خواردووە!

- تۆ نازانی و ترسنۆکی، ئەگەر نا وەك من خۆشحاڵ دەبیت.

بە نەشئەیەکی سەیرەوە، بە هەموو لایەکدا دەسرێژی گوڵەی دەکرد و قاقا پێدەکەنی. دەتوت لە زەماوەندان، نەك شەڕ. یەکێکیان بۆ هێورکردنەوەم، دەستی خستە سەرشانم و بە تەوسەوە وتی:

- خۆشترین شەڕ شەڕی کورد و کوردە، تۆ ئەمەت زانیوە؟

- نا نەمزانیوە؟!

بەدەم دەسرێژی گوڵەوە بەرزتر هاواریکرد:

- شەڕی دوژمن ترسناك و قورسە، فڕۆکە و تۆپی دوور هاوێژ و چەکی قورسی زۆر تێدایە، بەڵام شەڕی ناوخۆ، ئەوی ئێوە پێیدەڵێن شەڕی برا کوژیی، جۆرێك لە دادپەروەریی و یەکسانیی تێدایە. بڕوانە وەك چۆن ئێمە تەنها کلاشنکۆف و ئارپیچیمان پێیە، براکانی بەرەی ئەولاشمان هەر ئەم جۆرە چەکانەیان پێیە. خۆشە، چونکە بە ئاسانی دەتوانین لەم شەڕی کورد و کوردەدا، بێترس ببین بە پاڵەوان و قارەمان.

شەوێکی تریش سەدان تەرم لە پڕ گەمارۆیاندام، پەلاماریاندام و خستمیانە ژێر دەست و پێی خۆیانەوە، کیم

و لیك و زووخاوی خۆیان پێدا رشتم. هەر یەکە و پەلێکی گرتبـووم و بەرەو خـۆی کێشـی دەکـردم، تونـد زۆر تونـد رایاندەکێشام. هەر دوو دەست و هەر دوو قاچمیان لە بندا هەڵکێشـاند، پەنـجە تیـژ و رەقەکانیـان لە جەرگ و دڵ و هەناومـدا گیـر کـرد و کەوتـنە خـواردنم. وەك گـورگ تێمبەرببـون، بە قەپـاڵی گەورە و چنگـی پـڕ، گۆشـت و ئێسـکمیان دەهـاڕی. تـا لە پـڕ بەدەم هـاوارێکی بەرزەوە راچەڵەکیم، دەست و قاچم رادەوەشاند و هاوارم دەکرد:

- لاچن، لێم دوور کەونەوە، بڕۆن وازم لێبێنن!

تا فەقێ رەشید هاواری کرد:

- هێوربەرەوە، منم، فەقێی هاوڕێتم.

توند خۆێ کێشابوو بە سەرما، هەر دوو دەستی شەتەك دابـووم بە خـۆیەوە، هەر دووکمـان هەناسـە بڕکێمـان پێکەوتبوو. هەستا و جامێ ئـاوی بۆ هێنـام، ئـاوەکە قوڵـپ قوڵپ بە گەرووی وشك و تاساومدا چووە خوارێ. فەقـێ وتـی:

- دیسانەوە خەونت بە تەرمەکانەوە بینی؟

سـەرم خستە نێو لەپـی دەستم و لە پڕمەی گریانمـدا. گریانێـك هەم بەرز و هەم بە فرمێسـك. لەگەڵ گریـانی بە کوڵـی مندا، فەقێ چراکەی زیاد کـرد، دەستی دایە رشتەی مرواربییەکە و بە دەنگی بەرز کەوتە خوێندنەوە:

- عەبلانـی عەلاف هەبـوو، لە سولەیمانی بێـوەژنێکی مـارە کردبـوو. لە پـاش بەینێـك تەڵاقیـدا. کـابرایەکی تـری عەلاف مـارەی کـرد. لە پـاش چەنـد مانگێـك ئەویـش

تەڵاقیدا، عەبلان مارەی کردەوە دیسان تەڵاقی دایەوە، ئەویتر مارەی کردەوە. لەسەر ئەم ئاو و دانە شەش حەو جار ئەمیان تەلاقی ئەدا گورج ئەوی تریان مارەی ئەکردەوە. بێوەژنی هەژار، ئەتوت تۆپی جلێتینە ئەم هەڵی ئەدا بۆ لای ئەو ئەویتریشیان تێهەڵائەدایەوە بۆ لای ئەم، لە ئاخرا جارێك لە بێوەژنیان پرسی:

- باجی عاسم ئەم دوو مێردەت کامیان باشتر بوون بۆت؟

وتی:

- بە خوا براکەم، خێری خێر بێ لە هیچیانم نەدی، تەنها ئەوە نەبێ ئەوان بەسەر منەوە کاوێژیان ئەکرد.

فەقێ لە پرمەی پێکەنینیدا.

بەدەم گریان و تووڕەییەوە هەستام و بەر لەوەی بە توندی دەرگای ژوورەکەی بە سەردا داخەم، هاوارم کرد:

- تۆ بەشەر نیت، گاڵتەت بە هەموو شتێ دێت!

تا شەڕ گەرمتر بوایە، ئیمە تەرمی زیاترمان بۆ ئەهات. کار گەیشتە ئەوەی وڵاتە دراوسێکانیش بوونە بەشیك لە شەڕگەکان. هەر وڵاتە و چەك و یارمەتی لۆجستی دەگەیاندە لایەك و بەرەیەکی دوو هێزە نەیارەکە. تا دواجار و لە کۆتاییدا ئەوەی جەنگەکەی یەکلایی کردەوە، سوپای سەرۆك بوو، ئەو سوپایەی پتر لە دوو سەد هەزار ئەنفال و دەیان هەزار شەهید، پێنج هەزار گوند و شارۆچکەی خاپوور کردبوو، ئەو سوپایەی

تاوانبار بوو بە کیمیاوی بارانکردنی شاری هەڵەبجە، ئەو سوپایەی بەعس کە دڕندەترین سوپا بوو بۆ گیانی کورد. لەسەر داوای کورد خۆیی، لە بەیانیەکدا پەلکێشی سەر پایتەختی هەرێم کراو سەدان تانك، هاوکێشەی هێزی گۆڕی و شەڕ کۆتایی هات.

بە ڕەنگوبۆی مەرگەوە، ئەم بەیانییە بەر لەوەی مزگەوتەکە و فەقێ رەشید جێبهێڵم، پێم وت:

- فەقێ، وا شەڕیش کۆتاییهات، من دەگەڕێمەوە گوندەکەی خۆم، ئەی تۆ بە نیازی چیت؟

بەدەم نان و چا خواردنەوە وتی:

- شەڕ هەرگیز کۆتایی نەهاتووە، مرۆڤەکان هەمیشە پێویستیان بە مردووشۆرە. تا مرۆڤ هەبێ مردووشۆر پێویستە. تۆ هێشتا گەنجی و ژیانت زۆری بە بەرەوە ماوە، بەڵام بۆ پیر و بێکەسێکی وەك من، جگە لە تەرم شۆری هیچی تری تێدا نەماوە.

بە خۆم و بوخچەیەکەوە ماڵئاواییم لە مزگەوتەکە کرد و گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان، بۆ لای میمکە داماوەکەم. سێ ساڵی رابردوو، وەك مردووشۆرێك. ژیان لە قووڵایمدا هێندەی تر شکا و وردوخاش بوو. بە قەدەر سی ساڵ، پیر و ماندوو بووم. لە رێگەی خوێندنەوەی کتێبە قەبە و زەردەکانیشەوە، تێگەیشتم کە مرۆڤ بەوەی باشە یەزدان وەك وەهم و ترسەکانی خۆی دەبینێ، ئەگەر نا لەمەش دڕندەتر دەبوو، ئەگەر نا گەورەترین شۆڕشی دژ بە خودی یەزدان دەکرد. درۆ چ بەشێکی گەورە و گرنگی

ئەم دنیـایە. تێگەیشـتم و گومـانم نەمـا، کە ئاینـدە تاریـك و خوێناوی دەبێت.

ژەنگاویی

# بارانی لم، پایتەختی خوێن و مردن

دیسانەوە بیابان خوێنی لێدەچۆڕێ. دیسانەوە شمشێری ژەنگگرتوو، بیابانی بریندار کردووە! خوێنی زەردباوی تەڵخ، ئاسمانی وڵاتی داپۆشیوە. پیاوێك پڕ بە گەروو هاوار دەکات:

- گوو بەم وڵاتە. دیسانەوە لم بارانە!

لم دەبارێ و بیابان تووڕە و پڕ قینە. ئاستی بینین بە ئەندازەیەك کەمبۆتەوە، مرۆڤەکان ورد و هێواش هەنگاو

هەڵدێنن. کەس نازانێ بیابان بۆ وا بریندارە، ئەو هەموو خوێنە چییە لە بەری دەڕوات! ساڵانێکە ناوە ناوە توند و قووڵ دامان دەپۆشێ. بیابان چییەتی، بۆ وادەکات خودای بیابان؟!

بەغدای پایتەخت وەك کۆرپەیەك کەوتۆتە نێو منداڵدانی بیابانەوە، ئاسمانی شار خوێنی ژەنگگرتوو داپۆشیوە! بیابان کشاوەتە شار و وەك دێوێکی زەبەلاحی نێو قۆریەکەی هەزارویەك شەوە، تەواوی پایتەختی خستۆتە هەناوی خۆیەوە. لە نێو پەردەی تۆخ و تەڵخی ئاسماندا، پایتەخت وێنە کۆنەکانی خۆی دەبینێتەوە. چەشنی پەردەیەکی سینەمایی سێ ڕەهەندی، هەموو رابردووی تێکەڵ و ئاوێتەی ئێستا کردووە. سیازدە سەدە وا لە خۆڵ و لمی ئێستادا چڕبۆتەوە. بڕوانە بە تەنیشت دیواربەندی ئازادیی (جەواد سەلیم)، قەڵای لە کەللەسەر هەڵچنراوی سوپای تەیمووری لەنگ دەبینرێت. ئەوەتا هەر چواردە پارچەی دیوار بەندەکە، لە ژن و منداڵ، جووتیار و گا و ئەسپەکە، هاتنە خوارەوە و هەر یەکەیان بە لایەکدا هەڵهاتن. بڕوانە جەواد سەلیم، پەشیمانە و دەیەوێت دیسانەوە سەربازەکە بخاتەوە نێو زیندانەکەیەوە و رێگەی یاخیبوونی لێبگرێت. لە بازاڕی گەورەی شۆریجەدا، کۆیلەفرۆش و کەنیزەکی عەجەم دەبینی. بە تەنیشت کۆشك و مۆڵە گەورە و بەرزەکانەوە، باڵەخانە و کۆشکی (هارونە ڕەشید) و خەلیفەکانی عەباسی دەبینرێت. بە ئاسمانی بەغداوە و لە نێو

خۆڵبــارینەکەدا، ســندیباد، بەســەر بەرمــاڵەکەیەوە خــۆی دەکات بە کوچە و کۆڵانە قوڕینەکاندا.

هەموو مێژوو لە رۆحی بریندار ی بیاباندا قورس خۆی کێشــاوە بەســەر ئێســتادا. دیجـلە هەڵچـووە و شــار لافــاو دەیبات، دیجلە شین هەڵگەڕاوە، لە مـەرەکەبی ئەو هەمـوو کتێــب و دەستنووســەی هۆلاکــۆ تێیهاویشــتووە. ڕەســافی شــاعیر، بە شــەقامەکاندا پیاســە دەکـات و بە دەنگــی بەرز شــیعر دەخــوێنێتەوە. (عەلــی وەردی) لە چایخــانەیەکی کــازمییەوە، بیــر لە نووســینەوەی مێــژووی دوو روویــی مرۆڤی شار دەکاتەوە. لە نێو شاردا، شارە مێژووییەکە لە برسـا هـیلاکە و کـوچەو کۆڵانەکـانی پـڕن لە مـردوو، چ مـردووی نـان و چ مـردووی ڕشـانەوە. مرۆڤـی سـیازدە سـەدە بەنـاو یەکدا دێـن و دەچـن، دەچـنە مـاڵ و دوکـان و سەرکاری یەکتر، پێکەوە لەسـەر دیجلە ڕاو دەکەن، مەلە دەکەن و ماســی دەبــرژێنن. ئەبــونەواس لە بــادەی گــوڵ ڕەنگــدا مەی دەخــواتەوە. مەلیــك فەیســەڵ، خــۆی و دارودەســتەکەی نەخشــەی پردێکــی ســەر دیجـلە تــاوتوێ دەکەن. ئەو ڕۆژە، کەس نەیـدەزانی کـامە وێـنەی ئیسـتا و ئەسڵی بەغدایە. هەموو ڕابـردوو ئـاوێتەی ئێستا ببوو. لە ئاوهـا ڕۆژێکـدا، پیـاوێکی تەریقەتــی قــادری خــۆی کــرد بەشــاردا، ئەم شـێخە کـوردە سـەرجەلەیەکی سـی و سـێ پشــتی گرتبــوو بەدەســتیەوە. لەبەردەم مەزاری گەورەی ئیمــام موســای کازمــدا، لەپــاڵ دیــوارە پــڕ نەخــش و بەرزەکەیدا، خۆی لەبەردەم نەسابێکدا بینیەوە. نەسابێکی

پیری ریش درێژ. کە بە چرچ و لۆچی سیمایدا، مێژووی هەر سیازدە سەدەکەی بەغدا دەبینرا. پیرێك کە پێدەچوو یەکێك بێت لەو تەلارسازە دەستڕەنگینانەی کە خەلیفە جەعفەری کوڕی مەنسور، ئەرکی دروستکردنی بەغدای پێسپاردبێت. ئەم پیرە، مێژووی نەوەکانی دەخوێندەوە، پشت و سەرجەلەی خێڵ و عەشرەت و سەیدەکانی هەموو لە سنگدابوو. ئەم جۆرە پیاوە پیرە نەسابانە، لە هەموو جێگەیەکی پیرۆزدا هەن و زۆرن، کاریان ئاشکراکردن و دۆزینەوەی باو و باپیرە هەرە گەورەی مرۆڤەکانە، تا محەمەد و لەویشەوە بۆ ئیبراهیم و دواتریش تا ئادەم. بە درێژای ژێر دیوار بەندە نەخشێنراوەکە، پیرە نەساب و متومورو فرۆش، فاڵگر و سۆفییەکان ڕیزیان بەستبوو، دەیان ڕوانییە مورید و ڕێبوارەکان، کە وەك شارە مێرولەیەك بە یەکدا دەچوون و دەخولانەوە. فاڵچییەك نێو لەپی عەرەبێکی دەشتەکی دەخوێندەوە:

-وەك سەراب، تۆ هەم هەیت و هەم نیت. لە ڕابردوودا لە ڕاوڕووتی نێو بیاباندا، گەورەترین شاعیری عەرەب دەکوژیت. پاشان دەکەوێتە ژێر ناڵ و سمی ئەسپە تیژڕەوەکانی سوپای ئەمیر (ذی الفقار)ی کولهوڕی، کاتێك بۆ فەتحکردنی بەغداد دێت. ڕەنگە لە داهاتووشدا لە گەڕەکێکی غزالییە لە دایك ببیت و لە شینی عاشورادا چل شەو و چل ڕۆژ، بە زنجیر لە خۆت بدەیت. یا لە گەڕەکێکی ئەعزەمییە لە دایك دەبێت و دەبیتە موجاهید، تا لە کارێکی خۆکوژیدا هەپرون بە هەپرون دەبیت و هەشتا

و یەك كەسیش دەكوژێت. هەژدەی تریش بریندار. بڕوانە نێو لەپی راستت، هەژدە ژن دێنێت و دەبیتە باوكی هەشتا و یەك شەهید، ئەوەتا لە نێو مەچەكی چەپتدا دەبینرێت.

شـێخە كـوردەكە، فـایلێكی لـوولكراوی دایە دەسـت نەسابەكە. بە هێواشی كردیەوە، بەچاوە كزەكانییەوە كە لە ژێر چاویلكە زەرەبینەكەیەوە گەورەتر دەردەكەوتن. بینـی لە سـەرجەلەكەدا، سـی و سـێ نـاوی بە دوای یەكـدا لە شێوەی بازنەیەكدا نووسرابوون. كە بە موحەمەد دەستی پێـدەكرد و هەر بە مـوحەمەدیش كۆتـایی دەهـات. لەسەرەوەش، بە خەتێكی كوفی گەورە نووسرا بوو.

(هـذە شـجرە اصـلیها ثابـت و فرعهـا فـی السـماء) لەخـوارەوەش بەم حەدیسـەی پێغەمـبەر كۆتـایی هـاتبوو. (الجنـة لمن أطـاعه الله وأن كـان عبدا حبشیا، والنـار لمن عصی الله وأن كان سیدأ قرشیا) نەسابەكە سەری هەڵبڕی وتی:

- حـوكمی ئەم حەدیسـە لاواز و زەعـیفە، كـێ بـۆی نووسیووی؟

شێخەكە وەڵامی دایەوە:

- نازانم لە باووباپیرانمەوە هەروا نووسراوە.

- باشە ئێستا من چیت بۆبكەم؟

یاشێخ وتی:

- بڕوانە ئێرە.

پەنجەی خستە سەر ناوێك.

- له دوای (بابه عەلی هەمەدان)ییەوە کە دەکاتە پشتی بیست و یەك، سێ پشتمان نەنووسراوە و بزرە. هاتووم بە دوای ئەو سێ ناوەدا وێڵم.

نەسابە ڕیش درێژە پیرەکە وتی:

- ڕاستە، پاش سەردەمی سەید قڕانەکەی حوکمڕانی هارونە رەشید، سەیدەکان ئەوانی نەکوژراون و فریای هەڵاتن کەوتن، بە تەواوی دونیادا پەرش و بڵاووبوونەوە. ئەوانەی تۆ بە دوایاندا دەگەڕێیت، لە دوای ئەو ڕوداوەوە شوێن بزر و ناو بزر بوون.

لە نێو هەوا خۆڵاوییەکەدا دەستی برد، کتێبێکی ئەستووری کۆنی زەرد هەڵگەڕاوی لە نێو کۆمەڵە کتێبی سەر مێزەکە هەڵگرت. بەخەتی ڕوقعە لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو (عشائر العراق للنسابة عباس العزاوی) نەسابەکە بە چاوە قووڵەکانی دەیڕوانی و لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە. پاشان ئەو کتێبەی لادایە لاوە. کتێبی(الشجرة المبارکة فی الانساب التالبیه، الموءلف الفخرالرازی) هێنایە پێشەوە. لە کاتێکدا نەسابەکە و شێخە کوردەکە سەریان بەسەر کتێبەکەدا شۆڕکردبۆوە. لە ناکاو کەڵەسەری مرۆڤێك کەوتە سەر کتێبەکە. لەگەڵ دەنگی تەپەی کەوتنەکەدا هەر دووکیان ڕاچڵەکین، بە پشتا کشانەوە. نەسابەکە بە بینینی کەڵەسەرەکە کە بە تەپ و تۆزی بیابانی ئاسمانەکە، ڕوپۆشێکی تەنکی بۆ خوڵقاندبوو، هاواری کرد:

- یا الله... یا الله...

کەڵەسەری پیاوێکی کامڵ بوو، هێشتا چاوەکانی پڕ بوو لە تووڕەیی و تێڕامان، لووتێکی بەرانی و سمێڵێکی ڕەشی پێوە بوو.

نەسابەکە دیسانەوە هاواری کرد:

- یا الله... ئەمە کەڵەسەری حوسێنی کوڕی عەلییە!

ئەو سۆفییەی بە تەنیشتیەوە و بە دیار هەندێ کیسەی بچووکی گەنمەوە دانیشتبوو. چاوەڕوان بوو خەڵك لێی بکڕن بۆ کۆترەکان (بەڵام کێ گەنم بکڕێ؟ بۆچی! دە ساڵ زیاترە کۆترەکانی سەر گومەزی مەزارەکان تەرە بوونە، ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشتوون، تا ئێستا کەس نەیبینیونەتەوە) سۆفییەکە پڕی کرد بە کەڵەسەرەکەدا و بەرزی کردەوە، بە دەنگێکی پڕ گریانەوە هاواری کرد:

- نا ئەمە سەری بڕدراوی حوسێنی کوڕی مەنسوڕە.

حەشاماتێك کۆبوونەوە و بوو بە هاتووهاوار. لەولاتر لەسەر شەقامەکە سەرێکیتر کەوت بەزەویدا! هاوکات بە تەنیشتییەوە چەند قاچ و دەستێك لە نێو ئاسمانە لێڵ و لماویەکەدا هاتنە خوارەوە، زرم کەوتن بە جادە قیرەکەدا! خەڵکەکە تۆقی و ترساو، هەریەکە بەلایەکدا هەڵاتن. شار خرۆشا، بارانی کەڵەسەر و جەستەی بەنیئادەم وەك تاوە تەرزە دایکرد. حەوشەی مەزارگەکە، پڕ بوو لە سەر و دەست و قاچ. سەربانەکان، بازاڕەکان، نێو حەوشە و باخ و گۆڕەپانەکان، بە پەنجە و چاو، لووت و گوێ داپۆشرابوون. خەڵکی زەمەنی هەزار و سێ سەد ساڵ، بەدەم تەماشاکردنی ئاسمانەوە ڕایان دەکرد. لە خوارەوە

پێیان بە کەرتە مرۆڤدا دەنا، لەسەریشەوە ئەندام و لەتی مرۆڤ دەکەوت بەسەر و پشتیاندا. پیاوێك بەلووعەی حەوزی گەورەی مەزارگەی شێخ عبدوالقادری گەیلانی کردبۆوە، تا دەستنوێژ هەڵبگرێت. لە بری ئاو خوێنێکی تۆخ ڕژابووە نێو لەپییەوە! ژنێکیش کتریەکەی خستبووە بەر بەلووعەی ماڵەکەی، لە ترسا بورابۆوە، کاتێ ئەو هەموو چاوە ڕەش و زەقەی بینی بوو کە زەق زەق لێیان دەڕوانی!

هەزاران دەست و قاچ بەسەر دیجلەوە، بەدەم شەپۆلی ئاوەوە تیژ بەرەو خوار تێدەپەڕین. هەزاران مەمکی قنج و قیت، یارییان لەگەڵ شەپۆلی رووبارەکەدا دەکرد. کتێبەکانی شەقامی پڕ کتێبی موتەنەبی کەوتن بەژێر پەلکی شۆڕی ژنانی گەرمیانەوە. هەزار و یەك پەلکی ڕەش، کتێبی هەزار و یەك شەوەیان داپۆشی. سینی ژنە ڕەشپۆشە قەیماخ فرۆشەکانی شەقامی سەعدوون، پڕ ببوون لە چاوی ترساو و پڕ تەلیسم.

خوێن دەباری، دار و دیوار سوور هەڵگەڕابوون. دیجلەی سووری خوێن و دیجلەی شینی مەرەکەب و دیجلەی ئاوی ڕوون، هاوشانی یەك دەبزوان و شەپۆلیان دەدا. سەری منداڵ و پیر، پیاو و ژن، بەردەوام دەباری. هەندێکیان هێڵێکی باریکی چەماوەی خوێنێکی وشکەوە بوو، لە کونە لووتیانەوە کشابووە ژێر چەناگەیان. هەندێکی تریان لە چاو و لووت و دەمیانەوە لم دەڕژا، دیاربوو لە نێو لمی بیابانەوە هاتبوونە دەر و بەدەم گەرداو

و هەڵچوونی بیابانەوە فڕی بوون، تا بەسەر تەواوی پایتەختدا، دابباریێن. ئەو شارەی لە خەڵقبوونەوە، یاقوربانی بووە، یا جەلاد، یا کوژراوە، یان بکوژ بووە.

(سەیاب) بە چاوی پڕ فرمێسکەوە لە گەڕەکێکی عەباسییەکانەوە، تا گەڕەکێکی تاریك و تەنگ و پڕ نەخۆشی و برسێتییەوە، خۆی دەکرد بە گەڕەکێکی دیکەی سەردەمی عوسمانییەکاندا، لەوێشەوە بۆ گەڕەکێکی ئێستای پڕ ترس و نائومێدی. دیسانەوە لەبەرەی کەرخەوە بۆ ڕەسافە، بەقوڕگی پڕ گریانەوە هاواری دەکرد:

- بارانتان کوشت، ئیدی لەم وڵاتەدا باران نابارێ!

کەس گوێبیستی سروودی باران نابێت. هێندە هەناوی بیابانتان پڕکرد لە مرۆڤ، هێندە گۆڕی بەکۆمەڵتان خستە دڵی بیابانەوە، تا ئاسمانیشتان کرد بە بیابان، تا شارەکانیشتان کرد بە گۆڕی بە کۆمەڵ. تا هەر هەموومانتان شەرمەزاری دنیا و قیامەت کرد.

ئێستا ئیتر بۆ ئەبەد پایتەختێك لە ژێر ئاهو نوزەڵەی پیر و منداڵ، کچ و پیرەژنەکاندا، لە ژێر قورسایی بیاباندا، بیابانی پڕ گۆڕی ئازیزان، خەریکە دەبێتە بیابان.

شێخ مەحەمەد، ڕایکردە ژێر چەرداخی دوکانێك، ترسا و حاڵ پەشێو، بە هەموو لایەکدا دەیڕوانییە کەڵەسەرە باریوەکان و لە ژێر لێوەوە دوعای دەخوێند. لەپڕ تووشی شۆك بوو، بەهەر دوو دەست کێشای بەسەری خۆیدا و هاواری کرد:

- ئەوە کەڵەسەری باوکە پیرەکەمە، ئەوەش هیی کاکمە، ئەو دەستە بچکۆڵە پڕ خەت و خاڵ ڕەشەش، دەستی ناسکی کچەکەمە، ئەم پەلکە درێژ و قەترانییەش پەلکی ژنەکەمە!

-٦-

گونـدەكە وەك قەقنەس     ەرلەنوێ لە زووخـاڵی خـۆی خوڵقابووەوە. لێرەو لەوێ چەند ماڵێك بە هەمان ئەنـدازە و شێوەی كۆنـی خۆی دروستكرابوەوە. سەرلـەنوێ گوێبیستی سەگوەڕ و بۆڕەی مانـگـا، قـاو و قیـژ دەبـوویتەوە. جۆرێك لە ژیـانـی نـوێ، هێـدی هێدی لە گەشـەكردندا بـوو. تـاك و تەرا ژنــان و كچـان بەســەر كـانییەكەوە دەبینـران. بەر لە

هەر شت پرسیاری میمکمم کرد. خەڵکی ئاوایی هەموان بێئاگای خۆیان لە بارەیەوە دەربڕی و پێیان وتم:

- لەو کاتەوەی ئێمە هاتوینەتەوە نێو گوند، ئەو نە بە ڕۆژ و نە بە شەو، نەهاتۆتە گوندەوە و چاویان پێینەکەوتووە.

پاشان وتیان:

- خەمت نەبێ ئەو ماوە و نەمردووە، زۆربەی ڕۆژ شوانەکان لە دەشتودەرە و نێو کەڵۆزەکان دەیبینن.

کەواتە میمکم بۆتە ژنێکی کێوی، هەر جێیەك مرۆڤی لێبێت، بڕیاری داوە ڕووی تێنەکات. باشە من کوێی بۆ بگەڕێم؟ چۆن بیدۆزمەوە؟ خۆ ئەگەر ئەو ئامادەیی نەبێت بێتەوە نێو ئاوایی، ئیتر من خانوو بۆ دروست بکەمەوە؟

شەوێ چوومە لای شوانەکان، کە بە مەبەستی پاراستنی مەڕ و ماڵاتەکانیان، شەوان هەر لە نێو پەچەکەدا دەنوستن. سێ تەختە خەویان بە تەنیشت یەکەوە ڕیز کردبوو. سڵاوم لێکردن، هەستان و بە گەرمییەوە پێشوازییان لێکردم. منیش بە لێواری یەکێ لە تەختە خەوەکانەوە دانیشتم. ڕادێوکەیان کوژاندەوە، دوانیان لە لا تەنیشتم و یەکێکیشیان بەرامبەرم دانیشتن.

خێرا چوومە بابەتەکەوە و وتم:

- بیستوومە ئێوە جار جارە میمکم دەبینن، من بۆ پرس و سۆراغی ئەو هاتووم.

به دزه نیگاوه تەماشایەکی یەکتریان کرد. پاشان ئەوی بەرامبەرم دانیشتبوو، به دەنگێکی کز و پڕ سۆز و بەزەییەوه وتی:

- بەڵێ من زۆر جار دەیبینم، ئەو ئێستە بووەتە دێوانەیەکی نێو دەشتودەر، بووەتە هاودەمی چەقەڵ و کەروێشك و باڵندەکان، تەنانەت لە ئێمەش هەڵدێت. زۆرجار بینیومە لە خۆرئاوادا بە تاوەری کارەبادا سەرکەوتووە و لە نێو هێلانەی حاجی لەقلەقەکاندا شەوی بە ڕێ کردووە.

دووەمیان وتی:

- ئەو کەڵکی ئاوەدانی پێوە نەماوە، دیمەنی بە قسە گوزارشتی لێناکرێ، زۆر سامناك و ترسناکە. هێندە سیسەڵە بووە، فووی لێبکەی با دەیبات، دوو چڵ ئێسقانی ماوە!

پاشان هێمنتر وتی:

- هەندێ کەرەتیش بینیوومە هاودەمی کچۆڵەیەکی بە شەوق و رووناکییە، پێکەوە بینیومن زۆر کەڕەت خۆیان بە کەلۆزەکاندا کردووە.

سێیەم شوانیش، دەستی خستە سەرشانم و وتی:

- باشتر وایە لە بیری خۆتی بەریتەوە، ئیدی میمکت بەنیئادەم نییە، ئەو بۆتە دێڵە گورگێکی کێوی، ئەو لە مرۆڤەکان هەڵدێت. میمکت ئیتر لە رەگەزی مرۆڤ ئەژمار ناکرێت. ئەگەر بە گوێی ئێمە بکەیت، هەرگیز هەوڵی بینینی نادەیت.

له هەستاندا له دڵی خۆمدا وتم:
- مـیمکم دوا تـوخم و دوا رەگەزی مـن و خـانەوادە بزرەکەمە، نایەڵم وا بە ئاسانی له ناو بچێ.
پێم وتن:
- سبەی له کوێ بۆی بگەڕێم؟
یەکێکیان وتی:
- دەمە و نیـوەڕۆ بچـۆ نێـو کەڵۆزەکـان، ئەو زۆربەی رۆژ له تاو گەرما، پەنا دەباتە بەر شوێنی فێنک.
شـەوێ لەگەڵ خـاڵە وەیسـەی ناسـیاو و خزممـدا له سـەربان نووسـتم. دنیـا تاریـك و کـش و مـات، بەسـەر جێگـاکەوە له کاتێکـدا دەمـڕوانییە ئاسـمان، ئاسـمانێك کە هەرگیزا و هەرگیز پێشتر بەم ئەندازەیە هیوا بڕا و تاریك نەبووە، هەرگیز پێشتر هێندە بێ ئەستێرە نەبووە. وتم:
- خاڵۆ، جاران ئاسمان پڕ ئەستێرە بوو، جاران دەنگی بۆقەکـان دەهـات، جـاران هەوا فێنکتـر و تـاریکی خەستتر بوو.
وەیسە نا ئاگا و خەواڵو وتی:
- خـاڵۆ، له دوای ئەنفـالەوە ژیـان گـۆڕاوە. شـەو بـێ ئەستێرەیە و کە ئاویش نەبێ بۆقیش نییە. بە هەزار حـاڵ کانییەکە ئاوی ئێمە دەدا، کوڕم لێرە هەموو ژیان، هەموو شتێ ئەنفال کرا.
چـاوم لێکنـا و بە خەیـاڵی قیـڕە قیـڕی شـەوی سـامـاڵی بۆقەکانەوە نوستم.

سبەی چێشتەنگاو بە یاوەری دوو کوڕی کاکۆڵ قیتی خزمم، بە رەشکەیەکی تۆڕ ئاساوە، ملی پێدەشتە قاقڕەکەمان گرتەبەر. لێرە و لەوێ گەڕاین و چاومان بۆ میمکم گێڕا. سروشت بەر لە ئەنفال وانەبوو، کوان جوانی پێدەشت، دەنگی کورکوڕە و کەو و سوێسکەکان، کوان قومقمۆکەکان، کوان حاجی لەقلەقەکان، کوا شنەی شەماڵ، چەمی پڕ ئاو و باوەشی زەل و قامیشەڵانەکان، قاوقریشکی کچان! کوا بێستانی کاڵەك و شەمامەکان، کوا چەمی پڕ خوڕەی ئاو، کوا کێڵگەی گەنم و جۆ، کوان شوانە کاکۆڵ قیتەکانی گەرمیان، کوان کچانی کۆڵە دار لە پشت؟!

لە نێو ئەم بۆشاییە گەرم و قاقرەدا، کوێ بە دوای میمکمدا بگەڕێم! تا چاو بڕکات دەشتی سووتاوە، کوێ بگەڕێم خودایە! گوزەر گوزەر گەڕاین و لە هیچ لایەکەوە ئەسەرێکی میمکم نەبوو. نێو پێدەشت و دۆڵ و سەر تەپۆلکەکان، بە دەشتی سووتاودا، بە زەوی پڕ دڕکدا، سەرە و خواری دۆڵە قووڵەکان، تەپە بەردەڵانیە داخبۆکان، نێو کەلۆز و وشکە چەمەکان، بە شوێنەواری باخ و کێڵگە سووتاوەکاندا گوزەرمان کرد. دەمەونیوەڕۆ لامان دایە کەلۆزێك، مەڕ و بزنەکان لە سێبەرەکاندا، لە نێو تاشە بەردوو لا پاڵی رەوەزەکەدا، پەرش و بڵاو پاڵیان دابووەوە و کاوێژیان دەکرد. لەگەڵ یەکێ لە شوانەکانی شەوێدا، نان و چامان خوارد، تاوێك پشووماندا.

دەمەوعەسر سەرلەنوێ کەوتینەوە گەڕان. بەسەر یاڵێکەوە بە هەموو لایەکدا چاومان گێڕا، دوور، لە نێو هەردێکدا، پنتێکی رەشمان بەرچاو کەوت، کە نەرم و بە ئاستەم دەجووڵا، رەنگە ئەوە خۆی بێت. بە هەڵەداوان بەرەو لای رامان کرد. کە لێی نزیك بووینەوە، لە سێ لاوە بۆی چووین. ورد ورد بازنەی گەمارۆی سەریمان بچووك و بچووکتر کردەوە. خۆیەتی، میمکمە! کە بە ئاگا هاتەوە و ئێمەی بینی، هەر بە چیچکانەوە خولێکی بە دەوری خۆیدا لێدا، بە چاوی پڕ قین و تووڕەییەوە خێسەی لێدەکردین. من بە بینینی ئەبڵەق بووم و دڵم کەوتە کوتە کوت، هەنگاوەکانم شل و خاو بوونەوە! ئەمە چ جۆرە بوونەوەرێکە، ناکرێ ئەمە هەمان ئەو ژنە خان و مانە، روومەت ئاڵە، پرچ قەترانییەی جاران بێت! ئەو هەر مۆڕەی لێ دەکردین، هەستم دەکرد دەیەوێ بڵێ:

- بێ شەرەفینە، بەم حاڵەشەوە وازم لێناهێنن، لەوە زیاتر چیتان دەوێ؟

تەلیسمی قورس و خامۆشی ئەم سروشتە مات و چۆڵە، ئەویان کردووەتە بوونەوەریك لە زۆر شت دەچێت مرۆڤ نەبێت! سیمای، رەنگ و ڕوی کێڵگە سووتاوەکانی گرتووە. چاوێکی بە قووڵاییدا چووە، چاوی چەپیشی دەرپۆقیوە، هێندە لەڕ و لاواز بووە، لووت و چەناگەی خەریك بوو بە یەك دەگەیشتن! وەك زەوییەکی بێ ئاو، لێو و رومەت و سەراپای جەستەی پڕ درز و شەقار شەقار بوو، سام و ترسی لێدەباری! پرچی تێکچڕژاوی، خوری

ئاسای مەڕەکان پڕ بوو لە دڕکی مووسەکە، ملی باریك و دوو شانی ڕەقی هەڵتۆقیو. دوو دەستی گری گرێی پڕ دەماری شین هەڵگەڕاوی هەڵئاوساو، پەنجەکانی شەقار شەقار، دوو قاچی پڕ تیغی مووی تیژ و ئەستوور، کە بە شێوە لە قاچی درێژی مشاری کوللەی دەکرد! لەرزۆك و چەماوە، کووڕ و چڵکن و ترسناك، مرقە مرقێکی سەیر و فشکەی لووتی دەهات، سام و ترسی لێدەباری. هێدی و پشت چەماوە، بۆنێکی ناڕۆشن و تا بڵێیت سەیری هەبوو، روون نەبوو چۆن چۆنی بەم حاڵە گەیشتووە! تۆ بڵێی بێکەسی و بێدەنگی و بێهوودەیی لە چەند ساڵێکدا، مرۆڤ بەم ڕێژەیە، بەم ئاراستەیە بگۆڕێت؟!

ورد ورد لێی نزیك دەبووینەوە و بازنەی گەمارۆی سەریمان بچووکتر دەکردەوە. ئیدی هاوڕێکەم ڕەشکەکەی کردەوە و چمکێکی بۆ راداشتم. لە کاتێکدا خەریك بوو ڕەشکە تۆڕ ئاساکەی بە سەردا کەین و بیگرین. ئەو بزن ئاسا توند و خێرا، لاسار خۆی هەڵدا و لە دەستمان دەرچوو. بە پەرێزەکەدا غلۆر بووەوە و هەڵهات. ئێمەش بە دوای کەوتین و نەماندەهێشت لە چاومان بزر بێت.

دواجار بینیمان بە نێو تاوێرەکاندا، بەرەو نێو کەڵۆزەکە شۆر بووەوە و لە چاوان ونبوو. یەکێك لە خزمەکانم هاواری کرد:

- با بگەڕێینەوە، ئیتر ئەو کەڵکی ئاوەدانی نەماوە، عومری پەپولەیەکیشی نەماوە، با بۆ خۆی چۆنی دەوێت وابژێت.

رووم تێکرد و پێم وت:
- بەڵکو لە کەڵۆزەکەدا بتوانین بیگرین، هێشتا خۆرئاوا زۆری ماوە، ئەگەر لەو دەربەندەدا نەماندۆزییەوە و بۆمان ڕاو نەکرا، ئەیدەینە دەست چارەنوسی خۆی.
لەسەرخۆ و زیکزاك بە نێو تاشە بەردەکاندا بەرەو دەربەندەکە کشاین. دوو تاوێرە شاخی بەرز بەرامبەریان لە یەك گرتووە، لە قووڵاییدا پێك گەیشتوون. گۆماوێکی بچووکی لێڵ، لە نێوانیاندا ئارام راکشاوە. بە کەڵۆزەکەدا دڵۆپە ئاوی شەونمی گیا بەڕەزاکان دەبارێن و هەموو جێیەك تەڕ و شێدارە. فەرشی سەوزی بەڕەزا، تەواوی قەد دیواری کەڵۆزەکەی داپۆشیوە. لەسەرخۆ پێمان بەسەر زەوییە شێدارەکە دادەنا، بۆنێکی فێنك و ئاوێتە بە پشقل دەهات بە لووتماندا. یەکەم شت، لە رۆخی چۆڕە گۆمەکەدا، بە چۆکدا هاتین و ئارەق و تەپوتۆزی دەم و چاو و دەستووپلمان رامالّی. پاشان ورد ورد بە هەموو لایەکدا چاومان گێڕا بە دوای میمکمدا. لاپاڵ و نێو کەندڕ و دەوروبەری تاشە بەردە زلەکان، بنچکە تووترك و باقە پوزڵ و قامیشەلانەکان، بست بە بست گەڕاین. وەلێ هیچ ئەسەرێکی میمکم نەبوو. نێو کەڵۆزەکە نیشتبووە ژێر سێبەرێکی چڕی ئێوارەوە، دنیا کش و مات. لە سەرووی دیواری خوار و خێچ و سەختی چیا بەردینەکەوە، بە قەد دار هەنجیری وشکەوەبووی لا دیوارەکەوە، دەنگی خۆشی قولتەیەك شەپۆلی خستە بێدەنگێکەوە. سەرم بۆ

ئاراستەی ئاوازی قوڵتەکە هەڵبڕی، لە پڕ راچەڵەکیم و پڕ بە خۆم هاوارم کرد:

- ئەوەتا، ئەوە میمکمە!

دەستم لە هەوادا بوو، بە پەنجەم ئاماژەم بۆ لاپاڵی ژێر کەڕە هەنجیرەکە کردبوو، کاتێ دوو هاوڕێکەم سەریان هەڵبڕی.

هەر چوار پەلی توند لە دیواری کەڵۆزەکە گیر کردبوو، جووڵەی لە خۆی بڕیبوو، قاچە باریکە مشارە کولە ئاساکەی بەم لاو ئەولای خۆیدا لە رەوەزە لووس و سەختەکە گیرکردبوو. سەرە گڤەکەی لە تۆپەڵە گژوگیایەکدا مەڵاس دابوو، لە دڵی خۆمدا وتم:

- کێ ئەتوانێت دەستی پێرابگات، لەو شوێنە سەخت و عاسییەدا!

پڕ بە گەرووم هاوارم کرد:

- میمی، میمکە خێر لە خۆنەدیوەکەم!

دەنگم لە تەواوی کەڵۆزەکەدا دەنگی دەدایەوە. دوو هاوڕێکەم شۆك گرتبوونی و بە چاوی زەق و دەمی داچەقیوەوە، هەر تەماشایان دەکرد و نووتقیان لێوە نەدەهات. لە پڕ یەکێکیان دەستیکرد بە باخەڵیدا و بەدەم دەرکردنی قورئانێکی بچووکەوە، بە زمانی شکاو و سیمای پڕ سام و ترسەوە وتی:

- تەنها مەگەر خودا بۆ خۆی فریای ئێمە و ئەویش بکەوێ.

هێند پەشۆكاو بوو، لە بری خوێندنی سورەتی یاسین، بە رێكەوت چووە سەر سورەتی ئەنفال و هاواری كرد:

- یسئلونك عن الانفال قل الانفال لله والرسوله وان كنتم مومنین...

هەر بە بیستنی وشەی ئەنفال و ئایەتەكە، لەرز و جوڵەیەك كەوتە میمكم، سەری لە پووشەكە هێنایە دەرێ و ئاوڕی بۆ لای ئێمە و دەنگی هاوڕێ قورئان خۆێنەكەمان دایەوە. روویەكی ترسناك و سامناك و تۆوڕە، بە هەموو هێزی خۆیەوە زریكاندی! هێندە توند و بەرز قیژاندی، لەرزی خستە زەوی ژێر پێمان. هەرسێكمان بە تەوژمی زریكەكە كەوتین بە زەویدا و توند گوێیەكانی خۆمان گرت. وڕ و كاس، هەرچی پەلەوەر و باڵندە هەبوو، لە تاو زریكە بەرزەكە هەڵفڕین. من كەوتبوومە سەر ئەژنۆ و بە هەر دوو دەست، توند گۆێیەكانم گرتبوو. بە چاو لەو بوونەوەرە بە زریكەم دەڕوانی كە وەك شووتی ئاگاداركردنەوەی هێرشی فڕۆكە بێوچان دەیقیژان. تا لە ناكاو هەردوو دەستی لە رەوەزە سەخت و لووسەكە ترازا و بە پشتدا شۆڕ بووەوە. دواجار خۆی پێنەگیرا، بە دەمی پڕ فیزاحەوە و لەسەر سەر، بەرەو خوار ترازا و تیژ و پڕ هاوار، كەوت بە تاشە تاوێرێكدا و پڕشاڵ پڕشاڵ بوو. ئێسك و خۆێنی پژا و وەك بلوورێك بووە هەزار پارچەوە. هەستام و بە هەنگاوی لەرزۆك و چاوی ئەبڵەق و دڵێكی پەرێشانەوە، لە تاشە تاوێرەكە نزیكبوومەوە. بینیم پارچە گۆشت و ئیسك و

دڵـۆپە خۆێنەکـان لە جـوڵەدان و لەبەر یەك هەڵدەوەشـین! چاوەکـانم هەڵگلۆفـت، سـەرم بـردە نزیکتـرەوە، تەزووی تـرس سـەراپای جەسـتەی تەنـیم! بینـیم پارچەکـانی لەشـی مـیمکم دەبــن بە مێــروو، رێــك دەبــوون بە زیکــزیکە، زیکزیکەی هەمەڕەنگ، سەوز و سوور، زەرد و ئـاڵتونی و خۆڵەمێشی...

هەزاران زیکزیکەی باڵ ئـاوی، بەسـەر تاشـە تـاوێر و سەر زەوییەکەوە لە جووڵەدان و بـاڵ لێکدەدەن. هەزاران زیکزیکەی رەنگاوڕەنگ کە لە جەستە و رۆحـی تێکشکاو و هەلا هەلای ئەوەوە خولقـابوون. فـڕین و بەدەم زیـکە و زریــکەوە، بەرزبــوونەوە و لە دەمـــی کەڵــۆزەکەوە، بە هەموو لایەکدا پەرش و بڵاوبونەوە...

-٧-

# کێڵگەی دڕك، زریکەی ئەبەدیی میمکم

لەگەڵ زیـــکەی زیکزیکەکـــانی گەرمەســـێردا، هەوا دەگری و زەوی هەڵدەقرچێ و تلۆق دەکات. ڕەنگە لەگەڵ زریکەی ئەواندا لە شوێنێکی ئەم گێتیەدا، لافاو هەستێ. لەگەڵ جوڵەی باڵیاندا، لە زەریایەکدا تسۆنامی ڕوودەدات. لەگەڵ جووڵەی قاچیاندا جەنگێك لە باکووری دوور، یا

باشـووری دوورتـر هەڵگیرسـێ. کە چاوانیـان دادەخەن، رابـردوو پـڕ تـف و شـەرمەزاری دەبێـت. کە تـووڕەش دەبن، ئایندە پڕ تیرۆر و تۆقاندن دەکەن.

ئەمێستا من گوێ لە چیرۆکەکانی نێو زریکەی ئەوان دەگرم. لە هەر بنچکێکەوە دەنگی ئەوان ببیستم، دەچم و گوێ رادەدێرم. چیرۆکی زریکەی ئەوان هەرگیز کۆتایی نایات، ئەبەدیی و نەمرن. ئێستا کە ساڵانێکی زۆر بەسەر بە زیکزیکەبوونی میمکمدا تێپەڕیوە. روداوگەلی گرنگ، جەنگی گەورە و کارەساتی جەرگبڕی زۆر روویداوە. دواجار شەڕی کەنداو سەری رژێمی سەدامی خوارد، ئەمەریکا هات و عێراقی داگیرکرد. سێ ساڵ دواتر و لە رێی شەبەنگێکی پێچەوانەی رووەو ئاسمان، کە لە دارخورماکانەوە دڕی بە ئاسمان دەدا، شوێنی دیکتاتۆری عێراق دۆزرایەوە و دەستگیرکرا. پاش دادگایی کردنی لە پای ئەو هەموو کۆمەڵکوژی و تاوانانەی دژ بە خەڵکی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و جیهان ئەنجامی دابوو. لە بەرەبەیانی جەژنی قوربانـدا، کرا بە قوربانی و لە سێدارەدرا. ئەوانی لە کاتی لە سێدارەدانەکەیدا ئامادە بوون، وتیان لە کاتی کەوتنی جەستەی دیکتاتۆر بە کۆنکرێتەکەدا، تەرمەکەی هەپرون بە هەپرون بووە و بووەتە هەزاران پارچەوە، لە هەر پارچەیەکیشی توولەمارێک، یا دووپشکێك خوڵقاوە و بە کون و کەلەبەرەکانی پایتەختدا پەرشوبڵاو بوونەتەوە.

ئێستا کە من لە نێو هەرد و پێدەشتەکانی گەرمیاندا، لە ژێر تیشکی گەرم و سووتێنەری خۆردا، بنچك بە بنچك عەوداڵی چیرۆکی زیکزیکەکانم. هەواڵێك هەیە پاش هێرشی دووپشکە رەشەکانی جەستەی دیکتاتۆر بو سەر کوردستان. پیرەپیاوێکی شەنگالی، لە چیاوە خۆی هەڵدێراوە، لە جەستەی تێکشکاوی هەزاران هەزار زیکزیکە خولقاون و بە پێدەشتەکاندا هەڵفڕیوون.

من منم، سێبەری زەبەلاحی خەمێکی قووڵ، لە نێو باخچەی دڕکدا، لە نێو بنچکی کزکزە و قڵەناشك، کەرتەشی و دڕکەزی و پێکوڵەدا. لە ژێر تیشکی تیژ و گەرمی خۆری گەرمەسێردا، حاڵ پەشێو و دەردەدار لەم بنچکەوە بۆ ئەو بنچك دەگەڕێم و گوێ هەڵدەخەم. منی پیری سەر و ریش ماشوبرنجی، منێك کە هەست ئەکەم خەریکە سات دوای سات دەبم بە زیکزیکە، هەمیشە لە سەرمدا زیکەزیکەیەك هەیە و ئازارم دەدات. منێک وەک خۆڵەمێشی قوربانییەکان، لە سەرەوە خامۆش، لە خوارەوە ژیلەمۆ.

پاش سی ساڵ لە ئەنفال و یانزە ساڵ بە زیکزیکە بوونی میمکم، ماندوو و مردووی دوای ئەو هەموو جەنگە خوێناویانە، ئەوەتام لە نێو کێڵگەی بەرفراوانی دڕکوداڵدا. دەرۆزەی چیرۆك دەکەم. لە هەر لایەکەوە گوێ بیستی زریکەیەك بم، نەرم و لەسەرخۆ بۆی دەچم و بەدەم گوێگرتنەوە، ورد ورد دەینووسمەوە. دوای ئەو هەموو زەمەنە، هێشتا پێموایە دوێنی، یا ئەم بەیانییە،

میمکم بووه به زیکزیکه. ئێستا ئیتر هیچ شتێك لەو شکۆمەندییە و لەو ڕۆحە پاکە، لەو دڵە نایابەی نەماوەتەوە. تەنیا و تەنیا ئەم زریکە بەرز و زۆرە نەبێت، کە لە توێی ڕاستییەکانی بوونی ژیاندا خۆی حەشارداوە، لە نێو دڕکە تیژەکاندا.

هەندێ جار لە گەرما و بێزاریدا، دەمویست و بیرم لەوە دەکردەوە بە پێڵەقە هەرچی زیکزیکە هەیە بە قاچەکانم بپلیشێنمەوە و بۆ ئەبەد لە ناویانبەرم. تا لە یادکردن ببێتە چارەنووسی هاوبەشی نێوانمان، بەڵام ئەمە مەحاڵە. ئەم دەنگە، تازە ئاوێتەیەکە لە بوون و نەبوون، دەنگێکە بە نێو ڕۆحدا گوزەر دەکات. هێندە روون و کاریگەرە و بەرزە، هەر دەڵێیت بریسکەی ئاڵتوونە. ئەڵێی ڕۆچوونی خەنجەرە بە گۆشت و خوێنی قوربانیدا! زریکەیەکە نەفرەت و ڕقی هەموو مێژووی بندەستی ئەم خاکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. دەنگێك کە دەیەوێت هەموو زەمین بە مرۆڤەکانەوە، بە بەها و سەرچاوەی ئیمانیانەوە نغرۆ بکات.

لە نێو ئەم دڕکە تیژ و گەرم و تۆز لێنیشتووانەدا، هەزاران زیکزیکەی ڕەنگ ژەنگاوی و پرتەقاڵی، خەنەیی و ئاویی و نیلی و ئاڵتونی، بەردەوام و بۆ ئەبەد چیرۆکی خۆیان بە گوێی دنیادا دەدەن. چیرۆکی زریکەی ئەبەدیی میمکم و سەر زەمینی میمکم. سەرزەمینی چیرۆکی مەرگ و ئەنفال، سووتان و خیانەت.

ئەوەتـــام بمبيـــنە، لە نێـــو هەوای گەرم و پێدەشـــتی ســـووتاوی گەرمیانـــدا، بە تەنیشـــت بـــنچکە دڕکێکـــی کەرتەشـــییەوە ڕۆنیشـــتووم و گـــوێم داوەتە زیکزیکەیەکـــی ڕەنـــگ شـــەرابیی. لەگەڵ گەرمبـــوونی هەوادا، زریـــکەی زیکـــزیکەکە، تونـــدترو بەرزتـــر دەبێـــت. زریکەیەکـــی ئەبەدیی، پڕ ناڵە و قریشکەی مرۆڤ. هەم گوێ دەگرم و هەم دەینووسمەوە... ززززززززززززز...

# شەرابیی

# تریفەی مانگەشەو، جەستەی پڕ گوڵ و گەڵا

پاش سێ مانگ لە شووکردنی (تریفەی مانگەشەو) بێوەژن کەوت و تەرمی پیاوە سەربازەکەیان لە تابووتێکی بە ئاڵا داپۆشراودا بۆ هێنایەوە. ئاڵایەك سێ دانە ئەستێرەی سەوزی پێوەبوو، وەك چۆن تەرمەکە، سێ کونی سووری تێدا هەڵکۆڵرابوو! سێ مانگ دواتر، ریش سپی و پیاوانی گوند، هاتنە لای (سروە بای بەرەبەیان)ی دایکی کوڕەی کوژرا و داوایان لێکرد:

- تریفەی مانگەشەو، هەم جەحێڵ و جوانە، هەم بێکەس و بێدەرەتانە، تۆش خودا نەیبڕێ کورێکیترت ماوە، گەرچی هەرزەکار و ناکامڵە، بەڵام خۆ سبەی هەر دەبێت ژنی بۆ بێنی. بۆ ئەوەی وەجاخی ماڵەکەش نەکوژێتەوە، هاتووین هەر ئەمڕۆ تریفەی مانگەشەو، لە (دارۆی لەپڕەنگین) مارەبکەین. بەم کارە هەم ئێوە و هەم ئێمەش خاترجەم دەبین.

دارۆی لەپڕەنگین، ئەو مێردمندالە شەرمن و دوورەپەرێزەی زۆربەی ژیانی لە ژوورێکدا، بەدەم وێنەکێشانەوە بردۆتەسەر. بێئاگا لە دنیا، بە زۆر هێنایان و

دەستی ڕەنگاوڕەنگیان بە زۆر خستە نێو دەستی نەرم و ناسکی تریفەی مانگەشەوی براژنی و کردیانن بە ژن و مێردی یەکتر. هەر هێندە و دارۆی لەپڕەنگین لە پڕمەی گریانیدا و خۆی هاویشتە کۆشی دایکییەوە. دیمەنەکە بووە مایەی قاقای پێکەنینی پیاو ماقووڵانی گوند و بەدەم هەڵقوڕاندنی (چا)وە هاواریان کرد:

- پیرۆزە، ئینشائەڵا پێکەوە پیروخەڕۆ دەبن.

ڕۆژانی دواتر خەم و تەنیایی و گریان، باڵی کێشایە سەر ماڵەکە. لەپڕەنگین بێئاگا و دابڕاو لە دنیا، لە ژوورەکەی خۆیدا، بە قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگەکانی وێنەی جەنگ و مردن و مرۆڤی تەنیای نێو چەکی دەکێشا. دایکی بەسەر بەرماڵەوە دەگریا و یادەوەری کوڕە تازە زاوا کوژراوەکەی، وەك تۆپەڵە دڕکی تیژ بە خوێنی جەستەیدا دەگەڕا و ئازاری دەدا. تریفەی مانگەشەویش، بووکی سێ مانگە و بێوەژنی سێ مانگە و ژنی مێردمنداڵێکی بێهەست و بێ ڕۆحی ئێستا، ڕۆژ دوای ڕۆژ کز و لاواز و بێ ڕەونەق دەبوو. مێردمنداڵێکی دوورەپەرێز و نەخۆش، چۆن ڕامدەکرێ و پەلکێشی نێو شەهوەت و پیاوەتی دەکرێت. ئەمێك تەڕ و پڕ هەست و شەهوەت، خاوەن جەستەیەکی گەرمی تینوو بە ئاو، منداڵێکی نەزان چی لێبکات! کە نازانێت دەست بۆ میوەی گەییو و پڕ لەزەت بەرێت. منداڵێك هەر کە خۆی دەکات بە ژوورە پڕ پەڕەی ڕەنگاوڕەنگی پەرشوبڵاویدا، چاوی دادەخات، لە شەرم و ترسدا، سوور سوور هەڵدەگەڕێت.

نیوەشەوێك تریفەی مانگەشەو، ئاڵوشی تێبەردەبێ و تەزووی لەزەت هرووژمی بۆ دێنێت. بەسەر جێگاکەیەوە تەپاوتلێتی، حەزی باوەشێکی گەرم حاڵی لێهێناوە. بە تاریکییەکەدا، نەرم و پڕ تامەزرۆ و حەسرەتی جەستەی پیاو، دەچێت و خۆی دەخزێنێتە نێو جێگای گەرمی لەپڕەنگینەوە، کە لە خەوی قووڵی خوێدا نغرۆیە. توند لە دواوە باوەشی پێدا دەکات و دەیگوشێت بە جەستەیەوە، قاچی دەخاتە نێو هەر دوو رانی گەرم و داخبووی خۆیەوە، مەمکەکانی لە پشتی گیر دەکات و دەستی دەباتە نێو سنگی کوڕەوە کە بەدەم خەوەوە هاواری دایکی دەکات و منجە منجێتی. تا لە پڕ رادەپەڕێ و بە بینینی سینگ و مەمکە سپییەکانی تریفەی مانگەشەو، زووڕە زووڕ دەست دەکات بە گریان و ماڵەکە پڕ لە دەنگی نەشازی فیغان دەکات. ژنە دەحەپەسێ و جەستەی گڕگرتووی سارد سارد دەبێتەوە. لە ژوورەکەی ئەودیویشەوە، خەسووی هاوار دەکات:

- تریفە، کچم واز لە منداڵەکە بێنە، کچم ئەو هێشتا کاڵفامە بۆ دەستبازی، هێشتا ماوێتی.

تریفەی مانگەشەو، دەچێتە بەرهەیوانەکە و لە ژێر تیشکی مانگەشەوەکەدا، لە پرمەی گریان دەدات. بۆ بەختی رەشی خۆی، شیوەنێك سازدەدات و بەدەم گریانەوە هاوار دەکات:

- ڕەنج بە خەسار خۆم، ئەی من چیبکەم؟! ژنێتیم لێی دەڕژێت، من چی لە منداڵێکی نەزان و بێهەست و حەز بکەم، بۆ دیلی ئەم قەدەرەتان کردم؟

سروەبای بەرەبەیان. هاتە لایەوە، بەدەم سڕینی فرمێسکەکانییەوە باوەشی لێدا و چرپاندی بە گوێیدا:

- کچی خۆم، هەوڵدە وردە وردە فێری بکە، ڕێگەیەك بدۆزەرەوە کە بەر تامی لەش و لارت بکەوێ. تەنها یەکجار تام و بۆنت بکات، ئیتر دەستەمۆت دەبێت و لێتنابێتەوە. بەڵام کچم سەبرت هەبێ، هێواش و لەسەرخۆ فێری خۆتی بکە.

سبەی نیوەڕۆ، تریفەی مانگەشەو، خواردنی بۆ لەپڕەنگین برد و لە بەرامبەریدا دانیشت و وتی:

- تا تۆ نانەکەت دەخۆی، دەیەڵی منیش وێنەیەك بنەخشێنم؟

لەپڕەنگین سەری داخست و کەوتە نانخواردن. تریفەش بە قەڵەم بۆیە و باستیلەکان کەوتە ڕەسمکردن.

لە ژێر درەختێکی سەوزدا، کچ و کوڕێکی نەخشان دەستی یەکتریان گرتبوو. پاشان بازنەیەکی کێشا و بە ڕەنگی زەرد پڕیکردەوە، بە دەوری بازنەکەشدا هێڵی شێوە تیشکی بۆ دروستکرد. لەپڕەنگین بەدەم جووینی تیکەکەی نێو دەمییەوە، زەق زەق لە وێنەی ژنەکەی دەڕوانی. دواتریش کاتێ چای بۆ هێنا. لە پەڕەیەکی تردا ژن و پیاوێکی ڕەسمکرد کە باوەشیان لە یەك دابوو، دەمیان خستبووە نێو دەمی یەکتر.

رۆژانی دواتر پێکەوە وێنەیان دەنەخشاند. کوڕە وێنەی تانك و جەنگ، فڕۆکە و چەکدار، ژنەش وێنەی باران و خۆشەویستی و سێکسی دەنەخشاند. شەوێك تریفەی مانگەشەو، سێتی ئارایشتەکەی خۆی هێنا، لە بەردەم لەپڕەنگین داینا و پێی وت:

- ئەم رەنگانە جوانتر و رەونەق دارترن بۆ رەسمکردن. چراکەی زیاد کرد و ژێرکراسە تەنك و گوڵدارەکەی لە خۆی داماڵی. لە بەردەم پیاوە بچکۆلەکەیدا و بەسەر پەڕە پڕ وێنە رەنگاوڕەنگەکاندا راکشا. جەستەیەکی سپی و پڕ شەهوەت، نەرم و گەرم، دوو قاچی لووس و پێکەوە لکاو، دوو دەستی کراوە، لە ژێر کاریگەری تیشکی چراکەدا، دەبریسکایەوە. دوو مەمکی توند و قوت و پڕ، لەش و لارێکی سفت و لووس، رێك و وردیلە، بە چاوی داخراوەوە، بە دەنگێکی کز و ناسك و وروروژێنەر وتی:

- دەی لەپڕەنگین، تاقە پیاوی گەورە و جوانی من، لەسەر جەستەی من وێنە بکێشە.

کوڕە حەپەساو و سەرسام هەر تەماشای دەکرد. نووتق و جووڵەی لە خۆی بڕیبوو! شڵەژاو و ترساو دڵی بە کوتەکوت کەوتبوو. ژنە قەڵەم رەنگێکی سووری خستە دەستییەوە، رایکێشایە سەر سنگی نەرم و گەرمی، دیسانەوە چاوەکانی لێکنا، بە چرپەی تام و لەزەتەوە وتی:

- جەستەی من لە لاپەڕەکانی تۆ سپیتر و ناسکترە، بەرگەی وێنەی جەنگ و چەك و فیشەك ناگرێ. ئەو

شتانە پێستی ناسکم ئەڕوشێنێ، وێنەی گوڵ و درەختم تێدا ڕەسم بکە.

توند سلەبۆیەی نێو دەستە چکۆلانەکەی بەسەر سنگ و سك و نێو ڕانە گەرم و پڕەکانیدا دەهێنا و دەبرد. تەزوویەکی بە لەزەت و گەرمیش هەر دووکیانی هێنابووە جۆش. لەپڕەنگین، لە نێوان دوو مەمکە خڕ و بەرزەکەوە، هێڵێکی سووری بەرەو خوار بۆ نێو دوو ڕانی کێشا. پاشان بە دوو هێڵی سەوز، هەردوو مەمکی لکان بە لقە سوورەکەوە، دوو گوڵی زەردیشی لە مەمکەکانی نەخشان. دوو دەستی سپی هەر دوو شانی کوڕەی گرت و کێشای بەسەر جەستەی داخبوو و رووتی خۆیدا، توند توند گوشی بە خۆیەوە. لەپڕەنگین مت و ئارام، چووە حاڵەتی کۆماوە.

پاش سێ مانگ لە شووی دووەمی، ئەوە یەکەم جار بوو لە ماڵەکەدا دەنگی بە سۆزی تریفەی مانگەشەو، لە کاتێکدا بە خاولییەکی پەمەیی ڕەنگ، پرچی ڕەشی درێژی خۆی وشك دەکردەوە، لە ژێر لێوەوە گۆرانی بڵێت.

ڕۆژان و شەوانی دواتر، جوانتر و خۆشتر بوو، ئیتر هەر کات بیویستایە رووت رووت خۆی دەکرد بە ژووردا و لەبەردەم پیاوی بچکۆلەی خەونەکانیدا رادەکشا. ئەوەتا بێدەنگ لە ژێر تیشکی چراکەدا، جەستەی پەژموردەی لەسەر سك لە بەردەمیدا کەوتووە. گووپی کەوانەیی، قوونی خڕ و بازنەیی، هێندە ئەفسووناوی بوو!

لەپـڕەنگین بەر لە هەر شــت، دەسـتی بە قەوســی پـڕ و نەرمـی گـووپە قوونەکانیـدا دەهێنـا و دەبـرد. جارجـارەش تونـد تونـد دەیگوشـین. بە هەمـوو تەمەنــی دەسـتی بەر گۆشتێکی هێندە سپی و نەرم و گەرمدا نەهێنـابوو. لەرز و تەزوو بە لەشی خاویدا بڵاوبووەوە. دەستی بردوو فڵچەی سێتی ئارایشتەکەی هەڵگرت و لە رەنگەکانی هەڵکێشا. بە لاملی درێژی تریفەوە، باڵندەیەکی نەخشـان، باڵندەیەك کە باڵەکانی کردبوەوە و دوور و بەرز دەفڕی. لە نێوان هەر دوو شانیدا، چەند گوڵە سەوسـەنێکی رەنگـاوڕەنگی رەسم کرد. بە گەڵا و گوڵ، هێدی هێدی رووەو خوار بە پشتیدا هاتە خوار، بە سەر گووپە نەرم و بەرزەکانییەوە، باڵندەی دەنووك تیژ و گەڵای شەرابی و پەمەیی و ئاڵتوونی کێشا. لە نێوان گوڵ و باڵندە و گەڵا هەمەڕەنگە تێکچڕژاوەکاندا، شـوێن پەنـجەی ورد و خـڕی لەپـڕەنگین، چەشـنی دڵـۆپە ئـاوڕنگی بەرەبەیـان دەبینـرا. لە هەمـوو ئەو مـاوەیەدا، تریفەی مانگەشەو وەك پشیلەیەکی دەستەمۆی بەناز، خـپ و مــات چــاوانی لێکنــابوو. بێجــووڵە لە دنیــای لەزەت و موچڕکە و خۆشیدا غەرق ببوو. تـا ئەو سـاتەی هەناسـەی گەرمی لەپڕەنگین بە گوێی چکۆلانەیدا چپاندی:

- بکەوەرە سەر پشت.

دەستەکانی لە رەنگدا غەرق کرد و ژنە هێواش هێواش وەرچەرخـاو رووی تێکـرد. تونـد و پـڕ هەر دوو مەمـکە بەرزەکانی هەڵگلۆفی. ئیدی مەمکەکـان دوو سێو، یـا دوو هەرمێ، یا دوو بەهێ بوون، لە نێویاندا رووبـارێکی شین

کاڵ بەرەو خوار دەڕژا، بۆ نێو زێی ژیان. ئەوە یەکەم جار بوو لەپڕەنگین دەستی بە کانی ژیان تەڕ ببێ. کانییەك دوکانی توحەف کانی حەیا کانی بەقابێ، قوبەی لە قیبابی نوقەبا بێ نە قوپا بێ.

ڕۆژی دواتر، سێ کەس بێدەنگ دەگریان، قوڵپ قوڵپ دەگریان و فرمێسکیان دەڕشت. سروەبای بەرەبەیان، بەسەر بەرماڵەکەیەوە دەگریا. تریفەی مانگەشەو، بە دیار ئاوێنەیەکەوە کە تەڵخ و ناڕوون بوو دەگریا. لەپڕەنگین بە دیار وێنە پڕ خوێن و پیاوە چەك لە شانەکانیەوە دەگریا.

عەسرانێك کە گوندەکە پڕ جریوە جریوەی چۆلەکە بوو. تریفە لە بەردەم پیاوە نەفامەکەیدا بە چۆکدا هات، بە مەکر و نازی ژنانەوە بە گوێیدا چرپاندی:

- ئەیەڵێت منیش لەسەر جەستەی تۆ وێنە بکەم؟

لەپڕەنگین هیچی نەوت، ئەویش خێرا کەوتە داماڵینی جلەکانی و رووت رووتی کردەوە. جەستەیەکی لەڕو لاواز، گەنم ڕەنگ، تەنها سیمای نەبێ کە لە شەرماندا سوور سوور هەڵگەڕابوو. وەك پشیلەیەکی کێوی بە هەر دوو دەستە ناسکەکانی کە ڕەنگیان لێدەچۆڕا، کەوتە گیانی مێردمناڵەکە و لە ڕەنگی هەڵکێشا. کردی بە ڕەنگاڵە، بە پەلکە زێڕینەی پاش بارانی بەهار. کوڕەش دەستی پڕ ڕەنگی خستە سەر قوبەی مەمکە توند و سپیەکانی ژنە، توند هەڵیگڵۆفتن. یەکتریان بە ڕەنگ سواغدا، بوون بە دوو تاوس، دوو پەپولەی باڵنەخشین. وەك گەڵا و گوڵ تێکچڕژان، بە ژوورەکەدا و بەسەر پەڕەی وێنەکاندا

کەوتنە تەپاوتل. هەناسە بڕکێ و ئاخ و ئۆفیان بوو، ببوون بە یەك جەستە بە چوار دەست و دوو سەرەوە. پاش قەدەرێك ماندوو ماندوو، لەسەر پشت کەوتن و گوێیان دایە جریوەی چۆلەکەکانی نێو دارتوی حەوشەکە.

شەوێکیتر، شەوێکی مانگەشەو، تریفەی مانگەشەو هات و لە بەردەم لەپڕەنگیندا بە چۆکدا کەوت و کەوتە داماڵینی کوڕە لە جل و بەرگەکانی. رووت و راست لە بەردەمیدا وەستا بوو. تریفە دەستی خستە نێو ڕانیەوە، نەرم و لەسەرخۆ دەستی دەهێنا بە گوون و کێریدا کە وەك بەچکە کۆترێکی گەندەموو چکۆڵە و نووستوو بوو. فلچەی ئارایشتەکەی لە رەنگی رەش هەڵکێشا، بەسەر هەر دوو گونییەوە دوو پنتی رەشی نەخشان و وتی:

- ئەمە دوو چاوی کۆترەکەیە.

پاشان کێری کە وەك نێرکە پیازێکی ناسك، رەپ و هەستاو بوو، بە رەنگی سوور سواغدا و وتی:

- ئەمەش دەنووکی سووری کۆترەکەمانە.

تریفە لەسەر پشت راکشا و هەردوو رانی کردەوە:

- دەی با یارییەکەمان دەس پێبکەین. بە قەستی کۆترەکە تینوویەتی، ئێستا با بێت لەم کانییە روونەی نێو دوو چیا سپییەم ئاو بخواتەوە. دەی کۆتر گیان بفڕە سەر کانی.

کۆتری دەنووك سووری گۆێڕایەڵ لە شەقەی باڵیدا و لەسەر کانییەکە هەڵنیشت. کانییەك کە دەوری بە ئەنواعی گوڵ و مڵ خەملابوو، چوزەرە رێواسی تێدا روابوو، بەو

چوزەرە رێواسە کەمێکی قڵەشابوو. سروشتی کانی وایە، تینووەکان رادەکێشی. دوو دەست کەمەری لەپڕەنگینی راکێشا، سوورە دەنووکی کۆتر چوو بە قڵشتی کانییەکەوە. هێندە تینوو بوو، لەسەر یەك تەکانی دەدا و دەیویست قووڵتر و قووڵتر رۆبچێت. ئاخ و ئۆف، ناڵە و نرکە ئاوێتە بوو بە تەزووی لەرز و لەزەت، بە موچڕکەی ئەفسووناوی ژیان. کاتێکیش دەنووکی کۆتر هاتە دەر، دڵۆپە ئاوی سوورباوی ژیانی لێدەچۆڕا، دڵۆپ دڵۆپ دەڕژایەوە نێو قڵەشتی کانییەکە.

سەرەتای ئاشنا بوون، لە زەتبردن بە جەستەی یەکتر و دۆزینەوەی نهێنیەکانی سێکس و خۆشەویستی دۆزرایەوە. یان رەوتی خۆی گرت. ئیتر هەموو شەوێك تا بەرەبەیان لە باوەشی گەرمی یەکدا دەنووستن. تا سێ مانگ، تریفە کێری کوڕەی رەنگ رێژ دەکرد و دەیوت:

- ئیتر لەشم شوێنی رەسمکردنی تری تیا نەماوە، ئیتر کاتی وێنەکێشانە لە ناخ و ناو سکمدا.

پاش سێ ساڵ، تریفەی مانگەشەو دووگیان بوو، رۆژ دوای رۆژ سکی بەرزتر و گەورەتر دەبوو. لەپڕەنگین بەسەر سکی ژنەکەیەوە وێنەی پەلکە زێڕینەی دەنەخشاند، پەلکەزێڕینەی سەر قەوسی سکەکە دەدرەوشایەوە. بە دەنگی پڕ عشقیشەوە جار جار دەیگوت:

- ئەگەر کچ بێت، ناوی دەنێین پەلکەزێڕینەی کوردستان.

تریفەش بە دوایدا دەیگوت:

- ئەگەر کوڕیش بوو، ناوی دەنێین ڕەنگاڵەی گەرمیان.

لە پاش سێ سێ مانگی، لە دوو گیان بوونی ژنە. دەحام و عەجاج و دەجالانی بەعس، شاڵاویان هێنا و گوندەکەیان ئەنفال کرد. لە سێ سێ ڕۆژی دواتریشدا، خەڵکێکی زۆری گوندەکان، پەستێنرابوونە چاڵێکی گەورەی نێو دڵی بیابانی باشوورەوە. لە نێو چاڵە قووڵەکەدا، قریشکە و هات و هاوار، گریانی ژن و پیاو و منداڵانی نێو چاڵەکە دەگەیشتە قووڵایی ئاسمان. لەپڕەنگین و تریفەی مانگەشەو، باوەشیان لە یەك دابوو. تریفە لە ژێر کاریگەری پاڵەپەستۆ و بەرکەوتنی ئەوانی ترەوە، کەوتبووە سەر ژان و پڕ بە بیابانەکە دەیقریشکاند، زریکەی ئاوێتەی دەنگگەلی تر دەبوو:

- یائەڵڵا... یا شێخ محێدینی عەرەبی... یا عەلی... یا شێخ حەسەنی قەرەچێوار...

ئەو ئێوارەیە، نە خودا و نە کەس نەبوو بە فریایان بکەوێت. ئەوەی لەوێ بوو، تەنها بەعسییەکان بوون کە یەکێکیان بە جلوبەرگە زیتوونییەکەیەوە، بۆ کات بردنەسەر و پێڕابواردن، بە مشت لمی داخ بووی بەر خۆرەتاوی دەڕشت بە سەریاندا و قاقا پێدەکەنی! تا شۆفڵەکان کەوتنە کار و بە قەپاڵی پڕ و گەورە، چاڵە پڕ مرۆڤ و پڕ گریان و فیزاح و ڕۆحە تۆقیوەکانیان پڕ کردەوە. دەم و قوڕگ و سییەکانیان، پڕ کردن لە لم و زیندە بە چاڵیانکردن.

پاش خۆر ئاوابوون، بیابانەکە کڕ و تاریك داهات، تاریکییەك، تۆخ و رەشتر لە بەخت و چارەنووسی کوردە زیندە بەچاڵکراوەکانی هەناوی زبر و گەرمیدا.

کاتێ شەوی ئاوس بە تاوان لە نیوە لایدا. چرۆی رووناکییەك، ناسك و باریك، وەك لاسکی چڵە گیایەك لە لمی سەر گۆڕە بە کۆمەڵەکەوە دەرهات. هێڵێکی باریکی رووناکی، پڕ رەنگ، نەرم نەرم باڵای کرد و پەلوپۆی بە فەزا تاریکەکەدا هاویشت. تا هێدی هێدی بوو بە کچۆڵەیەك، کچۆڵەیەکی فریشتە ئاسا، پرچ شۆڕی رەنگ روون و تیشك هاوێژ، چەشنی خۆری گەشی جۆزەردان. کچۆڵەکە، بە جووڵە کەوت و بە بازنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەدا کەوتە سەماکردن. تیژ و پڕ جووڵە و ئازاراوی، سەمایەکی شێتانەی کرد. وەك بێچووە مامزێك قەڵەمبازیدەدا، جەستە و دەستەکانی لە تاریکییەکەدا سووڕ دەدا، لەگەڵیدا رووناکی لێدەڕژا! دواجار وەك نەیزەکێك بەرەو باکوور کشا و بە دوای خۆیدا، راستە هێڵێکی پەلکەزێڕینەی بەجێهێشت.

کۆتایی
٢٠١٧